دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٣١
یەکشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٤
١٩ی فێوریەی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## تەلەڤزیۆنی تیشك "TISHK tv" بە زوویی پەخشی ئەزموونیی خۆی دەست پێدەکا

ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی ڕێبەندان (١٥ی فێوریەی ٢٠٠٦) تەلەڤزیۆنی تیشك لە ڕاگەیەندراوێك دا مزگێنیی بە بینەران دا کە بەزوویی پەخشی ئەزموونی خۆی دەست پێدەکا.

بینەران‌و ئۆگران بۆ بینینی "TISHK tv" دەتوانن سەرنج بدەنە ئەم زانیارییانە:

Satallait: Hotbird-4
Frequency: 12692 MHz
Polarization: Horizontal
Symbol Rate: 27500
FEC: 3/4

# ڕێکخەری سەرەکیی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە تاران، کۆماری ئیسلامییە

ڕێکخەرو هاندەری سەرەکیی هێرش بۆ سەر سەفارەتخانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە تاران بە بیانووی بڵاوبوونەوەی کاریکاتۆری پێغەمبەری ئیسلام لە ڕۆژنامەیەکی دانمارکیدا، کەس نیە جگە لە دامەزراوەکانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

هەتا ئێستا سەفارتخانەکانی دانمارك، ئینگلیس، فەرانسەو ئوتریش لەگەڵ شاڵاوی حیزبوڵڵاییەکان بەرەوروو بوون. قسەو لێدوانەکانی ژمارەیەك لە هەڵسووڕێنەرانی دامودەزگا سیاسی، ئەمنییەتی‌و ئینتیزامییەکان بە مەبەستی بەڕێوەچوونی ئەمجۆرە هێرشانەو پاساودانیان لەلایەك‌و بێ تەفاوەتیی پۆلیس‌و هێزە ئینتیزامییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پەلاماری حیزبوڵڵاییەکان، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە وەڕێخستنی ئەم جۆرە جموجۆڵانە، لە لایەکەوە دەیانەوێ تۆڵە لەو وڵاتانە بستێننەوە کە دەنگیان دا بە ڕەوانەکردنی ڕاپۆرتی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، لە لایەکی دیکەشەوە دەیانەوێ هەستی خەڵکی موسوڵمانی ئێران بە مەبەستی هێنانیان بۆ سەر شەقام‌و "بەیعەت لەگەڵ نیزام" لە بیست‌و حەوتەمینساڵیادی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا‌و دژی وڵاتانی ڕۆژئاوا بورووژێنێ. ئەویش لە هەلومەرجێكدا کە ڕێژیم سەبارەت بە گاڵتەکردن بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پێوەندی لەگەڵ تێکۆشانی ناوکیی خۆی‌و داوای سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان‌و پشتگیریی تیرۆریزم لە ناوچەدا کەوتۆتە ژێر فشاری نێونەتەوەیی.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیم‌و تاقمە هاوبۆچوونەکانی خۆی، ئیسلام‌و پێغەمبەری کردوە بە ئامرازو کاریکاتۆرەکانی کردوون بە بیانوو تا لەو نێوەدا مەبەستە سیاسییەکانی خۆی بباتە پێش.



"سەردار تەلایی" ڕۆژێك بەر لە هێرشی حیزبوڵڵاییەکان بۆ سەر سەفارەتی ئینگلیس بەوانەی بۆ بێزاری دەربڕین لەبەر دەرکی سەفارتی دانمارك کۆببوونەوە، گوتبووی: "ئەگەر من ئەم بەرپرسایەتییەم لەسەر شان نەبا، وەك ئێوە لاوانی شۆڕشگێڕ، سەبارەت بە بێحورمەتی بە پێغەمبەر، خۆپیشاندانم دەکردو ئامادە بووم تەنانەت ئەگەر زیانیشم پێگەیشتبا، بچمە نێو ئەو سەفارتخانەیەو ناڕەزایەتیی خۆم بە گوێی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بێحورمەتیکەرە گەیاندبا". ماڵپەڕی: "ایران امروز"

## کردەوەی تیرۆریستیی کوشتنی کانی یەڵمازو سەردار قایا مەحکووم دەکەین

ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٤ی هەتاوی ـ ١١ی فێوریەی ٢٠٠٦ی زایینی، هەیئەتێکی پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی باکوور کە پێکهاتبوون لە "کانی یەڵماز"، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و جێگری سکرتێری گشتی P.W.D لە پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی کوردستان‌و سەردار قایا ناسراو بە "سەبری" کادری سیاسیی پارتی وڵاتپارێزی دێموکراتی باکوور لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا لە ناوچەی سلێمانی گیانیان لەدەست دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە تیرۆریستییەو ڕیسواکردنی هەر کەس‌و لایەنێك کە بە مەبەستی سیاسی ئەوجۆرە جینایەتانە دەخولقێنێ، سەرەخۆشی‌و هاودەردی لە بنەماڵەی بەڕێزان کانی یەڵمازو سەبری دەکاو، هەر لەو کاتەش دا داوا لە دەزگا ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) دەکا کە بەڕێوەبەرانی ئەو کردەوە تیرۆریستییە شناسایی‌و دەستگیر بکاو بیانداتە دەستی عەداڵەت.

**سکرتاریای کۆمیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/١١/٢٤**

خۆپیشاندان لە ماکۆ

## هێزەکانی ڕێژیم ١٣کەسیان کوشت‌و ٢٥کەسیان بریندار کرد



کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣٨٤/١١/٢٧، خەڵکی ئازادیخوازی ماکۆ، بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتی لە سیاسەتە سەرکوتکەرانەو دژی گەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر شەقامەکان‌و بە گوێرەی هەواڵەکان بەهۆی دەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیمەوە تا ئێستا نزیکەی ١٠ کەس لە خەڵکی ماکۆو ٣کەس لە خەڵکی شارەدێی "دۆڵەگەلی" کوژران‌و هەروەها نزیکەی ٢٥ کەس بریندارو ٧٠٠ کەسیش دەستبەسەر کراون.

خەڵکی ناڕازیی ماکۆ، بە گوتنەوەی دروشمگەلی ئازادیخوازانەو شۆڕشگێڕانەو دروشمی دژی خامەنەیی‌و ئەحمەدی‌نەژادو هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، هەڵگرتنی وێنەی شەهید دوکتور قاسملووو... ناڕەزایەتیی خۆیان لە بڕیارو کردەوەکانی ئەم دوایانەی ڕێژیم (نەناردنی سووتەمەنی بۆ ناوچەکە، دەرکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆی خەڵك لە نزیك سێ‌کیلۆمیتریی سنوورەوەو دەرکردنی بڕیاری مافی تەقەکردنی هێزەکانی ڕێژیم لەو کەسانەی کە هاتووچۆی سنوورەکان دەکەن) دەربڕی.
شایانی باسە کە لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا هێزە دژی‌گەلییەکانی ڕێژیم کە لەگەڵ شەپۆلی خرۆشاوی خەڵك دا بەرەوروو ببوون، لە کردەوەیەکی دڕندانەو ترسنۆکانەدا خۆپیشاندەرانیان دایە بەر ڕێژنەی گوللە.

هەروەها ئەم خۆپیشاندانەی خەڵکی ماکۆ، شارەدێی "دۆڵەگەلی"و شارۆچکەکانی "شوت"و بازەرگان"یشی گرتەوەو خۆپیشاندانی خەڵك لەم شوێنانەدا تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هەروا درێژەی هەیە. جێی ئاماژە پێکردنە کە لەنێو برینداربووان دا سێ ژن‌و منداڵێك دەبینرێن‌و هێزەکانی ڕێژیم (سوپا، بەسیج، هێزی ئینتیزامی‌و هێزی یارمەتیدەر لە ورمێ‌و تەورێزەوە) ناوچەکەیان بە توندی گەماورۆداوەو لەنێو شاری ماکۆش دا ڕەوشی نائاسایی‌و حکوومەت نیزامییان ڕاگەیاندوە.

هەروەها بەگوێرەی هەواڵەکان لە کاردانەوەی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ماکۆو دەورووبەریدا ٢کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژراون‌و ٢٠ دەزگا ماشێنیش ئاگریان تێبەردراوە. ناوی چەند کەس لە کوژراوەکان بریتییە لە:
١ـ عەلی کەریم زادە، کوڕی عومەر، ٢ـ بایرام، ٣ـ محەممەد، کوڕی میرزا، ٤ـ محەممەد ساکان، کوڕی عەبدولجەبار، ٥ـ هاوسەری حسێن محەممەدی، جنیکانلوو، ٦ـ ئیسماعیل دووکانلوو. کوردستان میدیا، ١٣٨٤/١١/٢٩

بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی لە پێوەندی لەگەڵ ناردنی ڕاپۆرتی دۆسیەی ناوکیی ئێران بۆ ئەنجومەنی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢
وتووێژی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەڕێز کاك حەسەن شەرەفی ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
کاریکاتۆرگەلێکی ئاژاوەخوڵقێن‌و ڕێژیمگەلێکی ئاژاوەگێڕ ٥
بەبۆنەی شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە ٩
بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ١٠
وتووێژ لەگەڵ دوکتور ڕۆئیا تلووعی ١١

کاندولیزا ڕایس:

## ٧٥ میلیۆن دۆلاری دیکە بۆ پشتیوانیی دێموکراسی لە ئێران دا



ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی فێوریەی ٢٠٠٦، کاندولیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە کۆنگرەی وڵاتەکەی کرد لە ساڵی ماڵیی ٢٠٠٦دا، ٧٥ میلیۆن دۆلاری دیکە بۆ پشتیوانی لە دێموکراسی لە ئێران دا تەرخان بکا. ڕایس کە لە کومیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنای ئەو وڵاتە قسەی دەکرد، گوتی: ئەم پوولە یارمەتیی دەوڵەتی ئەمریکا دەکا کە پشتیوانیی خۆی لە دێموکراسی پتر بکا، بڵاوکردنەوەی بەرنامە ڕادیۆییەکان بەرەو باشی ببا، بڵاوکردنەوەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییە فەزاییەکان دەست پێبکا، بورسەکانی خوێندن بۆ خوێندکارانی ئێرانی پەرە پێبداو، هەوڵە دیپلوماسییەکانی خۆی بەهێز بکا.
ڕایس هەر لەم قسانەیدا گوتی: حکوومەتی ئێران بەهۆی بەیاننامە ژاراوییەکان‌و ڕەفتاری دوژمنانەی، یارمەتیی بە تەریك کەوتنەوەی هەرچی پتری خۆی لەنێو کۆمەڵگەی جیهانیدا کردوە. شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە ئەم ٧٥ میلیۆن دۆلارە، بێجگە لەو ١٠ میلیۆن دۆلارەیە کە ئەمریکا پێشتر هەر بۆ ئەم مەبەستە تەرخانی کردبوو.

BBC

دێیلی تێلێگراف:

The Daily Telegraph

## پێنتاگۆن خۆی بۆ هێرش بۆسەر ئێران ئامادە دەکا

بە گوێرەی نووسینی دێیلی تێلێگراف، بریار بەدەستانی پێنتاگۆن نیازیان هەیە بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بەرنامەی ناوکیی ئێران و وەك دوا ڕێگە، بە کەڵکوەرگرتن لە بۆمب و هەروەها مووشەکی بالستیکی جێگیر لە سەر پاپۆڕە بناوییەکان، هێرش بکاتە سەر ئێران.

دێیلی تێلێگراف هەروەها نووسیویە گرووپەکانی فەرماندەری و بەرنامەڕێژیی پێنتاگۆن خەریکی زانیاری کۆ کردنەوە لە سەر ئامانجەکان و بەراوردکردنی ڕادەی چەکو تەقەمەنیی پێویست و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی هێرشەکەن. ئەم گرووپانە ڕاپۆرتی خۆیان دەدەنەوە بە دۆناڵد ڕامسفێڵد وەزیری بەرگەریی ئەمریکا.

بەو جۆرە کە دێیلی تێلێگراف ڕای‌گەیاندوە، ئەگەر هەوڵە دیپلۆماسییەکان لە چارەسەرکردنی‌کیشەی ناوکیی ئێران دا سەرکەوتوو نەبن، بەرنامەی نائاسایی پێنتاگۆن دەکەوێتە بەر سەرنج. دێیلی تێلێگراف هەروەها نووسیویە قسەکانی مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران لە دژی ئیسراییل، بووە بە هۆی خێرابوونی ئەم بەرنامەیە.

روزنا، ایران امروز

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## لە پێوەندی لەگەڵ ناردنی ڕاپۆرتی دۆسیەی ناوکیی ئێران بۆ ئەنجومەنی هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

ڕۆژی دووشەممۆ، ڕێکەوتی ١٣٨٤/١١/١٠ی هەتاوی، بەرانبەر ٢٠٠٦/١/٣٠ی زایینی، هەر پێنج وڵاتەکەی ئەندامی دایمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر ناردنی ڕاپۆرتی پەروەندەی ناوکیی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ڕێککەوتن. ئەو ڕێکەوتنە ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی کە لە کۆبوونەوەی ئەندامانی شووڕای حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی کە لە ڕۆژەکانی ٢و ٣و ٤ی مانگی فێوریەی ساڵی ٢٠٠٦ لە شاری ویەن، پێتەختی وڵاتی ئۆتریش پێکهات، دوای وتوویژێکی چڕوپڕ سەرئەنجام بڕیارنامەی پێنج وڵاتەکەی ئەندامی دایمی ئەنجومەنی ئاسایش و ئاڵمان دوای هێندێك دەسکاری بە پەسندی شووڕای حوکام گەیشت. بە پێی ئەو بڕیارنامەیە کە ٢٧ وڵات لە کۆی ٣٥ وڵاتی ئەندام، دەنگی ئەرێ‌و ٣ وڵات دەنگی نەو ٥ وڵاتیش دەنگی سپییان پێ دا، ڕاپۆرتی پەروەندەی ناوکیی ئێران دەدرێ بە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەوە چەند ساڵە کە یەکیەتیی ئورووپاو ئەمریکا لە ڕێگای ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی هەوڵ دەدەن لە ڕێگای وتووێژەوە بەرگری لە دروست کردنی چەکی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە بکەن. زۆرجار ئێران ڕایگەیاندوە کە مەبەستی لە دەسپێڕاگەیشتن بە "تکنولوژی" ناوکی کەڵك وەرگرتنی ئاشتیخوازانەیە نە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، بەڵام لێکۆڵینەوەی بەنهێنی‌و پەنامەکی‌و دوور لە چاوی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ئەو گومانەی لە نێو کۆمەڵگای جیهانی‌دا بەهێز کردوە کە ئێران ڕاستییەکان دەشارێتەوە.

پشتیوانی لە تیرۆریزم‌و گرووپە تیرۆریستیەکان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، سەرکوت‌و زەبروزەنگ بۆ سەر هاووڵاتیان، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە لە ژێر دروشمی ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی و موخالفەت کردن لەگەڵ ڕەوتی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوخسارێکی پڕمەترسیی بۆ سەر سولحء ئاشتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە. بۆیە کۆمەڵگای جیهانی بەتایبەت ڕۆژئاوا بە توندی دژی تەیاربوونی ئێران بە چەکی ناوکی‌و پێیان‌وایە ئێرانی خاوەن چەکی ئەتۆمی، ئاشتی جیهانی بە توندی دەخاتە مەترسی‌یەوە.

وتووێژەکانی چەند ساڵەی وڵاتانی بریتانیا، ئاڵمان‌و فەڕانسە بە نوێنەرایەتی ئورووپاو بە پشتیوانیی ئەمریکا تا ئێستا نەیانتوانیوە ئێران بێننە سەر ئەو ڕێگایە کە دڵنیایی‌یەکی تەواو بە کۆمەڵگای جیهانی و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بدا کە بەڕاستی بە نیازی دروستکردنی چەکی ناوکی نیە. بەتایبەت دوای هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژادو دەست پێکردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ئەو گومانەی لای کۆمەڵگای جیهانی بەهێزتر کردوە.

سەرئەنجام وەك باس کرا ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٤، ئەنجومەنی حوکامی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بڕیاری ناردنی ڕاپۆرتی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش‌دا کە لەخۆی‌دا نیشاندەری بێزاریی کۆمەڵگای جیهانی‌یە بە نیسبەت ئێران، بەتایبەت وڵاتانی بڕیاربەدەست. لەو نێوەدا هەڵوێستی وڵاتانی ڕوسیەو چین جێگەی سەرنجن، تا پێش ڕێکەوتنی لەندەن ئێران بە پشتیوانی ئەو دوو وڵاتە دڵگەرم بوو. بەڵام وادیارە کە پێوەندییە بازرگانییەکان‌و بەرژەوەندیی ئابووری کە وڵاتانی ناوبراوو تەنانەت ئورووپایی‌یەکانیش لە ئێراندا هەیانە نەیانتوانیوە لە بەرانبەر ئەو مەترسییە کە ئێرانی تەیار بە چەکی ناوکی بۆ سەر ئاشتیی جیهان دروستی دەکا، زاڵ بێ. لە هەمان کاتدا ئەو بڕیارە دەربڕی ئەو ڕاستی‌یە کە ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا تەریکتر دەبێتەوەو زیاتر لە پەراوێز دەخرێ.

گومان لەوەدا نیە هەر ئاکامێك لە ئەسپاردنی دۆسیەی ناوکی ئێران بە ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەوێتەوە بەرپرسایەتی‌یەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ڕێژیمی دژی گەلی‌و دژی مرۆیی کۆماری ئیسلامی، کە بە سیاسەتی قەیران خولقێنی‌و لێنەزانیی خۆی چارەنووسی خەڵکی ئێرانی تووشی ئاڵۆزی کردوەو داهاتوویەکی تاریك‌و نادیاری لە بەردەم داناون.

گونجاوترین ڕێگا بۆ ڕزگاری لەو هەلومەرجە ناخۆش‌و دژوارە کە گەلانی ئێران تووشی بوون، تێکۆشانی هەموانە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و هێنانە سەرکاری نیزامێکی گەلیی‌و دێموکراتیك کە هەم ئێران بتوانێ لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا جێگای شیاوی خۆی بەدەست بێنێتەوەو هەم گەلانی ئێران بە مافەکانی خۆیان بگەن‌و بە ئازادی بژین‌و هەم کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە مەترسی دێوەزمەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕزگاری بێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەفتەری سیاسی**

**١٣٨٤/١١/١٦ (٢٠٠٦/٢/٥)**

***

# وردەکارییەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنەکەکانی حیزب لە کۆیە

## لە وتووێژ لەگەڵ کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

بەشی یەکەم — مێهدی مێهرپەروەر

**پ: ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار فرۆکەیەکی نیزامیی سەر بە سوپای پاسداران کە هەڵگری چەندین فەرماندەی پلەبەرزی سوپا بوو، لە نزیك شاری ورمێ کەوتە خوار و، هەر هەموویان لەنێو چوون. یەکێك لەو فەرماندانە، ئەحمەدی کازمی، فەرماندەی هێزی زەوینی سوپای پاسداران بوو. ئەم هەواڵە دەنگدانەوەی بەربڵاوی لە ڕاگەیاندنەکانی ئێراندا بوو. لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی و هەروەها لە ڕادیو و تەلەڤیزیون، بە سازدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرماندەو بەرپرسانی ڕێژیم سەبارەت بەو ڕووداوەو بەتایبەت لە پێوەندی لە نەقش و ڕۆڵی ئەحمەدی کازمی. هێندێك مەسەلەیان سەبارەت بە کوردستان باس کردوە. یەکێك لەو باسانە پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم بە فەرماندەیی ئەحمەدی کازمی، بۆ سەر مەقەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە قوولایی خاکی عێراق و شاری کۆیە بوو. ئەگەر دەکرێ سەبارەت بەو پەلامارە و ئاگاداریی حیزب لە حەرەکەتەکانی ڕێژیم بە گشتی هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەیەوە بۆمان بدوێن.**

و: زۆر سوپاستان دەکەم. هیوادارم سەرکەوتوو بن. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسیارە و ئەو دەنگدانەوەیەی کە بەدوای کەوتنە خوارەوەی فرۆکە نیزامییەکەی کۆماری ئیسلامی لە ورمێ هێندێك لە بەرپرسانی دەرەجە یەکی سوپای پاسداران باسی ئەو شتەیان کردوە، لە سایتەکانی خۆیان بەتایبەت لە "بازتاب" دا بەجۆرێکیان مونعەکیس کردەوە کە زۆر دوور لە ڕاستی بوو، ئەوەی ڕاست بوو، ئەوە بوو کە ئەو هێرشە بۆ سەر بنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا. پێم خۆشە ئەوە لەپێش دا بڵێم کە ئێمە لە مانگی پووشپەڕ دا یانی مانگێ پێش ئەوەی ئەو هێرشە بکرێتە سەر ئێمە، ئێمە لەنێوخۆی وڵات ڕا خەبەرمان هەبوو کە پیلانێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکرات لەگۆڕێ دایە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ زەبرێکی قورس و بە قەولی خۆی نەهایی لە بنکەکانی سەرکردایەتی و ئەندامانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بدا. پاش ئەوەی ئەو خەبەرەمان پێ گەیی و لە حەول و حەوشی ئەو خەبەرەی دا تەحقیقاتی زیاترمان کرد، پانزدە ڕۆژ پێش ئەوەی ئەو هێرشە بکرێتە سەر بنکەکانی ئێمە و سەر ئێمە، لە ڕاگەیەندراوێك دا بڵاومان کردەوە و کۆمەڵانی خەڵك و بیروڕای گشتیمان لێ ئاگادار کردەوە کە جمهووریی ئیسلامی خەریکە پیلانێکی تازە بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابڕێژێ و بەڕێوەی بەرێ، ئەوە بوو کە ڕۆژی ٥ی گەلاوێژ، خەبەرمان بۆ هات کە هێزێکی زۆری ٢ هەزار کەسی، لە ئێرانەوە و لە مەرزی مەریوانەوە دەیەوێ بێتە نێو خاکی کوردستانی عێراق و، خۆی بگەیەنێتە نزیك بنکەکانی حیزب. ئەو هێزە هەر لە مەریوان دەرچوو بەرەو خاکی کوردستانی ئێراق، ئێمە خەبەرمان هەبوو، شەو کە گەیبووە سلێمانی لەوێ چرا و شتەکانیان کوژاندبۆوە بۆ ئەوەی کە خەڵك لە هاتن‌و بوونی هێزێکی ئاوا زۆر، بە مەسافەتی ١٦٠ کیلومیتر لە مەرزی مەریوان تا دەگاتە نزیك دەوروبەری بنکەکانی ئێمە، ئاگادار نەبن. ئەو هێزە شەو لە پادگانێکی نیزامی لە شاری سلێمانی مایەوە، ئێمە خەبەرمان هەبوو، بۆیە کە گەیشتە ئەو مەعەسکەرەی لە سلێمانی، ئێمە شەو ئاگادار بووین، بۆ ڕۆژی دواتر کە حەرەکەتیان کرد، پێش ئەوەی کە بگەنە پشت باواجی کە بەرزاییگەلێکی زاڵ بە سەر بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی‌و ئۆرگانەکانی حیزب دایە، تەواوی ژن‌و منداڵ لەماڵ و لە بنکەکانی حیزب خاریج کران، هەر بە شەو سەعات ١٠ی شەو ڕا تا هەتا ١٢ تەواوی ئەو بنکانە لە ژن‌ومنداڵ چۆڵ کران، بۆ شاری کۆیە. پێشمەرگەکانیش هەر ئەو کاتە بەتەواوی ئامادەباشیان پێ درا، ئامادەبوون بنکەکانیان بەجێ هێشت و لە دەوروبەری بنکەکان و لەنزێك ئەو شوێنانەی کە ئەگەری ئەوەی دەکرا کە هێزەکانی ڕێژیم پەلاماریان بدەن، سەنگەریان گرت. ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ بوو کە لە پشت باواجی‌یەوە هێزەکانی ڕێژیم جیا لەوەی کە ٢ هەزار نەفەر وەك هێزی نیزامی بوون، ٢٠٠ دەزگا ئەنواعی ماشێنیشیان پێ بوو، کە دەیتوانی هەڵگری چەکی جۆراوجۆر، وەکوو مووشەکی دوورهاوێژی زەوی بە زەوی بێ، لەو حەرەکەتەی نیزامیی ڕێژیم لە دژی ئێمە دا بەشدار بوون، لە سەعاتی ٦ی بەیانی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژەوە تۆپخانەکەی وەکار کەوت‌و هێرشی تۆپخانەیی‌و مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزب دەستی پێ کرد، ئەو توپباران‌و مووشەکباران‌و کاتیوشابارانە، تەقریبەن هەتا شەشی ئێوارە بۆ ماوەی ١٢ سەعات درێژەی هەبوو و چوونکە ئێمە ئاگادار بووین و ژن و منداڵ لەنێوماڵەکان و پێشمەرگە لەنێو بنکەکان دا، نەبوو. لەگەڵ ئەوەی تەخریبی خانووو ماڵ‌و سووتانی ماڵ و بنکە و ئەوانەی بەدواوە بوو، نەیتوانی هیچ زەرەرێکی گیانی بگەیەنێ بە ژن و منداڵی کادر و پێشمەرگەکانی دانیشتووی سەر بە دەفتەری سیاسی. سەعات ٦ی ئێوارێ ئێمە کە لەڕێگای پێوەندییەکانی دەرەوەمانەوە بیروڕای گشتیمان ئاگادار کردبوو، هێزەکانی دیکەمان ئاگادار کردبوو لەو پێوەندییەدا ئەوانیش کەوتبوونە تێکۆشان و لە ئاکام‌دا سەعات ٦ی ئێوارێ بوو کە تەیارەکانی ئەمریکایی هاتنە سەر شوێنی بومبارانەکە چونکە ئەو وەختە ئەوان لە "ئینجیرلیك"ەوە هەڵ دەستان و حیفازەتی کوردی ئێراق و کوردستانی ئێراقیان دەکرد و، ئەو شتە بڕێك پێوەندی بەوانیشەوە پەیدا دەکرد. هاتنە سەر هێزەکانی ئێران‌و، دەستیان کرد بە مانۆڕدان. بە هاتنی ئەوان، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، هێرشە تۆپخانەیی و مووشەکی و کاتیوشابارانەکەیان ڕاگرت و بەرەو خاکی ئێران گەڕانەوە، دیارە پێم خۆشە ئەوەش بڵێم کە پێشمەرگەکانی ئێمە کە لە سەنگەردا بوون بۆ وەی کە ئەگەر هێزی نیزامیی پیادە، هێرش بکا، ئامادەگیی ئەوەیان هەبوو بەڕاستی زەبرێکی زۆر باشیان لێ بدەین‌و بێ مەیلیش نەبووین کە ئەوان ئەو هێرشەی بکەن، بۆ وەی کە بکرێ دەرسێکی باشیان پێ بدرێ. بێجگە لەوەش پێشمەرگەکانی ئێمە لە گرووهی زەربەت و تایبەت و ئەوەدا ویستیان لە "باواجی" سەرکەون و هێرش بکەنە سەر تۆپخانەکەی ڕێژیم کە ئەوەش بۆ ئێمە کارێکی زۆر گران نەبوو و ڕەنگە سەرکەوتنی زۆر گەورە بەدواوە بایەو زەبری زۆر قورسی لە هێزەکانی ڕێژیم دابا، بەڵام بە دەخاڵەتی هێزێکی دۆستمان، کە نەیدەویست مەسەلەکە لەوە زیاتر تەشەنە بکاو وەزعەکە لەوەی زیاتر ئاڵۆز بێ، بەرگری کرا لەو حەرەکەتەی پێشمەرگەکانی ئێمە. لەئاکام دا هەر وەك عەرزم کردن، هێزەکانی ڕێژیم گەڕانەوە و لە گەڕانەوەش‌دا کە بە مەرزی مەریوان دا هاتن ویستیان بە مەرزی "حاجی ئۆمەران" دا بڕۆنەوە کە لەوێ لەگەڵ بەرگریی پێشمەرگەکانی کوردی ئێراقی بەرەوڕوو بوون و لەو بارەشەوە هێندێك گیر و گرفتیش هاتە پێشێ کە دیارە ئەوە پێوەندیی بە ڕابیتەی ئەوان و کۆماری ئیسلامییەوە هەیە کە چۆنیان چارەسەر کرد.



بەڕێز کاک حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب

**پ: کاک حەسەن سایتی "بازتاب" سەر بە موحسینی ڕەزایی، ڕۆژی ٢٢ی بەفرانبار، بابەتێکی بڵاو کردەوە، سەبارەت بە ڕۆڵی ئەحمەدی کازمی لە پەلامار بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە کۆیە، لە بەشێك لەو بابەتەدا هاتوە کە بەبێ تەقاندنی یەك گۆللەش ئەم گرووپە موتەزەلزل بوون، بەڕێزتان لەو پێوەندییەدا چ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە؟**

و: من دەڵێم کە ئەگەر هێزەکانی ڕێژیم مەبەستیان ئەوە بوو کە دژی حیزبی دێموکرات، یەك گۆللە دەر نەکەن، ئەدی ئەو هەموو ڕێگا پێوانە ١٦٠ کیلومەترییە لە خاکی ئێراق دا هێنانی ٢٠٠ دەزگا ماشینی هەڵگری ئەوان چەکوچۆلی قورس و هێنانی ٢٠٠٠نەفەر هێزی موسەللەح بۆ سەر حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەوە بووە کە بێن و هیچ تەقەیەك نەکەن. نە، ئەمە بەتەواوی ناڕاستە. ئەوان تەنانەت قەفەسیان پی بوو، ماشینی هەڵگری قەفەسی ئاسنیان پی بوو کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی تێ هاوێن تا لەنێوخۆی کوردستانی ئێران و یا لە ئێراق دا بیان گێڕن و ئەوەی وەك دەسکەوتێکی گەورەی نیزامیی خۆیان لەدژی حیزبی دێموکرات نیشان بدەن، بێجگە لەوەی ئەو کەسەی کە ئەو موساحبە دەکا و یا ئەو شتانە لەسەر سایتی "بازتاب" دا دادەنێ، ئەقەللەن دەبوو موراجەعە بکا بە ئارشیڤی ڕادیۆ تاران کە ئەو وەختی مەسەلەی ئەو تۆبارانە و ئەو هێرشەی بۆ سەر حیزبی دێموکرات چۆن باس کردوە. لە چەند بەرنامەی خەبەری‌دا، خەبەری سووتانی ٨٠٪ ئەمباری موهیمات و خەبەری سووتانی ٧٠٪ ئەمباری سووتەمەنی، کوژرانی نزیك بە ٢٠کەس لە ڕێبەران و ئەندامانی ناسراوی حیزبی دێموکراتی بڵاو کردەوە، ئەگەر هیچ تەقەیەك نەکراو هیچ تیرێك دەر نەکرا، ئەدی ڕادیۆ تاران ئەو خەبەرانەی لەسەر ئەساسی چ شتێك بڵاو دەکردەوە؟ بێجگە لەوەی، خۆ کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستانی عێراق بەچاوی خۆیان دیتیان کە چەندەها ماڵی کە لە کەسانی نیشتەجێ بوو لەو ماڵانەدا بەتاڵ کرابوون. بەڵام هەموو وەسایلێکیان تێدا بوو، بە ئاگری تۆپخانەی جمهووریی ئیسلامی و کاتیوشا سووتاو، ئێستاش لاشەی ئەو تۆپ‌و خومپارەبارانەو ئەو موشەکە ٨ مەتری‌و ٩ مەترییانەی کە هاویشتوویانەو بەسەر تێکۆشەرانی حیزبی ئێمەیاندا باراند، هەروا لێرە مەوجوودە. نەخێر ئەوان هاتبوون کە تەواوی بنکەکانی ئێمەو تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە موحاسیرە بکەن، دەستگیریان بکەن و بیان بەنەوە. ئەوەی کوژرا، کوژرا لە شەڕەکەی‌دا، ئەوەی ما، ئەسیری بکەن‌و بیبەنەوە. لە حاڵەتێك‌دا بە هەزاران ـ بێ ئێغراق بڵێم ـ گوللەی تۆپ‌و کاتیۆشا بەسەر بنەماڵەکان‌و مەقەڕەکان‌دا باراندراو دەیان مووشەکی ٨ مەتری و ٩ مەترییش ڕەوانەی بنکەکانی ئێمە کرابوون، کە هەر ئەوەی عەرزم کردن لەبەر ئەوەی پێشتر ئاگادار بووین و چۆڵ کرابوون ئەو شوێنانە بە خۆشییەوە هیچ تەلەفاتی گیانییان نەبوو. بەڵام خەساراتی ماڵی و وێرانیی خانوو و مەقەڕ و شتی وای زۆر بەدواوە بوو. ئەوە درۆیەکی تەواو مەحزە. نەهێرشێکی ئەوا دەتوانێ بە هەدەفی ئەوەی بێ کە یەك تیریش دەر نەکا. بە هەزاران گۆللە تۆپ و ئەوەیان هاویشت. بەڵام دووشت هەبوو، یەکەم چۆڵ کردنی مەقەڕەکان، ئامادەبوونی پێشمەرگە لە سەنگەردا، بۆ هێرش بردن بۆ سەر ئەوانە، حوزووری هەواپەیماکانی ئەمریکایی کە ئەودەمیش کوردستانی عێراق لە "ئینجیرلیك"ەوە لەژێر چاودێریی هەوایی ئەوان دا بوو، ببووە باعیسی ئەوەی کە بێ ئەوەی کە ئەو هێزەی کە بەو ژمارە زۆرەوە هاتبووە، بەو هەموو تەجهیزاتەوە هاتبوو، بە کەمترین بەش لە ئامانجەکانی‌و هەدەفەکانی بگاو بەسەر شۆڕییەوە بگەڕێتەوەو ئەوە هیچ حەقیقەتی تێدا نیە. ئێستاش هەر خەبەرنگارێك، هەر هەواڵنێرێك کە بێ موراجەعە بکا، لێرە ئاساری ئەو تۆپبارانەو وێرانییەکەی دەتوانێ ببینێ و هەر لە عەینی حاڵیش دا ئەوانەی دەسرەسیشیان بە ئێرە نیە و بە تاران هەیە، دەتوانن موراجەعە بە ئارشیڤی ڕادیۆ تاران بکەن کە بزانن ئەو خەبەرەی چۆن بڵاو کردۆتەوە.

***

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب لە نێوخۆی وڵات

جارێکیترو ئەمجارەیان بەبۆنەی دامەزرانی کاناڵی ئاسمانیی "تیشك" کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی بەڕێوە چوون. دوای دەستخۆشیکردن لە تێکڕای ئەندامانو لایەنگرانی دڵسۆزی حیزب بەبۆنەی ئەم تێکۆشانە بەردەوامەیانەوە، خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" بەگشتی ئاگادار دەکەینەوە بۆ ئەوەی زانیاریی زیاترتان لەم پێوەندییەدا وەدەست بکەوێ، بڕواننە سایتی "کوردستان میدیا www.kurdistanmedia.com".

ئەو شارانەی کە چالاکیی تەبلیغاتییان تێدا بەڕێوە چووە، بریتین لە: ئیلام، سەردەشت، سنە (بە پێی یەکێك لە هەواڵەکان کە لە سنەڕا بە دەستمان گەیشتوە، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبەوە چالاکییەکی بێوێنە کراوە.)

## ئاگاداری

### سەبارەت بە پیلانێکی نوێی دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی

**بۆ ئاگاداری گشتی**

ماڵپەڕی "بازتاب" لە ڕۆژی ١٩ی ڕێبەنداندا لە زمانی سەرچاوەیەکی ئەمنییەتی لە تەڵەی هێزە ئەمنییەتی ئێران بۆ ئاشکرا کردنو لە داوخستنی ئەندامانو لایەنگرانی "هێزە دژبەر جیاییخواز"و سەرئەنجام دواییهێنان بە ژیانی ئەم تاقمانە لەو وەزعە نوێیەی ئێران دا هەواڵی دا.

ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە ئەوە دەردەخا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیازە ناکامیی خۆی لە کێشەکانی پرۆژەی ناوکی لە گەڵ جیهان بکاتە بەهانەیەك بۆ دەستگیرکردنو زیندانیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردو باقی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، بەو بەهانەیە کە ئەوانە لەم کاتە ئەستەمەدا دەیانەوێ"بە دنەدانی ئەمریکا و ئیسرائیل" ناوچەکە بشێوێنن.

**بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە:**

١ـ ماڵپەڕی بازتاب لە ژێر چاوەدێری موحسین ڕەزاییدا بەڕێوە دەچێ کە بۆخۆی یەکێك لە کاربەدەستانی پایەبەرزی ڕێژیمەو ئاگای لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە.

٢ـ ئەزموونی ڕابردوو نیشانی داوە هەر کاتێك ڕێژیم لە گەڵ قەیرانێکی گەورە بەرەو ڕوو دەبێ و بۆی چارەسەر ناکرێ، بۆ چەواشە کردنی خەڵك مەترسی دوژمنێکی دەرەکی (ئەمریکا و ئیسرائیل) زەق دەکاتەوە بۆ زەبرو زەنگی زیاتر لە سەر خەڵك بە گشتی و ڕۆژنامەنووس و ئازادیخوازەکان بە تایبەتی.

جێی خۆیەتی ئەم خەبەرەی ماڵپەڕی " **بازتاب**" وەك پیلانێکی تازە سەیری بکرێ،و ئەو مەترسییە هەست پێ دەکەین کە ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی مافخوازی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێرانی دەستگیر بکرێن و بخرێنە زیندان و تەنانەت لە دەرەوەی وڵات تیرۆر بکرێن.

بۆیە خەڵکی ئازادیخوازی کوردو باقی نەتەوەکانی ئێران لەو مەترسییە ئاگادار دەکەینەوەو داوا دەکەین هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان ئەم پیلانە بە شێوەیەکی بەربلاو لەقاو بدەن.

هەروەها داوا لە ڕێکخراوەکانی چاوەدێری مافی مرۆڤ، کۆڕو کۆمەڵە دێموکرات و مافپەروەرەکان و حکوومەتە دێموکراتەکان دەکەین کە بە زەخت خستنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەر بە جێبەجێ کردنی ئەو پیلانەی ڕێژیم دژی خەڵکی ئازادیخوازو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلانی بندەستی ئێران بگرنو، ئەوان لە بەرانبەر هێرشی نوێی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتەنێ نەهێڵنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٤/١١/٢٣ی هەتاوی ـ**
**٢٠٠٦/٢/١٢ی زایینی**

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینو تێکۆشەری حیزب



قادر ساڵحی (مام قالە)

ڕۆژی ١٣٨٤/١١/١٨، پێشمەرگەی دڵسۆزو بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قادر ساڵحی ناسراو بە "مامەقالە" پاش چەندین مانگ بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ دا، بەداخەوە بە نەخۆشییەکی کوشەندە لە نەخۆشخانەی ئازادیدا کۆچی دواییکردو خەمو پەژارەو درێژەی ڕێگای پڕ لە شانازیی حیزبەکەمانی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێهێشت. مامە قالە ساڵی ١٣١٦ لە گوندی تورکمان کەندی ناوچەی فەرهادتاشی بۆکان لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوی بەدنیا هەڵێناوە. بەهۆی هەژاری نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانەو خەریکی کاری کشتوکاڵ بووە. مامە قالە لە شۆڕشی ئەیلول دا ٥ ساڵ پێشمەرگەی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق بووەو لە ساڵی ١٣٥٨ەوە بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لە هێزەکانی بەیانو پارێزگاریو نەخۆشخانەو ناوەندی ٢ی کوردستان دا بەوپەڕی دڵسۆزیو فیداکارییەوە درێژەی بە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی داوەو لە دەیان شەڕی ناوچەی بۆکانو هەوشارو سەقزدا بەوپەڕی قارەمانەتییەوە بەشداری کردوە.

وێڕای پرسەو سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری مامەقالەو سەرجەم ئەندامانو لایەنگرانی حیزب ئاواتەخوازین ڕۆحی شادو ڕێگای پیرۆزی پڕڕێبوارو بەردەوام بێت.

## بۆکان

### گوشاری ڕێژیم بۆ سەر بنکە کامپیوتێرییەکان

ماوەیەکە فەرماندەی پاسگای ژمارە ١١ی بۆکان بە ٥ کەس چەکدارەوە، بە بێ بڕیاری دادگا یان ئۆرگانێکی دیکە بە شێوەیەکی زۆر توند، هەڵسوکەوت لەگەڵ خاوەنەکانی ئەو دووکانانەی کە خزمەتگوزاریی کامپیوتێری پێشکەش دەکەن یان CD دەفرۆشن، دەکاو بێبەڵگەو بێهۆ هاردی کامپیوتێرەکانو CDیەکانیان لەگەڵ خۆی دەبا.

## مەهاباد

### بەشدارنەبوونی خەڵك لە ڕێپێوانی فەرمایشیی ٢٢ی ڕێبەنداندا

٢٢/١١/١٣٨٤، ڕێژیم لەشاری مەهاباد بە مەبەستی هێنانی خەڵك بۆ سەر شەقامەکانو بەشداریی پێکردنیان لە ڕێپێوانی دەوڵەتیی ٢٢ی ڕێبەندان دا بە گوشارو هەڕەشە بازاڕو دووکانەکانی ئەوشارە بە تایبەت لە شەقامەکانی شاپوور، مەیدانی ئازادی، چوارڕای ئازادیو مەیدانی ئاردا داخست.

بەڵام سەرەڕای گوشارو هەڕەشەکانی ڕێژیم بەشدارانی ڕێپێوانەکە تەنیا لە چەند دەستە واتە کارمەندە دەوڵەتییەکان (بە هەر هۆیەك بێ) جاشو بەکرێگیراوانی ڕێژیمو هێزە ئینتیزامییەکان پێکهاتوون.

جێی باسە کە هەر لە سەرلەبەیانییەوە سەرجەم شەقامو کۆڵانەکان لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە تەنراون.

## ئاگاداریی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب بۆ خەڵکی ناوچەی مەریوان

**بۆ ئاگاداریی خەڵکی شاری مەریوانو دەورووبەری!**

لەم چەند ڕۆژەی دواییدا لە شاری مەریوان نووسراوەیەك بڵاوکراوەتەوە لە پێوەندی لەگەڵ نائارامییەکانی شاری مەریوان دا کە لەودا هێرش کراوەتە سەر هێندێ ڕێکخراوی کوردیو هەوڵدراوە بە دانانی وێنەی دوکتور قاسملوو ئارمی حیزبو لە کۆتاییش دا دروشمی بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وا نیشان بدەن کە ئەم نووسراوەیە هی لایەنگرانی حیزب یا نێوەڕۆکی نووسراوەکە جێگای تەئیدی حیزبی دێموکراتە. بۆیە لەو پێوەندییەدا بە پێویستی دەزانین سەرجەم خەڵکی شاری مەریوانو دەورووبەری ئاگادار بکەینەوە کە ئەم نووسراوەیە هیچ پێوەندییەکی بە حیزبی دێموکراتو لایەنگرانییەوە نییەو زیاتر وەك کاری نەیارانی بزووتنەوەی کورد دەچێ بۆ پێکهێنانی گرژی لەنێوان هێزە کوردییەکان.

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی نهێنی
١٣٨٤/١١/٢٠

## پاوە

### کۆچی دوایی دایکێکی شەهید پەروەر

ڕۆژی ١٣٨٤/١١/٢٢، خوشکە عەینە مەجیدیانی، دایکی کادری لێهاتووو تێکۆشەری حیزب، شەهید مەجید مەجیدیانی لە تەمەنی ١٠٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

خاتوو عەینە ساڵی ١٢٨١ لە گوندی "دولان"ی پاوەدا لەدایك بوو. ناوبراو ژنێکی ورەبەرزو ناسراو بوو، هەر بۆیە خەڵکی ناوچەکەی زۆریان خۆش دەویست.

خاتوو عەینە سەرەڕای ئەوەی کە بەرلە شەهیدبوونی کاك مەجید، کوڕێکی دیکەی لە تەمەنی لاویەتیدا کۆچی دوایی کردبوو، ورەو خۆڕاگریی خۆی لەدەست نەداو بەوپەڕی ئازایەتییەوە جیا لە پشتیوانیی هەمیشەیی لە خێزانو منداڵەکانی شەهید مەجید، هەموو پێشمەرگەکانی وەك کوڕی خۆی چاو لێدەکردو بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە میوانداریی لێ دەکردنو هەمیشە ئاواتو هیوای سەرکەوتنی حیزبو گەل بوو.

بەم بۆنەوە لە لایەن ناوەندی ١ی کوردستانو سەرجەم ئەندامانی حیزبەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسو کاری خاتوو عەینە دەکەین. ڕۆحی شادبێ.

## مەریوان

### دۆزینەوەو تاڵان کردنی کانگا بەردێکی بەنرخ

لەم ماوەیەدا کانگایەکی بەردی بەنرخ لە گوندی شانشینی ناوچەی کۆماسیی مەریوان دا دۆزرایەوە. تاڵانچییەکانی کۆماری ئیسلامی بە زووترین کات ئەو بەردانەیان کردە پوودرو لەژێر ناوی بەردی باریت دا بە ماشین بەرەو شاری دلیجانی ئیسفەهان گوێزایانەوەو هەروەها کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ بێدەنگ کردنی خەڵکی ئەو گوندە دەیانەوێ ٥ لە سەدی پارەی فرۆشی ئەو بەردانەیان پێبدەن.

## سەردەشت

### خۆکوژی کچێك

ڕۆژی چوارشەممە ١٣٨٤/١١/١٩، کچێك بەناوی پەخشان باپیرزادە، کچی عەلی، خەڵکی گوندی فەقێسیمان، سەر بە ناوچەی هۆملی سەردەشت خۆی خنکاند.

شاوی باسە کە هۆی ئەم کردەوەیە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە روون نەبۆتەوە.

# هەواڵەکانی دەرەوەی وڵات



**یادی شەستەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستانو بەرزنرخاندنی لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبەوە لە دەرەوەی وڵات**، هەر لەم پێوەندییەدا لە دەرەوەی وڵات، ئەندامانو لایەنگرانی ئاشکرای حیزب، کۆمەڵێك بەرنامەی جۆراوجۆریان بەڕێوە بردوە. بۆ خوێندنەوەی هەموو هەواڵەکانو وەدەستهێنانی زانیاریی زیاتر لەم پێوەندییەدا، بڕواننە سایتی "کوردستان میدیا www.kurdistanmedia.com".

وڵاتەکانو شارەکانی ئەو وڵاتانە بریتین لە:

فینلاند، مەنچێستێری بریتانیا، بیرمەنگلامی بریتانیاو سوئێد

## فینلەند

### بەڕێوەچوونی سمینارێك لەژێر ناونیشانی "دۆزی ئێستاو ستراتیژیی کورد"

ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٦/١/٢٨، لە شاری تورکۆ سمینارێك لەژێرناوی "دۆزی ئێستاو ستراتیژیی کورد" بۆ کاك ئەحمەد عەزیزی ماجستێر لە زانستی سیاسیدا بەڕێوەچوو.

دەسپێکی سمینارەکە بە سروودی ئەی ڕەقیبو یەك دەقیقە بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لە لایەن بەرپرسی کومیتەی ناوچەی تورکۆوە سمینارەکە کرایەوە. بەشوێن ئەودا کاك ئەحمەد لەسەر بابەتی سمینارەکە باسێکی دەوڵەمەندی پێشکەش کرد، پاشان بەشداربووان بە پرسیارو بۆچوونەکانی خۆیان سمینارەکەیان زیاتر ڕازاندەوە.

## هولەند

ڕۆژی شەممە، ٢٨ی ژانویەی ٢٠٠٦، لەسەر بانگهێشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی باکوور، شاندێکی کومیتەی حیزب لە هولەند بەشداری ڕێوڕەسمی ساڵیادی کۆچی دوایی کاك حەمەڕەش، سکرتێری گشتیی ئەو حیزبە لەشاری ئارنهم کرد.

بەرپرسی کومیتەی حیزب لە هولەند بەم بۆنەوە وتارێکی لەسەر خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە پێوەندی لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو بایەخدانو ڕێزگرتن لە شەهیدانو ئەو کەسانەی کە تا دوایین هەناسە بۆ نەتەوەکەیان تێدەکۆشن، پێشکەش کرد کە بووە جێی سەرنجی بەشداربووان.

### بەشداریی کومیتەی حیزب لە سمیناری پارتیا ئازادیی کوردستان ( سووریە )

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ی ژانویەی ٢٠٠٦، شاندێکی کومیتەی حیزب لە هولەند، پێکهاتوو لە بەڕێزان کاك سادق زەرزا، بەرپرسی کومیتەی حیزب، کاك هادی حسێنی، ئەندامی کومیتەو سێهاوڕێی دیکەی کومیتەی حیزب لەسەر بانگهێشتی پارتیا ئازادیی کوردستان (سووریە) کە لە دوو ڕێکخراوی هەڤگرتناگەلو چەپی یەکگرتوو پێکهاتووە، بەشداری لە سمیناری سکرتێری گشتی پارتیا ئازادیی کوردستان، هەڤاڵ خەیرودین موراد، کرد.

## پیرانشار

### هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ڕێپێوانی دەوڵەتیی ٢٢ی ڕێبەنداندا

ڕۆژی ١٣٨٤/١١/٢٢، ژمارەیەك لە قوتابییانی پیرانشار کە بۆ بەشداربوون لە ڕێپێوانی فەرمایشیی ٢٢ی ڕێبەندان دا بەزۆر برابوونە سەرشەقامەکان لە باتی دانی دروشم بە قازانجی ڕێژیم لە هەنگاوێکی بوێرانەو ئازایانەدا دەستیان کرد بە دانی دروشم بە پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.

بەم بۆنەوە ڕێژیم ژمارەیەك لە قوتابییانی گرتوە کە تا ئێستا بەشێکیان ئازاد کراونو بەشێکیشیان لە بەندیخانەدان.

## مەهاباد

### خۆسووتاندنی لاوێك

ڕۆژی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٤، لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ بەناوی "عیسا دهنات"، دانیشتووی گەڕەکی پشت تەپی مەهاباد لە ڕێگەی خۆسووتاندنەوە، گیانی لەدەست دا.

ناوبراو لە قوتابییانی سەرکەوتووی ڕشتەی "ریاضی فیزیك" لە قوتابخانەی ئەمیرکەبیر بوو کە بەهۆی دەستکورتیی بنەماڵەییو ئەو گوشارە ماڵییەی کە لەسەر بنەماڵەکەی بۆ دابین کردنی تێچووی خوێندنی هەبووە، ئەم کارەیکردوە.

# هۆکارو دەرەنجامەکانی سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستیندا

سەلاح موڕادی

سەرکەوتنی چاوەڕوان نەکراوی حەماس، ئەویش بەزۆرینەی دەنگەکان لەدوایین هەڵبژاردنە پارلمانی‌یەکانی فەلەستیندا، زۆربەی وڵاتانی دنیای تووشی سەرسووڕمان کرد.

گرینگیی ئەم سەرکەوتنە لەوەدایە کە لەلایەك ئاڵوگۆڕەکانی وەك، کۆچی دوایی یاسر عەرەفات، سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستینو فەتحو حکوومەتی خودموختاری فەلەستینو دواتر هەڵبژێردرانی مەحموود عەباس بەسەرۆکی ئەو حکوومەتەو لەلایەکی دیکەشەوە گرتنەبەری سیاسەتو هەڵوێستی میانەڕۆیانە لەلایەن دەوڵەتی ئاریەل شارۆنەوەو کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە بەشێك لەخاکی فەلەستین، ڕێگەیان بۆ چوونەپێشو دەستەبەربوونی دەسکەوتگەلێکی نوێ لە ڕەوتی پرۆسەی ئاشتیو "نەخشەی ڕێگا"دا خۆشکرد.

بەڵام لە کاتێکدا وڵاتانی پاڵپشتی نەخشەی ڕێگاو پرۆسەی ئاشتی، چاوەڕوانی سەرکەوتنی ڕێکخراوی فەتحیان لەهەڵبژاردنەکاندا دەکرد، دۆڕانی فەتحو سەرکەوتنی حەماس وەك ڕێکخراوێکی بناژۆخوازو توندڕەوی ئیسلامی کە لەلایەك وەك تایبەتمەندیی گشتیی وەها ڕێکخراوگەلێك، کە دژی هەر جۆرە گۆرانکارییەك لە ڕێڕەوی جێگیربوونی ئاشتیو دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دانو لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئیدئۆلۆژیی خۆی، خوازیاری لەنێوبردنی ئیسرائیلو دامەزراندنی حکوومەتێکی فەلەستینییە کە سەرجەم یاساو ڕێساکانی بەپێی شەریعەت دیاری بکرێن، بارودۆخەکەی گۆڕیو ئاڵۆزتربوونی کێشەی نێوان ئیسرائیلو فەلەستین کە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینەو هەروەها مەترسیو هەڕەشەی بەهێزبوونو پەرەسەندنی گرووپو ڕێکخراوە ئیسلامییە فێندەمێنتالەکانی لێکەوتەوە.

ئامانج لەم وتارە دەستنیشانکردنو تاوتۆیکردنی ئەو ڕووداوانەیە کە پاش سەرکەوتنی حەماس، لە فەلەستینو ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ئەگەری سەرهەڵدانیان هەیە.

## حەماسو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستین

ڕێکخراوی حەماس یان بزاڤی خۆراگریی ئیسلامیی فەلەستین، لەرێکەوتی ۱۹۸۷/۱۲/۲۷دا بە سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد یاسین دامەزراو وەك لقێك لە ئیخوانوموسلمینی میسر چووە نێو گۆڕەپانی خەباتو بەربەرەکانێ لەگەڵ ئیسرائیل دا کە لەدوو لقی سیاسیو نیزامی پێك هاتووەو باوەڕی بە خەباتی چەکداریو سیاسی هەیە.ئەم ڕێکخراوە خەباتە سیاسییەکەی زۆرتر لە چوارچێوەی ململانێ نێوخۆییەکانی فەلەستینداو پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دژبەری ئیسرائیلو گرووپە ئیسلامی‌یەکانی دیکەدا کورتکردۆتەوەو تائێستا لە بەرامبەر ئیسرائیل دا، نەچۆتە نێو ململانێیەکی سیاسیو دیپلۆماسی‌یەوە.

بەگشتی هۆکارەکانی سەرکەوتنی حەماس بە دوو بەشی نێوخۆییو دەرەکی دابەش دەکرێ، بەر لەسەرکەوتنی حەماس لەنێوخۆی فەلەستیندا، دەسەڵاتو ئیدارەکردنی حکوومەتی خودموختاری فەلەستین لەدەست ڕێکخراوی فەتح دا بوو. ڕێکخراێك کەپاش خەباتێکی چەکداریو توندوتیژانە بۆ ڕزگاریی فەلەستین، ڕووی‌کردە خەباتی سیاسیو ئاشتیخوازانەو ئێستاکە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان فەلەستینو ئیسرائیل لەرێگای سیاسیو دیپلۆماسییەوە داوە.

بەڵام ڕێکخراوی فەتح لەنێوخۆدا گیرۆدەی چەند قەیران بوو، لەوانە ئەو داخوازیی ریفۆرمو چاکسازییە بوو کە بەتایبەت پاش بەدەسەڵات گەیشتنی مەحموود عەباس بەرەوڕووی فەتح بۆوەو ناوبراو لەو دەمەوە تا هەڵبژاردنەکانی پارلمانی فەلەستین نەیتوانی ریفۆرمو گۆڕانکاری لە ڕێکخراوی فەتحو حکوومەتی خودموختاردا پێك بێنێ. هەروەها گەندەڵیی ئیداریی لەڕادەبەدەر لەدامو دەزگاکانی حکوومەتی خودموختارو بێدەسەڵاتیی مەحموود عەباس لە چارەسەرکردنی‌دا، یەکێك لە هۆکارەکانی دیکەی شکستی فەتحو سەرکەوتنی حەماس بوو.

قەیرانە نێوخۆیی‌یەکانی ڕێکخراوی فەتحو حکوومەتی خودموختار، گەیشتبوونە ئاستێك کە تەنانەت هێندێك لەکادرو ئەندامەکانی فەتح بۆ ئەوەی ناوبراو ناچار بە ریفۆرمو بەخۆداچوونەوە بکەن، دەنگیان بە ڕقەبەرەکەی واتە حەماس داو دیتمان کە تەنانەت یارمەتیی دوومیلیۆن دۆلاریی ئەمریکاش بە فەتح، نەیتوانی ئەو لە ململانێی هەڵبژاردندا سەربخا.

لەلایەکی دیکەوە گەندەڵیی ئیداریی حکوومەتی خودموختاری فەلەستین، باشترین بیانووی دایە دەست حەماس تا بە دروشمی خەبات لە دژی گەندەڵیو چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە، ژمارەیەکی زۆر لە دەنگدەران بۆلای خۆی ڕاکێشێ. بەشێك لە دەنگدەرانیش کە لە چاکسازیو ریفۆرمی نێوخۆیی فەتحو حکوومەتی خودموختار بێهیوا ببوون، دەنگدان بە حەماسیان بە تەنیا ڕێگەچارە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دەزانی. یەکێك لە هەنگاوەکانی حەماس بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەران کە لەتایبەتمەندییە گشتی‌یەکانی ڕێکخراوە ئیسلامی‌یەکانە چالاکی لە چوارچێوەی کاری خێرخوازیو کۆمەڵایەتی‌دا بوو کە ئەمەشی لەرێگای جۆراوجۆر وەك، دابەشکردنی خۆراكو جلوبەرگ بەسەر خەڵکی هەژارو کەم داهاتو... بەڕێوە دەبرد. هەروەها حەماس لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردندا، چوڵکردنی شارۆچکە جوولەکە نشینەکانی لەلایەن ئیسرائیلەوە کە هەنگاوێکی شوێندانەر لە ڕەوتی پرۆسەی ئاشتی‌دا بوو، لە دەرەنجامی هێرشەکانی خۆی بۆ سەر دانیشتوانی ئەو شوێنانەو چالاکییە خۆکوژییەکانی خۆی دەزانیو بەم شێوەیە بەشێکی دیکە لە دەنگدەرانی کە خوازیاری بەربەرەکانێی چەکداری لەگەڵ ئیسرائیلدا بوون، بۆ لای خۆی ڕاکێشا.



ئایا حەماس پشت بە مووشەکەکانی دەبەستێ؟

لەو هۆکارە دەرەکییانەی کە لە سرکەوتنی حەماس‌دا بەشێوەیەك دەرویان گێڕا، سەرەڕای یارمەتیی گرووپو ڕێکخراوە فێندەمێنتالەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبی وەك ئیخوان ولموسلمین کە حەماس لەبنەمادا بە لقێکی ئەو لە فەلەستیندا ناوزەد دەکرێ، ـ دەتوانین ئاماژە بە یارمەتیو هاریکاریی ماددیو مەعنەویی ڕێژیمەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو بەعسی سووریە کە لە بەرهەڵستکارە سەرەکییەکانی ئیسرائیلو دژبەرانی توندی پرۆسەی ئاشتیی ئیسرائیلو فەلەستین، بکەین.

بەر لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی فەلەستین، مەحموود ئەحمەدی‌نەژاد، سەرکۆماری ئێران، لە سەردانێکدا بۆ وڵاتی سووریە چاوی بە خالید مەشعەل، یەکێك لەرێبەرانی پایەبەرزی حەماس کەوتو بەڵێنی پشتیوانیو یارمەتی پێ‌دا کە بە پێی هێندێك لێدوان، کۆماری ئیسلامی، چەند میلیۆن دۆلاری، واتە چەند بەرانبەری یارمەتیی ئامریکای بە فەتح، پێشکەش بە حەماس کردوە.

بەگشتیی، ئەگەرچی ڕێکخراوی فەتح بەهۆی جێگەو پێگەیەك کە لەرەوتی جێگیرکردنی ئاشتیو "نەخشەی ڕێگا"دا هەیبوو، بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی دنیا بەتایبەتی وڵاتانی ئوروپاییو ئامریکا پشتیوانییان لێ دەکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی نێوخۆییو سەرنەگرتنی چاکسازیو ریفۆرم لەنێو پێکهاتەی خۆی‌داو چارەسەرنەکردنی کێشەی گەندەڵی، نەیتوانی پێش بە سەرکەوتنی حەماس ـ کە بە زۆرینەی دەنگەکان مسۆگەر بوو ـ بگرێ.

با بزانین ئەو دەرەنجامانەی کە لەسەرکەوتنی حەماس دەکەوێتەوە چین؟ ڕەوتی ئاشتیی نێوان ئیسرائیلو فەلەستینو "نەخشەی ڕێگا" کە زۆربەی وڵاتە زلهێزەو عەرەبییەکانیش لە سەری پێك هاتوون بەرەوکوێ دەچێ؟ شوێنەواری ئەم سەرکەوتنەو سیاسەتەکانی حەماس لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چی دەبن؟

بە سەرنجدان بە سیاسەتو هەڵوێستەکانی حەماس، وەك ڕێکخراوێکی فێندەمێنتالیستی ئیسلامی کە لەسەر بنەمای سڕینەوەو لەنێوبردنی ئیسرائیلو دژایەتی لەگەڵ ڕەوتی ئاشتی‌دا داڕێژراونو لە ئەگەری سووربوونی حەماس لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی، لەپاش گرتنەدەستی دەسەڵات، ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا لەپێناو ئاشتیو دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی‌دا دەستەبەربوون لەنێودەچنو لەئاکام دا بارودۆخ بەرەو توندوتیژیو سەرهەڵدانی شەڕێکی قورستر لەنێوان فەلەستینو ئیسرائیلدا دەچێو دەشزانین کە سەرەکیترین پشتیوانانی حەماس واتە ئێرانو سووریە خوازیاری وەها بارودۆخێکن.

لەلایەکی دیکەوە ئیسرائیل بەهیچ شێوەیەك ئامادەی وتووێژو دانوستان لەگەڵ ڕێکخراوێکی توندڕەوی چەکدار وەك حەماس‌دا نیەو هەڵوێستەکانی حەماسیش دەتوانن باشترین پاساو بدەنە دەستی، بۆ هێرشو داگیرکردنی سەر لەنوێی ئەو شوێنانەی کە لەژێر گوشاری ئامریکاو نێونەتەوەیی‌دا چۆڵی کردبوون.

ڕێکخراوگەڵێکی توندڕەوی ئیسلامی وەك حەماس بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەکەیان ئەگەری ریفۆرمو خۆگونجاندنیان لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی سەردەم دا ئەستەمە، بەڵام ئەوەش بە دوور نیە کە حەماس نە بە تێگەیشتنی خۆی لە ڕاستییەکانو پێویستی خۆگونجاندن لەگەڵیاندا بەڵکوو لەژێر گوشاری وڵاتانی ئوروپایی، ئامریکا، بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتیو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەگشتی، بەشێوەیەکی تاکتیکیش بووبێ، ئیسرائیلو ئەو پەیماننامانەی کە دەوڵەتی ئیسرائیلو حکوومەتی خودموختاری فەلەستین لەسەری ڕێك کەوتون، بەفەرمی بناسێو بچێتە نێو پرۆسەی ئاشتیو دیالۆگەوە. لەوەها دۆخێکدا ئەگەری ئەوەی کە حەماس تووشی قەیران ببێ زۆرە، لەبەر ئەوەی کە حەماس یان دەبێ ئەندامانو ئەو کەسانەی کە بە هۆی سیاسەتە توندڕەوانەکانیەوە دەنگیان پێ‌داوەو هەروەها ڕێکخراوگەلێکی دیکە، وەك جیهادی ئیسلامیو حیزبوڵڵای لوبنانو سەرەکیترین پشتیوانانیشی واتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو ڕێژیمی بەعسی سووریە کە هەمیشە لەو گرووپە بۆ پێشگرتن لە ڕەوتی ئاشتی کەڵکیان وەرگرتوە، بێنێتە سەر ئەو بڕوایە یان بکەوێتە دژایەتیو تێکهەڵچوون لەگەڵیاندا.

سەرکەوتنی حەماسو بەر لەویش ئیخوانوموسلیمن لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکانی فەلەستینو میسردا بەگشتی وزەو تینێکی نوێ بەرێکخراوو گرووپە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەداو دەبێتە هاندرێك بۆ ئەوانیش، لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتانی خۆیانداو هەروەها هەڕەشەیەکیشە بۆسەر بزاڤو ڕێکخراوە سکۆلارو مۆدێرنەکانی ئەم ناوچەیەو مەترسییەکی گەورەشە بۆ سەر پرۆسەی دێموکراتیزەکردنو سەقامگیرکردنی ئاشتیو تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا.

هێزە دێموکراتو پێشکەتنخوازەکانی ناوچە بەتایبەت کوردستان بەگشتی دەبێ بەوریاییو ژیرییەکی تەواوەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ وەها دۆخێکدا بکەنو بە پێکهێنانی چاکسازیو ریفۆرم لە پێکهاتەی خۆیانداو ڕوونکردنەوەی مەترسی‌یەکانی گەیشتنە دەسەڵاتی گرووپو ڕێکخراوە توندڕەوو ئیسلامییەکان بۆ خەڵكو تەنانەت ئەو کەسانەش کە باوەڕی ئایینییان هەیە، پێش بە گەشەسەندنو بەهێزبوونی ئەوانە لەنێو کومەڵگادا بگرن. باشترین ڕێگەچارە لەم پێناوەدا ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵك بە بیرو هزری مۆدێڕنو پێشکەوتوو، گۆش بکرێنو ئەو حیزبو لایەنەسکۆلارانەش کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، ڕادەی گەندەڵی لەهەموو بوارەکانی دەسەڵاتدا بەکەمترین ئاست بگەیەنن، تا نەبێتە هۆکاری هانابردنی خەڵك بۆلای ئیدئۆلۆژیو بیرۆکە دۆگمو نەگۆڕەکانی ڕێکخراوە فێندمێنتالەکان.

❊❊❊

**قەیرانە نێوخۆیی‌یەکانی ڕێکخراوی فەتحو حکوومەتی خودموختار، گەیشتبوونە ئاستێك کە تەنانەت هێندێك لەکادرو ئەندامەکانی فەتح بۆ ئەوەی ناوبراو ناچار بە ریفۆرمو بەخۆداچوونەوە بکەن، دەنگیان بە ڕقەبەرەکەی واتە حەماس دا**

**ڕێکخراوگەڵێکی توندڕەوی ئیسلامی وەك حەماس بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەکەیان ئەگەری ریفۆرمو خۆگونجاندنیان لەگەڵ ڕاستی‌یەکانی سەردەم دا ئەستەمە**

# کاریکاتورگەلێکی ئاژاوەخوڵقێن و ڕێژیمگەلێکی ئاژاوەگێڕ

کەریم پەرویزی — وەرگێڕانی: ڕۆندک

لە ژیانی مرۆڤ بەگشتیو بەتایبەت لە ژیانی سیاسەتڤانانو ڕۆژنامەنووساندا، جاروبار وا هەڵدەکەوێ کە کەسگەلێك لە کردەوەی خۆیان پەشیمان دەبنەوە، بەڵام لەم ڕۆژانەدا پێ ناچێ هیچ کەس هێندەی سەرنووسەری یەکێك لە بڵاڤۆکەکانی دانیمارك لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووبێتەوەو داخو کەسەری خۆی بۆ کارێك کە کردوویەتی، هەڵڕشتبێ.

بڵاڤۆکێکی دانیمارکی، ماوەیەك لەمەوبەر، کۆمەڵێك کاریکاتوری بڵاو کردنەوە کە تێیاندا، کەسیەتیی پەیامبەری ئیسلام، بەشێوەیەکی توانجاوی خرابووە بەرچاو، بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتورانە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەکانی دانیمارك لە چەند وڵاتی ئیسلامیدا لێ کەوتەوە. ئەم چەشنە ڕووداوگەلە لە چەند لایەنەوە جێگەی تێڕامانن:

یەکەم، چاپو بڵاوبوونەوەی وێنەی توانجاویی کەسیەتییەك کە لەلای میلیۆنان موسڵمان پیرۆزە، کردارێکی شایانی داکۆکیو پشتیوانی نیە. لەوانەیە لەو کۆمەڵگایانە کە ئاستی فەرهەنگیی خەڵکەکەیان لەسەرێیەو کولتووری ئازادیی بەیانو پێکەوەژیان ڕەگی داکوتاوە، تیرو توانج گرتن لە کەسیەتییە ئایینیو پیرۆزەکان، یان کێشانەوەی کاریکاتوری ئەوان، بریان کارێکی نائاساییو گوڵمەزخوڵقێن نەبێ، بەڵام شەرت نیە ئەم جۆرە ڕوانگەیە لەمەڕ



هێرشی ئیسلامییە توندڕەوەکان لە ئێران، بۆ سەر باڵوێزخانە بیانییەکان

لایەنە پیرۆزەکانی کولتوورو کۆمەڵگاکانی دیکە، بەڕاست دەرچێو پاساو بدرێتەوە.

دووەم، ناڕەزایەتی دەربڕینی موسڵمانان لە وڵاتانی جیاجیای جیهان لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی ئەم کاریکاتورانەدا، بووە هۆی ئەوە کە لە هێندێکیاندا، کرداری توندڕەوانەو ناشارستانیانەیان لێ بکەوێتەوە کە نەك هەر ئەم چەشنە ڕەفتارانە دەسکەوتێکی ئەوتۆیان بە سوودی خۆپیشاندەران لێ ناکەوێتەوە، بەڵکوو دەبنە مایەی شکانی ڕێزو حورمەتو کەوتنە بن پرسیاری

خەڵکی ئەم وڵاتانە لە کن بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهانداو، توندرەوەکان وەك کەسانێکی دەمارگرژ، دوگمو پاشڤەڕۆ دەناسرێنو ئاکامەکەشی لەسەر ئەو کەسانەی کە لە ڕووی نیازپاکیو تەنیا لەبەر وەی هەستو سۆزی ئایینییان ڕووشابوو، هاتبوونە سەر شەقامەکانو ناڕەزایەتیی خۆیان نیشان دابوو، بە گران دەکەوێ.

لە وڵاتانی کراوەو دێموکراتیکی ڕۆژئاوادا کە کۆچبەرە موسڵمانەکانیان تێدا دەژین، لە ژێر کاریگەریی کولتوورو بەها چەسپاوەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا، ناڕەزایەتیی موسڵمانان بەو کاریکاتورانەی باس کران، ناڕەزایەتیگەلێکی هێمنانەو تەنا بوون. بەڵام لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئەم چەشنە خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی دەربڕینانە، توندوتیژیو زەبرو زەنگیان لێ کەوتەوەو بوونە مایەی کوژرانی چەندین کەس.

خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیی بەکۆمەڵ لە هەر بوارێکەوە، مافی دێموکراتیکی خەڵکە، بەڵام هێرش بۆ سەر ناوەندە سیاسیو باڵوێزخانەکانی وڵاتانی دیکەو ئاورتێبەردانی باڵوێزخانەو... نەك هەر هاواری خۆپیشاندەران ناگەیەنێتە هیچ کوێ، بەڵکوو هەروەك باسمان کرد، ئاکامەکەی پێچەوانە دەبێتەوە.

سێیەم، هەڵوێستو سیاسەتی ڕێژیمگەلی دیکتاتۆرو پێشێلکەری مافی مرۆڤ، وەك کۆماری ئیسلامی، لەم پێوەندییەدا، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەوان لە دنەدانو هەڵخراندنی هەستو سۆزی خەڵکیداو هەروەها ڕێکخستنی کردەوە توندوتیژەکاندا، بە ئاشکراو بە نهێنی دەستیان هەبووە. بە تێڕامانێك لەو ڕووداوانە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕەوتی ئەم خۆپیشاندانانە هەتا ئەو کاتەی نەگەیشتبوونە ئەو دەڤەرو شوێنانەی کە دەکەونە ژێر نفووزی ڕێژیمگەلی ئێرانو سووریەوە، زۆربەیان خۆپیشاندانگەلی تەناو هێمنو یا بە شێوەی ناڕەزایەتی دەربڕینی دیپلۆماتیك بوون، وەك بانگ کردنەوەی باڵوێزی عەرەبستان لە دانیمارك لە ٢٦ی ژانویەدا بۆ ئەو وڵاتە، بەڵام هەر کە ئێرانو سووریە دێنە گۆڕێ، ڕەوتی ڕووداوەکان دەگۆڕدرێ.

لە ڕێکەوتی ٣٠ ژانویەدا، تاقمێك چەکدار هێرش دەکەنە سەر نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ئورووپا لە غەزە. پاشان ڕۆژی ٤ی فێوریە خۆپیشاندەران هێرش دەکەنە سەر هەردوو باڵوێزخانەی نۆروێژو دانیمارك. ڕۆژێك دواتر واتە لە ٥ی فێوریەدا ئاگر لە باڵوێزخانەی دانیمارك لە بەیرووت بەر دەدرێ. بەدوای ویدا لە ڕۆژی ٦ی فێوریەدا باڵوێزخانەی دانیمارك لە تاران لە لایەن بەسیجییەکانەوە، داگیر دەکرێ. دیسان لە ٧ی فێوریەدا، تاقمێك دەچنە نێو باڵوێزخانەی دانیمارك لە تارانو هێرش دەکەنە سەری!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە سۆنگەی پرۆژە ناوکییە بەڕواڵەت ئاشتیخوازانەکەیەوە، کەوتۆتە ژێر گڤاشی نێونەتەوەییەوەو ڕاپۆرتی پەروەندەکەی ناردراوەتە ئەنجومەنی ئاسایش. ڕێژیمی سووریەش، بەهۆی پەروەندەی تیرۆری "ڕەفیق حەریری"یەوە، لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، کەوتۆتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئاشکرایە کە مەبەستی ئەم دوو ڕێژیمە سەرەڕۆو پەراوێزخراوانە ئەوەیە کە، گوشارە جیهانییەکانی دژ بە خۆیان بە شەڕی خاچپەرەستان بەراورد بکەنو ململانێی خۆیان لەگەڵ جیهان دا بە داکۆکی لە ئیسلامو شەڕ لەگەڵ خاچپەرستان بۆ خەڵکی ناوچەکە بدەنە قەڵەم.

بەڵام سەیرو سەمەرەترین شت لەم پێوەندییەدا، قسەکانی ڕێبەری زانای!! کۆماری ئیسلامیین کە سەبارەت بەو کاریکاتورانە کردونی. خامنەیی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ پێرسۆنێلی هێزی هەواییدا ڕایگەیاند کە چاپی ئەم کاریکاتورانە پیلانی ئیسرائیلەو دژکردەوەیەکە بەرانبەر بە سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی فەلەستیندا! دیارە لە بیرمانە کە بۆ یەکەمجار ئەم کاریکاتورانە لە ڕۆژی ٣٠ی سێپتامبری ٢٠٠٥دا لە دانیمارك بڵاو کرانەوەو هەڵبژاردنەکانی فەلەستینییەکانیش لە ژانویەی ٢٠٠٦دا بەڕێوە چوون. ڕوون نیە کە داخوا ئیسرائیلییەکان لەپی دەستیان خوێندبووە، بۆیە پێنج مانگان بەر لە هەڵبژاردنەکانو سەرکەوتنی حەماس، ئەم کاریکاتورانەیان چاپ کردون یان نا؟ بەڵام دیارە ئەوە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامین کە تووشی وڕێنەی ناوکی هاتونو سەریان لێ شێواوەو حسێبی ڕۆژو مانگیان لێ تێك چووە!!

# تەوەرێك لەسەر تیرۆریزم

هۆشار ئەحمەدی

ئەگەر سەرنج بدەینە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕوونی هەست بە نائارامیی جیهان، هەست بە نەبوونی ئاشتیو تەبایی مرۆڤ، هەست بە سەرهەڵدانەوەی بەربەرییەت، هەست بە ئاڵۆزیو شڵەژانو .. . دەکەین. زۆر جار تەلەڤیزیۆنەکەمان یان ڕادیۆکەمان دەکوژێنینەوە تا ماشێنە سووتاوەکان، تا خانووە ڕووخاوەکان، لەتوپەت بوونی جەستەی قوربانییە بێتاوانەکان بە دەستی تیرۆریستەکانودڕندایەتی بە ناو مرۆڤەوە دژ بە مرۆڤایەتی نەبینین یا نەبیسینو ساتێکی دوور لە خەمو پەژارەمان هەبێ، کەچی هەرچی بیری لێدەکەینەوە ئۆقرە ناگرینو هاواری ویژدانمان ڕامان دەچڵەکێنێو هاودەنگمان دەکا لەگەڵ تیرۆرو تیرۆریستان موخالیفەت بکەن.

## چۆنیەتیی سەرهەڵدانی تیرۆرو مەبەستەکانی:

بیروڕای جیاواز لەمەڕ پێناسەی تیرۆریزم هەیە، هەر بۆیە ئێمە ناچارین بۆ تاوتوێکردنی دیاردەی تیرۆر بە وردیو لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوەوە ئەو دیاردەیە هەڵسەنگێنین، واتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ژیانی سەرەتایی مرۆڤ، سەردەمێك کە مرۆڤەکان خۆیان دۆزییەوە ـ بوونە خاوەنی وشیاری ـ هەستیان بە بوونی بەرژەوەندییەکانیان کردو بیریان لە پێکدادانو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کردەوە. هەر بۆیە بوونی بەرژەوەندیی جیاواز لە نێوان مرۆڤەکانداو پێکدادانی ئەو بەرژەوەندییانەو هەوڵی مرۆڤەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بووە هۆی سەرهەڵدانی کردەوەو دژکردەوەو لەو نێوانەدا لایەنێك سەرکەوتووو لایەنێك دۆڕاو بوو. یان دادەنیشتن بە وتوویژ پێك دەهاتن یان پەنایان بۆ کردەوەی توندوتیژ دەبردو هەوڵی تۆڵە سەندنەوەیان بە هەموو جۆرێك دەدا، کە ئەمە قۆناغێکی سەرەتایییە بۆ تیرۆریزم، پاشان کە مرۆڤەکان بوونە خاوەنی دەسەڵات، ئیدارە، بەڕێوەبەری، وڵاتو سیستم، ئەو پێکدادانانە پتر پەرەیان سەند. واتە مرۆڤەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتو بەدەستەوەگرتنی حوکم لە وڵاتو کۆمەڵگادا کەوتنە بەربەرەکانێ، هەوڵدانو چالاکیی هەمەلایەنە، کەوابوو لەم قۆناغەدا لە پێکدادانێکی ڕووتی بەرژەوەندیخوازانەوە هەنگاوی بەولاوەتر نەچووبووو چووە قۆناغی پێکدادانی دەسەڵات کە خۆی پێگەی وەدەستهێنانو پاراستنی بەرژەوەندییەکانە، ئەوکات ئیدی ئەوە بەتەنیا بەرژەوەندی هی کەسێکی تایبەت نەبوو، بەڵکوو چووبووە چوارچێوەی میکانیزمو سیستمێکەوە، میکانیزمو سیستمێك بەناو حکوومەتو دەسەڵات لە لایەكو نەیارانی حکوومەتو دەسەڵات لەلایەکی دیکەوە، بەڵام لێرەدا گرینگ چۆنیەتی بەڕێوەچوونو جۆری سیستمی بەڕێوەبەریو دەسەڵات، مەرجی سەرەکیی سەرهەڵدانی توندوتیژیو دیاریکردنی لایەنی تیرۆریست بوون، واتە ڕادەی خەڵکی بوونو دێموکرات بوونی سیستمی دەسەڵاتو چۆنیەتی وەڵامدانەوەو مامەڵە لەگەڵ کردنی لە کۆمەڵگادا، یان داخوازییەکانی لایەنەکەی دیکەو چۆنیەتی دەربڕینو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنیان. کەوابوو دەبێ پێناسەیەك بۆ تیرۆر بکرایە، کە نەکراوە، لە زۆربەی وڵاتاندا چ لە لایەن دەسەڵاتەوە، چ لە لایەن نەیارانی دەسەڵاتەوە کردەوەو دژکردەوەی توندوتیژ بەڕێوە چووە کە هەر لایەن بە پێوانەیەكو لە ڕوانگەی خۆیەوە لایەنەکەی دیکە بە تیرۆریست دەزانێو کردەوە یان دژکردەوەکەی بە تیرۆر دادەنێ، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێوانەیەکی لۆژیکیو جیهانی بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی تیرۆرو تیرۆریزم. هەر بۆیە مرۆڤ تێدا ماوەتەوە کە دەبێ لە چ قۆناغێکەوە لەسەر تیرۆریزم حیساب بکرێ؟ تایبەتمەندیو سنوورو نێوەرۆکی تیرۆریزم کامەیە؟ تیرۆرو تیرۆریزم کەی سەر هەڵدەدەنو لە نێو کام چینو توێژی کۆمەڵگادان؟ کە وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە پێناسەیەك بۆ تیرۆریزمو تیشکێك بۆ ناسینی بوارەکانیەتی.

هەروەك باسمان کرد تیرۆر یان توندوتیژی، ترساندنو تۆقاندن بە کردەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە هەبوونو لەگەڵ قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا گۆڕانیان بەسەردا هاتوەو گەشەسەندوتر بەرەنگاری مرۆڤ بوونەتەوە. بە ئامرازو کەرەستەی مۆدێرن جێبەجێکراونو لە گۆڕانکاریی فیکریی تیکنوکراتیك کەڵکی وەرگرتوە بۆ نوێبوونەوە لە کردەوەدا. لە سەر پێناسەی تیرۆریزم کێشە زۆرنو پێناسەکانیش زۆرترن. وشەی تیرۆر (Terror)و تیرۆریسم (Terrorism) دوو وشەی سیاسینو بەکارهێنانی ئەم وشانە بۆ بوارگەلی غەیری سیاسی هەڵەیە، لە قامووسی پێوەندییە نێونەتەوەیییەکاندا ئاماژە بە تیرۆریزم کراوە "تیرۆرو تیرۆریزم بە چالاکیی سیاسیی یاریزانە سیاسییە دەوڵەتیو نێودەوڵەتییەکان دەڵێن کە لە ڕێگاو مکانیزمی توندوتیژ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵك وەردەگرن".

پێناسەیەکی دیکە پێناسەی "واڵتر لاکوئیۆرە" لە ناوەندی لێکۆڵینەوە ئیستراتیژیکە نێونەتەوەیییەکانەوە "تیرۆریزم کردەوەیەکی ترسێنەرانەیە کە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانج کەڵك وەردەگیرێو کردەوەگەلێك وەکوو شەڕ،شۆڕشی ڕێکخراو خەڵکیو تەنانەت باندە جینایەتکارو مافیاییەکانیش بەم پێناسە ناچنە بازنەی تیرۆریزمەوەو بە گشتی ئەوە قبووڵ کراوە، کە هەرکردەوەیەکی توندوتیژانە کە کۆمەڵگاو خەڵکی مەدەنی کردبێتە ئامانجو دژ بە کۆمەڵانی خەڵك بێ دەچێتە بازنەی تیرۆرەوە.

پێناسەیەکی دیکە کە لە کتێبە فێرکارییەکانی ئەرتەشی وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە، ئەوەیە "تیرۆر کەڵك وەرگرتنی حیساب کراو لە توندوتیژی، یا ترساندن بە توندوتیژی، بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلی سیاسی، ئیدئۆلۆژیی ئایینی لە ڕێگای تۆقاندن، گوشار هێنان لەگەڵ ترساندنی بەردەوامدا"یە، کە نوام چامسکی یەك لەوانەیە کە ئەم پێناسەیە بە شیاو دەزانێ بۆ تیرریزم. ئەم پێناسانەو دەیان پێناسەی دیکە بۆ وشەی تیرۆریزم کراوە، بەڵام هەر لایەن، وڵات، نەتەوەو دەوڵەتێك پێناسەیەکیان بۆ کردوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا ناتەبا نەبێ، بۆیە دەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەوە بەرژەوەندی نەتەوەیییە کە گوتاری ئاسایشی نەتەوەیی دێنێتە ئاراوەو پێناسەی ئاسایشی نەتەوەییو دیاریکردنی ڕەهەندو سنوورەکانیەتی کە گرنگی بە پاراستنی ئەمنی نەتەوەو کۆمەڵگا دەداو گرنگیی تەباییو ئاسایشی نەتەوەیییە کە پێناسە بۆ نەیارو بەرامبەرەکانی دەکاو خەتە سوورەکان دیاری دەکا، کەوابوو ئەوە زلهێزەکانی جیهانن کە بابەتی تیرۆریزم دەخەنە ناوەندی لێکۆڵینەوەو پاش تاوتوێکردنی دەیکەنە پێناسەیەکی جیهانیو لە ڕاگەیەندنەکانیاندا بۆ ڕای گشتی شیدەکەنەوە بناغەی بیرێکی دژە تیرۆریزمی جیهانی دادەڕێژنو هەوڵ بۆ مەحکووم کردن، بەرەنگاربوونەوەو لەناوبردنی دەخەنە گەڕو لە ئاکامدا دەیکەنە گوتارێك بۆ لێك نزیك بوونەوەو هاوبەرژەوەندی بوونی وڵاتانی قوربانیی تیرۆرو تیرۆریزم، جاری واش هەبووە کە تیرۆریزم بناغەی سیاسەتی وڵاتێك لە قۆناغێکدا بووە، بۆ وێنە بۆ ئەوەڵین جار بەکارهێنانی وشەی تیرۆرو هاتنەگۆڕی وتەزای "تیرۆریزم"و مکانیزمێك بۆ کردەوەی توندوتیژانە لە شۆڕشی ژاکۆبینەکان لە فەرانسەی ١٧٨٩ بەمڵاوە بوو کە زۆربەی بیرمەندانو پسپۆرانی ئەو بوارە سەرهەڵدانی تیرۆریزمی سازماندراو بە بەرهەمی ئەو شۆڕشە دەزانن، شۆڕشگێرە بیرتەسکەکان کە دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشەیان بە هی خۆیان دەزانیو خەڵکی دیکەیان بە بێگانە لەو دەسکەوتانە دەزانی. هەر بۆیە بۆخۆیان ڕایانگەیاندبوو کە حکوومەتی ئێمە "ژاکوبیسم" (Jacobism) یان حکوومەتی ترس، خۆفو توندوتیژییەو پێشنیاریان دەکرد بەو نێوە بیانناسن، لەم شۆڕشەدا تیرۆر دوو ڕەهەندی لەخۆ گرت، ڕەهەندی کردەکی، ڕەهەندی ڕەوانی، ڕەهەندی کردەکی یان فیزیکی ئەو کاتەیە کە مرۆڤ بە کردەکی تیرۆر دەکرێو گیانی لە دەست دەدا، بەڵام ڕەهەندی ڕۆحی ئەو کاریگەرییە هەستیو دەروونی، هزری، بیریو سۆزدارانەیە کە کۆمەڵگا دەگرێتەوە، ئەو بەشەی لە تیرۆر، واتە؛ بەشی ڕوحیی، زۆر گرنگە، دەبێتە هۆی تێکدانی نۆرمە دەروونییەکان لە کۆمەڵگاداو وەزعێکی ترسێنەرو نائارامی جەستەییو دەروونی لە کۆمەڵگادا حاکم دەکاو فەزای سیاسی



دیمەنێك لە تەقینەوە خۆکوژییەکان لە عێراق

ئاڵۆز، بوار لەبار دەکا بۆ پێشێلکردنی قانوونو شێواندنی شیرازەکانی کۆمەڵگاو دەسەڵات، هەربۆیە لە شۆڕشی فەرانسە بەدواوە بە قۆناغی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی میکانیزمیو سیستماتیك دەژمێردرێ. وەك گرووپە کاربونرییەکان لە ئیتالیا کە بە دوای یەکگرتوویی ئەو وڵاتەوە بوون، بزووتنەوەی "بورشن شافت"یان ئەنجومەنی خوێندکارانی یەکگرتوویی خوازی ئاڵمانی لە زانکۆی ئینناو بزووتنەوەی خوێندکاریی یوگوسلاڤی، کە ئەم گرووپە لە ڕابردوودا بە تیرۆری وەلیعەهدی ئوتریش، ئاوری شەڕی جیهانیی یەکەمی نایەوە، دەیان وێنەی دیکە لەو گرووپو بزووتنەوانە هەیە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم سەردەمی سەرهەڵدانی تیرۆریزمی نوێو مودێرن بووو، ئەوەیکە ئەم قۆناغەی لە قۆناغەکانی دیکەی تیرۆریزم جودا کردۆتەوە، سیاسی بوونی بیرۆکەی تیرۆریزمی نوێیە، واتە تیرۆر لەم سەردەمەدا بە تەواوی بیرۆکەو ئامانجی سیاسیی لە پشتە، بە شێوازێکی ڕێکخراو عەمەل دەکاو لە نێو قامووسی سیاسیدا جێگرتوە، تەنانەت بەشێك لە بیرمەندانی ئەم بوارە هاوڕان کە لەم قۆناغەدا تیرۆر مەکتەبیو ئیدئۆلۆژیك دەبێتەوەو دەچێتە چوارچێوەی ڕوانگەکانەوەو لەپاڵ ئانارشیزمو نهیلیزمدا جێدەگرێ، هەم لە کاناڵی سیاسی، هەم لە کاناڵی کردەوەی توندوتیژانەوە هەوڵی بەرەوپێش چوونو گەیشتن بە ئامانجەکانی دەدا، تەوەری چالاکیو ڕێبازی ئیدئۆلۆژیك دیاری دەکاو هەوڵی ئەندامگیریو پێکەوەنانی گرووپو تاقمو هەوڵی پێکهێنانی سەرچاوەی دارایی دەدا، هەوڵی ڕاکێشانی سەرنجی لایەنە جیاوازەکان دەداو هەوڵی پڕۆپاگەندە بۆ ڕێبازەکەیو مەشرووعیەتدان بە کردەوەکانی دەداو...، تێدەکۆشێ بۆ زیندوو ڕاگرتنی بوارە خورافییەکانو بۆ پتەوکردنەوەی بناغەکانی خۆی دەبێ پەیوەندی لەگەڵ چین یان توێژێکی کۆمەڵگادا بگرێ پێوەندییەکی کاریگەری ڕۆحی، بە ناسینی تیرۆریزمو نێورۆکەکەی لە نێو چینو توێژی ڕووناکبیردا جێگای نابێتەوە، کەوابوو هەوڵی تیرۆریزم بەردەوام پێکهێنانو لەبارکردنی بواری دوگماتیزم لە کۆمەڵگاکان دایە. لە نێو چینو توێژە دواکەوتوو، خورافیو تەنانەت هەژارو دەستکورتەکاندا هەیە. بەسەرنجدانو وردبوونەوە لە پێکهاتەکانی تیرۆریزم بەو ئاکامە دەگەین کە ئیدئۆلۆژیو بوارە دۆگمو بەرتەسکەکان بە هۆی بوونی ڕوانگەیەکی یەکجار داخراوەوە بۆ بەرەوپێشچوونو گەیشتن بە ئامانج پێویستیان بە مکانیزمی تیرۆر، ترسو خۆف هەیەو لە بەرامبەریشدا، تیرۆریزمیش وەك گرووپ، لایەن یان دەسەڵات بۆ گەیشتن بە ئامانج پێویستی بە بواری دۆگمو بەرتەسك هەیە.

سەرچاوەکان:

١ـ وتووێژێك سەبارەت بە نێوەرۆکی تیرۆریزم دیریدا، ژاك

٢ـ ڕۆژنامەی "شرق چاپ تهران"

٣ـ وتاری "جنگ علیە ترور" چامسکی نوام

٤ـ تروریزم کۆکردنەوەی تەیب، عەلیڕەزا

❊❊❊

# شانۆ، کۆمەڵگا، سیاسەت

بەشی یەکەم

مەنوچێهر ئاتەش پوور



شانۆ یەکێکە لە لقە هونەرییەکان کە بیر و هۆش و جەستەی مرۆڤ تێیدا، لە دەسپێکەوە تا کۆتایی، ڕاستەوخۆ وبە چاکترین شێوە ڕۆڵ دەگێڕێ و ئامادەیی هەیە.
لە شێوەکارییەکان کە مرۆڤی سەرەتایی و ئەشکەوت نشین لە ڕێورەسم و ئایینە نمایشییەکانی خۆیان لەسەر دیوار کێشاونەتەوە، تا دەگاتە سەردەمی شارستانییەت و شارنشینی و تا هەنووکەش، توخمی شانۆ و پێویستی بە نوێ کردنەوەی وێنەی ژیان، لە مرۆڤ دا بوونی هەیە. وارسکە (غەریزە) یاری و لاسایی کردنەوە، یەکێك لە مرۆڤانەترین وارسکە مرۆڤایەتییە، کە لە پێکهاتەی ناوەکی و سەرەتایی شانۆ و هونەرە نمایشییەکانە.
مرۆڤی سەرەتایی ترس و نیگەرانی، ئاوات و داخوازییەکانی داهاتووی خۆی، کە زۆرجار خەریکی زاڵبوون بەسەر هێزە سروشتییەکان دا بووە، بە شێوەی ڕێوڕەسمی ئایینی کە سەرەتاییترین شێوازی هونەری نمایشە، نواندویەتی و سەیری کردوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە بە ئاڵۆز بوونی پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە سەرهەڵدانی شارستانییەت و شارنشینی، بە پێکهاتنی دەوڵەت، ئایین و...هتد، پێوەندی نێوان خەڵك ئاڵۆزتر بووە. مرۆڤ هەرچی وەپێش دەکەوێ و پێوەندیی ژیانی خۆی زیاتر پەرە پێ دەدا، بە هەمان شێوەش پەیوەندی و ژیانە کۆمەڵایەتیەکەی ئاڵۆزتر دەبێ. هونەر بە گشتیو شانۆ بەتایبەتی بەرهەمی پێویستی مرۆڤ، بە پێداچوونەوە و ڕەخنە گرتن لەم ئاڵۆزییە.
بەگشتی لەو کاتەدا کە شەڕ، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و شۆڕشەکان لەسەر ڕێچکەی زەمان ریشەیان داکوتا، شوێنەوارێکی حاشا هەڵنەگریان لەسەر ژیانی مرۆڤ دانا، شانۆیەکیش کە لەسەر بنەمای وارسکەی بە مەبەستی رابواردن بەرێوە دەچوو تووشی قەیران بوو، جیهانی ڕەواڵەتی و دەرەکی کەوتە ژێر هێرشی ڕاستیەکانی کۆمەڵایەتی و گەمارۆ درا، کات دیمەنێکی سیاسی بەخۆوە گرت. لە قۆناغێك دا کە سیاسەت وەك هۆکارێك بۆدیاریکردنی ژیانی مرۆڤ گۆڕاوە، شانۆ ئەگەر بیهەوێ بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤ بێ، ناتوانێ سەبارەت بەم ئاڵۆگۆڕە سەردەمی‌یە خەمسارد دەبێ. لەمە زیاتر شانۆ ناتوانێ سیاسی نەبێت. هەموو ئەو بزوێنەرانە کە گریمانەو حوکمی پێشوەخت دەدەن و دەڵێن: سیاسەت کاری سیاسەتمەداران و حیزبەکانە و بەیەك چەمکی دەزانن، بەتەواوی لە هەڵەدان، واتە شانۆ لە ڕێگای کەرەسەی هونەر و توانای پیشەیی خۆیەوە چاو لە سیاسەت، کۆمەڵگا و جیهان دەکا و لێیان دەکۆڵێتەوە و ڕەخنەیان لێ دەگرێ و نابێ لەگەڵ ئیدئۆلۆژیی سیاسی کە لە چوارچێوەی تایبەتی‌دا خۆی چاو لە جیهان دەکا تێکەڵ بکرێ. شانۆی سیاسی کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی پێویستی‌یەکانی سەردەمە. لەحاڵێك دا شانۆی سیاسی دژ کردەوەی خواستە سنووردارەکانی یەك ڕەوتی سیاسی‌یە. ئامانجی کۆتایی شانۆی سیاسی جێگرکردنی هونەرە، لە ڕێگای ڕوانگەیەك کە بە تێپەڕینی کات پێ دەزانێ و لەگەڵی دا دەڕواتە پێش و خۆی لەگەڵی دەگۆڕێ. لەحاڵێکدا ئامانجی شانۆی سیاسی، ڕەوا نیشاندانی خواستەکانی گرووپێکە لەڕێگای هونەرەوە.
گرنگترین و بەرچاوترین هۆکارەکان لە سەرهەڵدانی تیئاتر دا مرۆڤ و ژیانن. "پیتر برووك" دەرهێنەری شانۆ لە نووسراوەکانیدا سەبارەت بە تیئاترییەکانی دا دەنووسێ: تیئاتر پێش لە هەموو شتێك، ژیانە. بەم پێیە، گرینگترین خاڵێك لە سەرنجدان ڕادەکێشی، ئەم ڕستەیەیە کە: شانۆ بەشێکە لە ژیان، لە بەرینترین وبەربڵاوترین چەمکەکانیەتی. شانۆ واتە ژیان، بەڵام لە هەمان کات دا ناتوانین بڵێین کە جیاوازییەك لەنێوان ژیان و شانۆ دا نیە. خەڵك بۆ دووبارە دیتنەوەی ژیان دەژین، بەڵام ئەگەر هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژیانی دەرەکی و نێوەکی نەبێ، بوونی مانایەکی نابێ، وەکی دیکە دەکرێ بڵێین: ژیان لە شانۆدا، کورت و روونتر دەبینرێ و دەتوانین هەستی پێ بکەین.
"هەملێت"ی شکسپیر، یەکێك لە بەناوبانگترین سیناریۆکانی جیهانە کە چەندین جار لە کاتە جراوجرەکانی مێژوودا، لەلایەن دەرهێنەرە گەورەکانی جیهانەوە پێشکەش کراوە. ئەوەی لە سەرەتای بڵاوکراوەکانی ڕابردووی ئەم بەرهەمە دەرخراوە، لایەنی دەروونناسانەی کەسایەتیی "هەملێت"، ئەم شازادە دانمارکییە بووە. ئەمڕۆ رستەی ناوداری هەملێت: "بوون یا نەبوون، گرینگ ئەمەیە". بۆتە چاولێکەری. بەڵام هێشتا هەملێت هۆی ستەم و تەنیایی خۆی لە جێگایەکی دیکە دەبینێتەوە ئەویش کە گرفتە بنەڕەتییەکانی پێکهاتەی حکوومەتی دانمارکە. لێرەدا لەنێوان توێژینەوەی دەروونناسانەی هەژاریی هەملێت و توێژینەوەی هۆکارەکانی دەسەڵاتخوازیی حکوومەت کە لە پێکهێنانی ئەو ئازارە ڕۆڵی هەبوو، تەنیا ڕوانگەیەکە بەگوێرەی هەلومەرج گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.
ئەمڕۆ نووژەنکردنەوە و چاوخشاندنەوە بە بەرهەمە کلاسیکەکانی نمایشی بە مەبەستی وەبیرهێنانەوەی دووبارە نەکردنەوەی شەڕ و تاوان و بێ عەدالەتییەکان ئەنجام دەدرێ. زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی شانۆی کلاسیك ئەم تایبەتمەندییانەیان هەیە کە لە هەر قۆناغێکی مێژوویی لەگەڵ کات گونجاوە و لە هەمان کاتیشدا کارتێکەرە، نموونە زۆرن وەك: "یورکن فلینگ لە ساڵی ١٩٣٧ی زایینی‌دا، ریچاردی سێهەمی بە جلوبەرگی سەربازی نازی بەردە سەر سێن - سارتێر لە نمایشی مێشەکان و پاریسی داگیرکراو دا، هێزەکانی بەرەی خۆڕاگری لە جلی "ئۆرێست" و "ئەلێکترا"دا بڵاو کردەوە و نموونەگەلێکی لەم بابەتەی ساز کرد".
ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی لەسەر یەکتر کاریگەرییان هەیە، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتییان پێکەوە هەیە، ئەمە بەتایبەت لە کۆمەڵگایەك دا کە دیکتاتۆریی تێدا زاڵ بێ، بەباشی هەستی پێ دەکرێ و سیاسەت ڕۆڵی لەدەستتێوەردانی ژیانی تاك دا هەیە، لەحاڵێك دا، تاك و ژیان ناتوانن دەست لە سیاسەت وەربدەن.
چیرۆکی یەکێك لە کۆنترین دراماکانی یونانی کۆن "ئۆرێستی"یەکە "ئاشیل" درامنووسی یونانی لە ساڵی ٤٨٧ی پ.ز، نووسیویێتی، چیرۆکەکە بەم جۆرەیە: ژنی شا ئاشقی پیاوێکە کە لە لەگەڵ شا دەچێ بۆ شەڕی دوژمن، لەکاتی گەڕانەوەدا شا بەدەست پیاوەکە دەکوژرێ. ژن و خۆشەویستەکەی دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و بە شێوەیەکی زاڵمانە حکوومەت دەکەن، منداڵەکانی شا نە یارمەتییان بە کەسیان دەدا تا پەردە لەسەر ئەو تاوانە هەڵبداتەوە، لەبەرامبەر ئەو حکوومەتە زاڵمەدا ملیان دەدا، هەر بۆیە مافی هاوبنەماڵەبوونیان لەلایەن دادگایەك لێ دەستێنرێتەوە پێیان ڕادەگەیەنن کە بۆنان نیە دەست لە بەڕێوەچوونی یاسا دا وەربدەن، لەحاڵێکدا کە کوشتنی شا بەدەست ژنەکەی و پیاوی تاوانبارەوە بە دەسەڵات گەیشتنیان بۆخۆی لەئاکامی شکاندنی و ژێرپێنانی یاساوە بووە. ئاشیل ئەو درامەی بەپێی بارودۆخی سیاسی سەردەمی خۆی نووسیوە، یەکێك لەو پرسیارە بنەڕەتییانەی ئەو درامە ئەوەیە کە چۆن یاسا دەتوانێ لەلایەن تاك یا گرووپێکەوە جێبەجێ بکرێ، کە دەستیان لە کوشتن و جینایەت دا هەبووە. بەپێی ئەم ڕەوتە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی هونەردا پێوەندی نێوان ئیستبداد و دەسەڵاتی یاسا لەسەر سێنی شانۆ وەدەرکەوت.




قاڵییەکی سێ لە چوار، عەشتارێکی قورازەی بی شووشە لای دەرگای هاتنە ژوورەوە، چەند مۆم بە تاقەکەوە، چەند دانە کتێب و چەند لاپەڕەیەك کە بە ژوورەکەدا پرش و بڵاو ببوون و خۆیشی بەسەریان دا ڕاکشابوو و دەیخوێندەوە، پێشانگایەکی وێنە بە دیوارەکانەوە کە وێنەی چەند پیاوێکی لەخۆ دەگرت، ئەم یەکەیان لای پەنجەرەکەوە سمێڵەکەی دەڵێی هەموو بیرەباوەکان بانگهێشتی دوێل کردن دەکات، ئەوەی پاڵدەستی خۆی و کورسیەکەشی نازییەتیان لێدەباری، ئەمە لە گۆشەی سەرەوەوە، کە عەینەکە شێوە بازنەییەکەی و لوتە باریکەکەی زیاتر لە کرداری سێکسی دەچن، دیارە کەسێکی بەرپرسیار و بەمەسئوولیەت بووە و... ـ و شێنە ئاوێنەیەکی ڕەنگ پەڕیو ژوورەکەیان ڕازاندبووەوە.
لە پەنجەرکەوە سەیرێکی دەرەوەیان کرد. مرۆڤەکان ڕژابوونەوە شەقامەوە و بە توندی لە هاتووچوودابوون. ئەگەرچی سەر شەقام جەنجاڵو دەنگەدەنگی ئینسانەکان و هۆڕەهۆڕی ماشینەکان ئازاردەر بوون، هاوار کردنی مێوەفرۆشە گەڕۆکەکە تا دوو فلکە ئەولاتر دەچوو، مەلاکان مۆعێزەی عەسریان دەخوێندەوە و مەجالێکی چاك بوو تا شەرمێنی کچی عەبو فلکلۆر ئاوڕێك لە ئابلۆقەی کوڕەکانی ڕووبەرووی ماڵیان بداتەوە. لورەلوری مینەشێت و قیژەقیژی ئەو منداڵانەی بەدوویدا ڕێچکەیان بەستبوو و شەقامی تێکدابوو... بەڵام لەپشت هەموو قسەکردنەکانەوە بێدەنگییەکی کۆشندە و لە دڵی جەنجالییەکاندا تەنیاییەکی خنکێنەر خۆی حەشاردابوو. شتەکان و ئینسانەکان ئاڵۆزابوون. نەتدەزانی ئێرە قەرەباڵەغترین شەقامی شارە کە لێوانلێوە لە بۆنی ژیان، یان بیابانێکی بەرەهووت کە بە دڕك و داڵ داپۆشراوە و با دەیانخاتە جووڵە و خشەخش. لەو شوێنەی‌دا کە قەرەباڵغتر بوو هەست بە تەریککەوتنەوەیەکی زیاتر دەکرا.
هەرچی دیوەکەی بوو لەسەر شەقام قەرەباڵغتر بوو. نیچەجاڕی مردنی خوای لێدەدا و لیوتار بە گێڕانەوەی حیکایەت و چکەی مردنی هەموو میتا حیکایەتێك درێژەی بە ڕێبازەکەی دەدا. هایدگێر هێند توند دەیقیڕاند "ئەم بوونە چەند سەیر و سەمەرەیە؟!" چەندین جار دراوسێکان شکایەتیان لێ کردبوو، چەند جار پۆلیس و چەند جاریش شێتخانە هاتبوونە سەری. سارتەر بە داماڵینی هەرچی چییەتی پێشتر پێ دراوە بەرپرسیارەتییەکی یەکجار قورسی خستبووە و ئەستۆی و.....
چەند لاپەڕەیەکی "بوف کور"ی سادق هیدایەتی مابوو، خوێندیەوە و ڕوو بە سەقفی ژوورەکەی ڕاکشا. هەموو هەوڵی ئەوەبوو مانایەك بۆ بوون بدۆزێتەوە، بەڵام تا قوڵتر دەیڕوانی زیاتر تەمی پوچێتی باڵی بەسەریدا دەکێشا. سادق هیدایەت کە لەگەڵ کەژاوەی پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکاندا باروبنەی سەفەر بەرەو دوورگەی نیهیلیزمی کافکای پێچابووەوە و لە ویستگەی ژوورەکەی‌دا لای دابوو، بەدیوەکەدا دەسووڕایەوە و بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد "ئەمشەو کەسێك لەم شەقامەدا دەمرێت" هەتا هێدی هێدی خەوێکی قورس گەمارۆی چاویان دا و خەو بردینەوە.
سەعات نزیك یازدەی شەو بوو کە بە دەنگی ئامبولانسەکەی ئورژانس بەخەبەر هات. سێ نەفەر لەبەردەرکی ماڵەکەی‌دا خەریکی کۆکردنەوەی لاشەیەك بوون و کۆمەڵێك خەڵکیش لە دەوری کۆببونەوە و پچەیان دەکرد. سەرسووڕهێنەر بوو. ئەو تەرمەی لەبەر دەرگای دا کەوتبوو و خەڵك بە بەزەییەوە چاویان لێ دەکرد ئەو بوو و ئەوەی لە دیوەکەوە چاوی لە خەڵکەکە دەکرد و بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە، هەر ئەوبوو. بانگی کرد "ئەوە خەریکی چین، من لێرەم". بەڵام کەس گوێی لەدەنگی نەبوو. هەستی دەکرد هەرچی بەرزتر قسان دەکات، دەنگی زیاتر کپ دەبێت و کەسێك گوێی لێ نییە، بەڵام تازەییەکی بۆی نەبوو!
لەنێوان بچەپچەکاندا گوێی لە مەلا ئەسغەری مەلای مزگەوتی شەقامەکەیان بوو، خەڵکی لەسەر ئەم مەلایە دەیانگوت کە، مەلایەکە جیا لە دەنگی خوا هیچ دەنگێکی دیکە نابیسێت. زۆر کەس هەوڵیان دابوو دەنگیان بە گوێی مەلائەسغەر بگەیەنن. بەڵام لەنیوەی ڕێگادا بێ هیوا ببوون و پاشەکشەیان کردبوو. دەیگوت "عاقیبەتی کوفار هەر نەمان و فەنایە، لێی گەڕێن با نەمێنن و لە دۆزەخی ئاگرینی خواوەندی موتەعالدا وەك کاغەز بسووتێن. خەڵکینە بزانن کچە قەحبەیەك خۆی سووتاندووە". لەکاتی وتنی ئەم قسانەدا ڕووی لە ماڵی عەبوو فلکلۆر کردبوو و بەدەنگێکی بەرزتر لەزاری دەهاتنە دەرەوە. شەش حەوت جنێوی دا بە مەلا و هاواری کرد کە درۆ دەکات. بەڵام هەوڵەکانی هەموو بی دەرەنجام بوون. تەرمەکەیان خستە ناو ئامبولانسەکە و هەر کەسە وبە ماڵ و کۆڵانێك دا ڕۆیشت.
کارەبا ڕۆیشتبووەوە. کە ویستی مۆمە هەڵکراوەکەی سەر تاقەگە داگرێت قیژەی خۆکوژیی شەرمێنی فولکلۆر هەستی مۆمەکەی جماند و هەموو دیوەکەی ڕووناك کردەوە. لەناو هەی ڕۆ هەی ڕو و گریانەکانی نەسرین فولکلۆر دا، دەنگی مەلا ئەسغەرەکەڕ کە فووی لە میکروفۆنی قورگیدا کردبوو یەکجار زەق بوو، " خواوەندی مێهرەبان نایەڵێت راستییەکان بە شاراوەیی بمێننەوە، ئەوەش بەڵگەی قسەکەم خەڵکینە، ئەم قەحبەیەش بەشوێن فەساد کارەکەی دا خۆی تۆپاند. جێگاتان بە ئەمری خوای گەورە دۆزەخ دەبێ ان شاالله".
بیری لەوە دەکردەوە کە هەندێ جار ڕێکەوت وا پێش دێت قسەی پڕوپووچی کەسێکی وەك مەلا ئەسغەر کە بوونی لە ڕاستیش دا تێدا نییە، وەك ڕاستیی خۆی بەسەر واقعدا بسەپێنێت. چونکە دەیزانی کە ئەگەر شەرمێن بۆ کوڕێکیش خۆی کوشتبێت، بە دڵنیاییەوە ئەو کوڕە ئەم نەبوو.
حەزی ئەکرد قژی دابێنێت، بەڵام لە ئاوێنەکەدا کەسی نەبینی، ترسا و ڕەنگی پەڕی، بەڵام هەستێکی شیرینی سارد بوونەوەی جەستە هێوری کردەوە. "تۆ بڵێی ئەوە منم توانای بینینم نەماوە یان ئاوێنەکە ناتوانێت من ببینێت؟.
بۆ سبەینێ لە بری پرسانە، نەسرین فولکلور لە کونجێکدا کزی کردبوو و لوشەی دەهات. زۆر کەوتە ژێر کاریگەرییەوە و بڕیاری دا کورتە چیرۆکێك لەسەر ئەم ڕووداوە بنووسێت تا ڕاستییەکانیش ڕوون کاتەوە، بەڵام هەرچەندە خەریك بوو، هەستی قەڵەمەکەی نەورووژا و نەکەوتە سەما کردن بەسەر کاغەزەوە. ئا لەم کاتەدا شەرمێن لەسەر دیواری نێوان ماڵەکەیانەوە هاتە لای گوتی: لە ئێستاوە لە دنیای مردووەکاندایت، هەموو هەوڵێك بۆ گەڕانەوە بۆ دونیای زیندووەکان بێ کەڵکە.
ـ بەڵام ئەی ڕاستییەکان چی؟ ڕێگایەك ببێ بۆ وتنەوەیان.
ـ تەنیا کەسێك کە ڕاستیی ئەم چیرۆکە دەزانێت. ئەو کوڕە باڵابەرزەیە لەوبەری شەقامەکەوە، کە لەو باوەڕەدا نیم قەت بێتە زمان.
چەند ڕۆژێك بەسەر چوون تا دوو کەس لە ئامۆزاکانی هاتن، ژوورەکەیان پشکنی و هەموو کەلوپەلەکانیان برد. ئەمیش بەبێ هیوایی لەبەر پەنجەرەکەدا چوارمیچقانەی دابوو و هەموو ڕووداوەکانی ڕۆژانی پێشتری سەیر دەکردەوە، تەنیا شتی تازە خۆکوژییەکانی ئەو شەوە و گرێدانیان پێکەوە بوو کە ئیدی هەموو شار باسیان دەکرد.
تەنیا کەسێك کە پێ دەچوو باوەڕێکی بە قسەکانی مەلا ئەسغەرەکەڕ بێت مینەشێت بوو کە چاوی بڕیبووە ناو چاوی مەلا و دەیلوراند.

دەتوانن بەرهەمەکانتان بەو ناونیشانەی خوارەوە بۆ بەشی "ئەدەب و هونەر" بنێرن
edeb_huner@yahoo.com

# شکستی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی

**عەباس ئەحمەدی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ماوەی چەند سالی رابردوودا، بە هۆی ئەو ئالوگۆڕانەی کە لە ئاستی جیهانیدا پێك هاتون تووشی کێشەیەکی گەورە لە پێوەندییەکانی دەرەوەیدا بووە. مەسەلەی پشتیوانیکردن لە تیرۆریزم, پێشگیری لە ئاشتیی فەلەستین‌و ئیسرائیل, دەستێوەردان لە مەسەلەی عێراق, پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە نێوخۆدا، لەو مەسەلانە بوون کە بەردەوام لە سیستمی نوێی جیهانیدا کۆماری ئیسلامییان لەبواری پێوەندییە نێودەولەتییەکانیدا تووشی کێشە کردوەو لە ماوەی چەند سالی رابردووشدا ئاشکرا بوونی هەولەکانی ئەو رێژیمە بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، بوونەتە هۆی ئەوەی کە کۆی ئەو مەسەلانە ببێتە قەیرانێکی نێونەتەوەیی بۆ کۆماری ئیسلامی‌و ئەو رێژیمە وەکوو گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم بناسرێ‌و لە ئاستی نێودەولەتیدا ئیزۆلە بێ.

پاش رووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ هەرەشەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئاسایشی جیهان، زیاتر دەرکەوت‌و ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا کۆماری ئیسلامی لە چوارچیوەی تەوەری شەرو ئاژاوەگێریدا جێگە کردەوە. لەو پێوەندییەدا ئەگەر ئەولەوییەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە دەوری یەکەمی سەرکۆماریی بووشدا رووخانی رێژیمەکانی تالیبان‌و بەعس بوو، ئەوە ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەکیی بووش لە دەوری دووهەمی سەرۆکایەتیی خۆیدا پێشگیری لە تەیار بوونی کۆماری ئیسلامی‌و کورەی باکووری بە چەکی ناوکی بوو کە هەر دووکیان لە "تەوەری شەڕو ئاژاوەگێڕی"دا جێگەی خۆیان دەکردەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، ئەمریکا لە ماوەی نزیك بە ٣ سالی رابردوودا هەولێکی دیپلۆماسیی زۆری خستەگەڕ بۆ ئەوەی کە جیهان بۆ گرتنە پێشی سیاسەتێکی هاوبەش لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هاوتەریب بکا، لە ئاکامدا لە کۆبونەوەی ٥ ولاتی ئەسلیی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئالمان‌و نوێنەری یەکیەتیی ئۆرووپا لە ٣١ی ژانویەدا، راگەیاندراوێك بلاوکرایەوە کە تێدا ئەو لایەنانە رەزامەندی خۆیان لە سەر ئەوە پیشاندا کە شورای حوکامی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی راپۆرتی فایلی ئێران بداتەوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان‌و پاشان ئەو رێکەوتنە لە رۆژی ٢٠٠٥/٢/٤دا چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوەو فایلی ناوکی کۆماری ئیسلامی راپۆرتەکەی درایە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان. ئەمەش بە مانای شکستی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی‌یە کە لە فاکتەرەکانی خوارەوە سەرچاوەیان گرتوە:

## الف) فاکتەری نێونەتەوەیی

١ـ ئەمریکا لە دەوری دووهەمی سەرکۆماری بووشەوە، هەولێکی چڕوپڕی بۆ رازی کردنی ولاتانی ئۆرووپایی, چین, رووسیەو هێند دەست پێکردوەو لەو پێوەندییەدا چەندین چاوپێکەوتن‌و دانوستان لە نێوان لایەنەکاندا هاتۆتە ئاراوە. ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە گرتنەپێشی سیاسەتی ناسراو بە "دیپلۆماسی" توانی سەرەتا ولاتانی یەکیەتیی ئۆرووپاو پاشان رووسیە, چین‌و هێند لە سیاسەتەکانی خۆی نزیك بکاتەوە.

٢ـ نزیکبوونەوەی رووسیەو چین‌و بەڕێوەبردنی تەنانەت مانۆڕی هاوبەش‌و هاریکاریکردنی دوو لایەنەی ئەو دوو ولاتە بۆ وەدەستهێنانی ئمتیازی نەوتی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستی گەورەدا بوو بەهۆی ئەوەی کە جێ پێی ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا لێژ بێ، بۆیە بە ناچار سیاسەتی نزیکبوونەوە لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایان گرتە پێش.

٣ـ هاتنە سەرکاری دەولەتی "مێرکل" لە ئەلمان‌و گرتنەپێشی سیاسەتی نزیکایەتی لەگەل ئەمریکا کاریگەریی بەرچاوی لە داڕشتنی سیاسەتەکانی یەکیەتیی ئۆرووپا بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی گێڕاو بوو بەهۆی ئەوەی کە سێ ولاتی لایەنی وتووێژ لەگەل کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی توندتر بگرنە پێش‌و لە سیاسەتەکانی ئەمریکا نزیك ببنەوە.

٤ـ تەیاربوونی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی لە بەرژەوەندی هیچ یەك لە هێزەکانی نێو سیستەمدا نیە, تەنانەت چین‌و رووسیەش، چونکە هیچ یەك لەم ولاتانە لە بەرژەوەندییاندا نیە، کۆماری ئیسلامی کە خوازیاری پێکهێنانی جەمسەرێکی ئیسلامی لە ناوچەکە دایە، بەو چەکە تەیار بێ. لە لایەکی دیکەشەوە گۆشەگیر بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەبێتە هۆی ئەوەی کە رووسیە وەکوو یەکێك لە رێگا ئەسلییەکانی گۆاستنەوەی نەوتی ئاسیای نێوەڕاست‌و قەفقاز بمێنێتەوە.

## ب) فاکتەری ملنەدانی کۆماری ئیسلامی

١ـ رێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەمنییەتیی خۆیان بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی هەولیان دەداو ئیستاش ئەو سیاسەتە پەیرەو دەکەن، دلەڕاوکێی ولاتانی جیهانیان لە بەرچاو نەگرت‌و سیاسەتەکانی خۆیان درێژە پێداو بە جێگەی ئەوەی کە هاریکاریی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بکەن، تەنیا هەولیان ئەوە بوو، کە کاتی زیاتر


مەنووچێهر مۆتەکی، وەزیری دەرەوەی ئێران

وەدەست بێنن‌و لە کێشەکانی نێوان هیزەکان کەلك وەرگرن ـو هەروەها کە لە ئیستراتیژیی سیاسەتی دەرەکیی دەولەتی ئەحمەدی‌نەژاددا هاتوە، جیهان بەرەو چەند جەمسەری بەرن‌و لەو نێوەدا مانۆڕ بدەن‌وـ درێژە بە سیاسەتە زێدەخوازەکانی خۆیان بدەن.

٢ـ پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆریزم‌و ناسرانی ئەو ولاتە وەك گەورەترین پشتیوانی تیرۆریزم بۆ دنیا بۆتە هۆی دلەڕاوکێی زۆرو ئەمەش ولاتانی گەورەی جیهانی بۆ گرتنەپێشی سیاسەتێك کە پێش بە دەستپێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی بگرێ، زیاتر هان دەدا.

٣ـ رێبەرانی تازە بە دەسەلات گەیشتوی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە لە بالی ناسراو بە "آبادگران" پێك هاتون، پێیان وابوو کە دەولەتی پێشوو سیاسەتێکی دیفاعی گرتۆتە پێش، بۆیە کۆماری ئیسلامی بەردەوام پاشەکشەی کردوە, بۆیە ئەگەر ئەوان سیاسەتێکی "هێرشبەرانە" بگرنە پێش، ئەوە دەتوانن پاشەکشە بە ولاتانی جیهان بکەن. لەو پێوەندییەشدا سەرەتا لە "ئیسفەهان"و پاشان لە "نەتەنز"، بەرنامە ناوکییەکانی خۆیان دەست پێکردەوە. بەلام ئەو سیاسەتە نە تەنیا ولاتانی جیهانی نەخستە دۆخی دیفاعی‌یەوە، بەلکوو بە پێچەوانەی تێگەیشتنی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە پێیان وابوو، دەکرێ لە کێشەی نێوان هێزەکانی سیستەمی جیهانی، کەلك وەرگرن‌و بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن, ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بوو بەهۆی ئەوەی کە ولاتانی چین‌و رووسیەش نەتوانن لەوە زیاتر پشتیوانیی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بۆ بیروڕای جیهان پاساو بدەنەوەو بە ناچار لە ئەمریکاو ئۆرووپا نزیك بوونەوە.

٤ـ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند سالی رابردوودا توانیویەتی لە چوارگۆشەی ئێراندا ئیسلامییەکان بەهیز بکاو بەم شێوە دیوارێکی ئیسلامیی بە دەوری ناوەندا دروست کردوە, ئێستاش لە هەولی ئەوە دایە کە لەو سیاسەتە وەك لەمپەرێکی وەستێنەر، بۆ بەهێزکردنی گرووپە ئیسلامییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش بەکار بێنێ. بۆ راکێشانی سەرنجی گرووپە ئیسلامییەکان، سەرکۆماری تازەی ئێران، لە ماوەی کورتی دەسەلاتی خۆیدا چەندین جار بە توندی هێرشی کردۆتە سەر ئیسرائیل، کە ئەمە بوو بەهۆی تووڕەیی بیروڕای جیهانی‌و، ولاتانی جیهانی بۆ پێشگیری لە جێبەجێبوونی مەبەستە ترسناکەکانی کۆماری ئیسلامی، یەکدەنگ کرد.

بەم شێویە تەنیا تا دانیشتنی مانگی مارس، کۆماری ئیسلامی دەرەتانی دەبێ کە هاریکاریی تەواوی ئاژانس بکاو تەواوی پرۆژە ناوکییەکانی خۆی رابگری کە ئەو دەرەتانەش تەنیا پشتیوانیی رووسیەو چین بوو کە پاش ئەو هەموو ئیمتیازە نەوتییەی کە لە ئێراندا بە دەستیان هێنا، لە کۆماری ئیسلامی کردیان.

بەم شێویە کۆماری ئیسلامی، چی دیکە دەرەتانی مانۆڕی نەماوەو بە تەواوی کۆشەگیر بووەو لە بەرانبەر جیهاندا، بە تەنیا ماوەتەوەو دەبێ چاوەڕوانیی ئەگەری گەمارۆ جۆراوجۆرەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، دژی ئەو رێژیمە بین، کە لە دوای مانگی مارسەوە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەست لە سیاسەتە چەوتەکانی هەلنەگرێ‌و داواکارییەکانی شورای حوکام‌و ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ نەکا, ئەمەش لە حالێك دایە کە بە پێی بڕیارێکی پارلمانی کۆماری ئیسلامی کە لە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٨٤دا پەسندی کردوە، ئەگەر فایلی ئێران، بڕواتە ئەنجومەنی ئاسایش، دەولەتی ئەحمەدی‌نەژاد دەبێ تەواوی هاریکارییەکانی خۆی لەگەل شورای حوکامی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی رابگرێ‌و دەس بە چڕ کردنەوەی ئۆرانیم بکاتەوە. هەر بە پشت بەستن بەم بڕیارەش، دوای ناردنی فایلی کۆماری ئیسلامی بۆ شورای ئەمنییەت ئەحمەدی‌نەژاد، لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی رێکخراوی ناوکی، داوای راگرتنی پرۆتۆکۆلی پاشەکی دەکاو دەلێ: "لە رێکەوتی ١٣٨٤/١١/١٦ بەولاوە جێبەجێکردنی خوازیارانە پرۆتۆکۆلی پاشەکی‌و باقیی هاریکارییەکان کە سەر بە زیادیش کراون، بە پێی ئەو یاسایە (یاسایی ژمارە ٤٧٦/١٧٣٤٨٩) رادەگیردرێن". بێگومان ئەم شێوە ولامدانەوەیە، بە خواستە نێودەولەتییەکان، ئەوەندەی دیکە قەیرانەکە قوولتر دەکاتەوەو دەبێتە هۆی تەحریمی کۆماری ئیسلامی، لە ئاستێکی بەرفراواندا.

چوونی فایلی ئێران بۆ شورای ئەمنییەت بەو مانایە کە ئەو رێژیمە هەرەشەیە، بۆ سەر ئاسایشی جیهان, بۆیە لەو پیوەندییەدا دەبێ، چاوەڕوانی زەق بوونەوەی، فایلەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی وەکوو پشتیوانی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی, دەستێوەردان لە عێراق, پێشگیری لە ئاشتیی فەلەستین‌و ئیسرائیل‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤیش بین، چونکە کۆی ئەو مەسەلانە لەگەل هەولەکانی ئەو رێژیمە، بۆ وەدەستهێنانی چەکی ناوکی، ئاسایشی جیهان دەخەنە مەترسی‌یەوە.

❊❊❊

# بەزۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەلایە*

**عەلی بداغی**

مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسرانیی تاران لەم دواییانەداو رەفتارو دژکردەوەی رێژیم‌و لایەنە بەرپرسیارەکان لەم پێوەندییەدا، بۆ جارێکی دیکەش نیشاندەرو سەلمێنەری ئەوە بوون کە رێژیم هەروا لەسەر دژایەتیکردنی مافی مانگرتن، مافی دەنگ هەلبڕین، مافی خۆپیشاندان‌و مافی داواکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانی کرێکاران سوورە.

کرێکاران لە ژێر سێبەری حکوومەتی بەناو عەدلی ئیلاهیی کۆماری ئیسلامی‌داو بەهۆی بڕوانەبوونی نیزام بە عەدالەتی کۆمەلایەتی، بێ‌مافترین، چەوساوەترین‌و بەشخوراوترین توێژی کۆمەلگان. حەقدەستەکانی ئەوان ئەوە نیە کە لە ژیانی کۆلەمەرگیی ئەمرۆی ئێراندا پێی بچارن‌و بژیویی بنەمالەو لانیکەمی پێداویستی‌یەکانی ژیانێکی شیاوی ئورووپایی پێ دابین بکەن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە کرێکارانی ئێران ئەگەرچی قەت نەیانتوانیوە بزووتنەوەیەکی گشتی‌و هەمەلایەنەو بە ئامانجی دیاریکراوی رادیکال تەنانەت سنوورداریش وەڕێ بخەن، سەرەڕای ئەوەش قەت لە داواکردنی ماف‌و ئازادی‌یەکانیان کۆلیان نەداوەو بەردەوام‌و پرش‌و بلاو بە مانگرتن‌و دەست لە کارکێشانەوە، خەباتی مافخوازانەی خۆیان بۆ گەیشتن بە لانیکەمی مافەکانیان درێژە پێداوە.

فەزای داخراوو بەستەلەکی سیاسیی ئێران‌و تەوژمی سەرکوت‌و زەبروزەنگ وای کردوە کە هەر چەشنە داوایەکی سینفی‌و پیشەیی لە لایەن خاوەنانی دەسەلاتەوە بە سیاسی لێك بدرێتەوەو لە نەبوونی حیزبگەلی سیاسی‌و سەربەخۆ بۆ بەدواداچوونی داوا سیاسی‌یەکانی کۆمەلانی خەلك، هەرچەشنە رەوت‌و بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی‌و مەدەنی بکەوێتە بەر رەشەبای سەرکوت‌و پەلاماردان. ئەگینا چۆن دەبێ مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتوبوسرانیی تاران کە تەنیا داوایان چوونەسەری حەقدەستەکانیان تا سنووری هێلی هەژاری، ئەویش ئەو رەقەمەی کە هەر دەولەت خۆی دیاریی کردوە، بەو شێوەیە بێ بەزەیی‌یانە مامەلەی لەگەل بکرێ، پتر لە هەزارو چوارسەد کەس لە مانگرتوان قۆلبەست بکرێن‌و بخرێنە گرتووخانەوە، مال‌و بنەمالەی کرێکاران بدرێنە بەر پەلامارو ژن‌و مندالی کرێکاران‌و تەنانەت مندالی ٢ سالەش بکەونە بەر پێلەقەو لێدانی مەئموورانی رێژیم؟

بەڕەسمی ناسینی مافی هەبوونی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری بۆ کرێکارانی شیرکەتی واحیدی تاران، دانانن بە مافی هەبوونی سندیکا بۆ بەڕێوەبەریی

کرێکارانی شیرکەتی "واحد" ئووتووبوسڕانیی تاران‌و دەوروبەری

شیرکەتی واحید، بەردانی نوێنەرانی دەسبەسەرکراوی کرێکاران‌و هەموو گیراوەکانی ئەم مانگرتنانەو دانی مووژەو حەقدەستە دواکەوتووەکانی شۆفێرو کرێکارانی شیرکەتی واحیدو بەڕەسمی ناسینی مافی گرێبەستی بەکۆمەل، کۆی هەموو ئەو داوا سینفی‌یانەی کرێکارانی شیرکەتی واحید بوون کە دوای گوێنەدان‌و نەسەلماندنیان لەلایەن لایەنی بەرپرسیارەوە کێشایە مانگرتن. ئەوەش کرا بە بیانووی سەرکوتی بێ‌بەزەیی‌یانەو بەندکردنی مانگرتوان‌و بەمجۆرە بۆ جارێکی دیکەش پێخواستکرانی مافی بێ‌ئەملاو ئەولای کرێکاران‌و سەرەتاییترین داخوازەکانیان.

ئەوەی بەرپرسانی رێژیمی تین داوەو لەو پێوەندییەدا وەها تووڕەو هەراسانی کردون، هەول‌و چالاکییە بەردەوامەکانی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتووبووسرانیی تاران لە ماوەی یەك سالی رابردوو بە مەبەستی نیشاندانی سووربوون لەسەر مافە سینفی‌یەکانیان بوو کە سندیکایەکی ساوای لێ کەوتەوە کە دەیتوانی رۆلێکی بەرچاو لە داکۆکیکردن لە کرێکاران‌و داڕشتنی پێوەندییەکی نوێ لە نێوان کرێکاران، خاوەن کارەکان‌و دەولەتدا ببینێ. ئەوەش بەرهەمی پێداگری‌و بەدواداچوونیان لەسەر رەوتێکی یاسایی بە پێی ئەسلی ٢٦ی یاسای بنەڕەتیی ولات بوو. بەلام کۆماری ئیسلامی کە بەپێی نێوەرۆکی تۆتالیتێریی خۆی ناتوانێ هەبوونی هیچ رێکخراوێکی سەربەخۆو نەبەسراوەو نێوخۆیی بسەلمێنێ، هەولێکی وەهای کرێکاران بە نایاسایی‌و تاوانبارانە دەبینێ‌و دەکەوێتە سەرکوت‌و دژایەتیکردنیان.

ئەمەی تا ئێستا نسکۆی بە هەموو بزووتنەوە کۆمەلایەتی‌یەکانی خوێندکاران، کرێکاران، ژنان‌و براقە مەدەنی‌یەکان لە ئێران هێناوە، پرش‌و بلاویی هێزەکان‌و نەبوونی کارامەیی‌و رێبەریی هاوئاهەنگی ئەم رەوتانە لە کاتی پێویستدا بووە. ئەو نەبوونی یەکڕیزی‌و هاوخەباتی‌یە دەرفەتی بە کۆماری ئیسلامی داوە بە ئێشتیای خۆی بکەوێتە سەرکوتی هەرکام لەو رەوت‌و بزووتنەوانەی تاك‌و تەرا لە ناخی کۆمەلگای ئێراندا سەر هەلدەدەن‌و تێشی‌دا سەرکەوتوو بووە. بەلام ئەوە، تا کەنگێ درێژەی دەبێ؟ کرێکاران بەشێکی گرینگی کۆمەلگای ئێران پێك دەهێنن کە بەشی هەرە زۆریان لە ژێر هێلی هەژاری‌دا دەژین‌و ماف‌و داواکانیان پێخوست کراوە، ژنان نیوەی هەستیاری کۆمەلگای ئێمەن‌و نیزامی کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەرەکیی بەردەم رەوتی یەکسانخوازیی ژنانە کە لە تەنیشت سیستمی باوکسالاریی زال لە کۆمەلگادا پێشی بزووتنەوەی ژنانی چەماندۆتەوە، خوێندکارانی وەك توێژی شوێندانەر لەسەر رەوتە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکان‌و چالاکە سیاسی‌و مەدەنییەکان هەر هەموویان خاوەنی هێزو پێگەی خۆیان لە کۆمەلگاو هێزی گۆڕانخوازی ئەم کۆمەلگایەن کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزو توانایەوە لە دژیان وەستاوە.

رێژیم لە کەلێن‌و دابڕانی ئەو هێزانە لە یەکتری‌و بە هاناوەهاتنی هیچ کام لەو هێزانە لە کاتی تەنگانەدا لەگەل یەکتری ئەوپەڕی کەلکی بە قازانجی سەرکوتی هەموویان وەرگرتووەو هەر یەکڕیزی‌و هاوخەباتیی ئەو هێزانە لە پەنا یەکتریش دەتوانێ سەرکەوتنیان لە گەیشتن بە ماف‌و داواکانیان دژی کۆماری ئیسلامی‌دا مسۆگەرو دەستەبەر بکا.

هەربۆیەش حەرەکەتی ئیعتیرازی‌و مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی واحیدی ئوتووبووسرانیی تاران کە تا ئێستاش داواکانیان بە هەلپەسێراوی ماونەوەو جێبەجی نەکراون، سەرجەم بزووتنەوە سیاسی، کۆمەلایەتی‌و مەدەنی‌یەکانی ئێران لە بەرامبەر ئەزموونێکی نوێدا دادەنێ، ئەویش بە هاناوەچوونی ئەو کرێکارانە وەك بەشێك لە پەیکەرەی کۆمەلگاکەمان‌و یەکڕیزی‌و هاوخەباتیی هەموو ئەو هێزانە لەگەل یەکتری دژی کۆماری ئیسلامی‌و هەر ئەوەش لە سەرکەوتن نزیکمان دەکاتەوە.

* سەردێڕی ئەم وتارە لە شێعرێکی مامۆستا هێمن وەرگیراوە.

❊❊❊

# بەبۆنەی شەستەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە

دوکتور گوڵموراد موورادی
وەرگێڕانی: محەممەد جەمیل کولاهی

بە سەرنجدان بەوەی کە رووداوی پڕبایەخی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە مێژووی گەلی کورد لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناڤینو ئورووپادا، وەك نموونەیەك بۆ خەباتی مافخوازانەی کورد،رەنگی دایەوەو یەکێ لەو رووداوە گرینگانە بووە کە ئەڤیندارانی ئازادیو دێموکراسیخوازان چاوی رێزو حورمەتەوە سەیری کۆمارو دامەزرێنەرانیان کردوە. بۆیە بەدوای تێپەڕینی پتر لە ٥٩ ساڵ بەسەر سەرکوتی بێبەزەیییانەی ئەو جووڵانەوە خەڵکییەدا، هێشتا لە یادو بیرەوەریی عەداڵەتخوازانو کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکاندا، زیندووە بێگومان یادو بیرەوەریی، بۆ هەتا هەتایە هەر دەمێنێتەوە. هەر بۆیە رێبوارانی رێگای ئازادیو دێموکراسی، هەموو ساڵێك یادی ئەو رووداوە پرشنگدارە لە کوردەواریدا بەرز رادەگرنو بەڕێزەوە یادی دەکەنەوە، تا یادی لە مێشکی نەوەکانی داهاتوودا هەروا زیندوو بهێڵنەوە.

لە راستیدا پێکهێنانی کۆماری کوردستان، ویستی دەروونیی زۆرینەی خەڵکی تینووی ئازادیو دێموکراسیی کوردستان بوو. چوونکە بەدوای ئەوەدا کە ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە باکوورو باشوورەوە داگیر کرا، پێشەوا قازی محەممەد کە کەسایەتییەکی ناسراوو جێگای متمانەی کوردی ئەو ناوچە داگیرنەکراوانەی کوردستان بوو، بە تێگەیشتوویی تایبەت بەخۆیەوە، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی بەر لە هەموان لەگەڵ فەرماندەرانی هێزە هاوپەیمانە بریتانیاییو ئەمریکاییەکان لەمەڕ بڕیاردانی مافی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێراندا، پێوەندیی گرتو تێکۆشانی کرد. بەڵام بە داخەوە ئەو هەوڵانەی بێ ئاکام مانەوەو سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناو ناوەندخوازە ناوەکیو دەرەکییەکان ئەم داوا رەوایەیان بە بیانوویەکی پووچ رەد کردەوە. بۆیە تەنیا رێگایەك کە لە بەردەم قازی محەممەدو گەلی کورددا مابوو، پێکهێنانی ئەو حکوومەتە خودموختارە بوو، نە زۆر، نە کەم.

### ئامانجەکانی کۆماری کوردستان چ بوون؟

لەبارەی بۆچوونەکانی پێشەوا قازی محەممەد، حیزبی تازە دامەزراوی دێموکراتی کوردستانو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان شرۆڤەو راوبۆچوونی زۆر هەن. لەڕاستیدا قازی محەممەد شتێکی زیاتر لەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە وەك مافی رەوای گەلی کورد پێی لە سەر دادەگرین، نەویستوە. ویستەکانی ئەوانو رێبەرانی دیکە دەستەبەرکردنی ئەو خاڵانەیە کە هاوکات لەگەڵ بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە بەرنامەی کۆماریشدا ئاماژەیان پێ کراوە، کە بریتین لە:



پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ بەشێك لە رێبەرانی کۆماری کوردستان ـ مەهاباد ١٣٢٤

١ـ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی کوردستان، بۆ کورد لە ئێراندا دەبێ ئازادو سەربەخۆ بێ، کورد دەبێ خاوەنی شێوە خودموختارییەك لە چوارچێوەی ئێراندا بێ.

٢ـ زمانی کوردی دەبێ لە کوردستان لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێو فەرمانگەو دامەزراوەکان فەرمی بن.

٣ـ بە پێ یاسای بنچینەیی ئێران، دەبێ لە کوردستاندا بەزوویی شورا هەرێمییەکان هەڵبژێرێن، کارە کۆمەڵایەتیو دەوڵەتییەکان دەبێ لە ژێر چاوەدێریی شورای ئوستاندا بەڕێوە بچن.

٤ـ فەرمانبەرانی دەوڵەتی دەبێ لە کوردی ناوچەکە بن.

٥ـ دەبێ یاساگەلێك بۆ رێکخستنی پێوەندی لە نێوان وەرزێرانو خاوەن مڵکەکان دابڕێژرێن، کە قازانجی هەردوولا بپارێزێ.

٦ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەوڵ دەدا، وێڕای خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە، یەکیەتیو تەبایی لەگەڵ ئازەربایجانو کەمایەتییە نەتەوەییەکان کە لە ئازەربایجاندا دەژین، وەك ئاسوورییەکان، ئەرمەنییەکانو... بپارێزێ.

٧ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ چاك کردنو پەرەپێدانی سیستمی پەروەردەو فێرکردنو تەندروستیو باشترکردنی باری ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیی گەلی کورد تێدەکۆشێ.

٨ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان، خوازیاری تێکۆشانی ئازادی سیاسی بۆ هەموو گەلانی ئێرانە تاکوو بتوانن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، بەشداریی پەرەپێدانو پێشخستنی نیشتمانی خۆیان بن.

هەروەها کە هاووڵاتییانی ئازیز ئاگادارن، کۆماری کوردستان، بەو هەموو کۆسپو تەگەرانەی کە لە هەموو لایەکەوە کەوتنە سەر رێگەی، توانیی ماوەی یازدە مانگ درێژەی بە تەمەنی خۆی بدا، لەوانە کارشکێنیو تەبلیغاتی نابەجێ لە لایەن هێندێك لە هێزە داگیرکەرەکان، گەمارۆی ئابووری لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە، قەدەغەکردنی گواستنەوەی کەرەسە بەرهەمهێنراوەکانی کوردستان بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێرانو... لەو کوسپانە بوون کە پێشیان بە گەشەسەندنو پێشکەوتنی کۆماری کوردستان دەگرت. بەو حاڵەش، کۆمار بە پشتیوانیی خەڵك توانیی زۆر هەنگاوی بەرچاو هەڵگرێ. بۆ وێنە پاراستنی ئاسایشی خەڵکی. لە ماوەی ئەو یەك ساڵە لە دەسەڵاتداریتیی کۆماردا، کەمترین ناعەداڵەتی کراوە ـ ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئاسایش لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا نەبوو ـ کەچی جگە لە کوژرانی یەك کەس لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماردا، کەسێکی دیکە نەکوژراوە. هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان خۆیانیان بە گوێڕایەڵی کۆماری کوردستان زانیوەو لە رێگای یەکگرتوویدا هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە.

تێکۆشانگەلێك بۆ پاراستنو پەرەپێدانی کولتووری کوردیو زمانی کوردی کراون کە هەر لە سەرەتای مانگی نوامبری ساڵی ١٩٤٥وە کتێبگەلێکی زۆریان بە زمانی کوردی لە چاپ داوو ئامادەی کەڵك لێوەرگرتن کران،و لە هێندێك لە شارەکانی کوردستان لە قوتابخانەکاندا زمانی کوردی دەوترایەوە. یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی سەرانی کۆمار هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی ژیانی خەڵکی لە رێگای لەنێوبردنی دابونەریتی کۆنو سەدە نێوەراستییەکان، هەروەها بایەخدانی جیددی بوو بە مافی ژنانی کوردستان. بۆ وێنە لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە، قازی محەممەد، بڕیاری کردنەوەی قوتابخانەیەکی بۆ کچان دەرکرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە تەنیا ١٪ی ژنانی کوردستان توانایی خوێندنو نووسینیان هەبوو.

هەڵهێنانەوەی هەنگاوگەلێکی سەرەتایی بۆ چاککردنی پێوەندیی نێوان وەرزێرو خاوەن موڵکەکان، پێکهێنانی گۆڕانکاری لە باری بازرگانیو بەرهەمهێنان، لەم ریزە هەنگاوانەدا بوون. بەڵام بە داخەوە تەمەنی کۆمار لەوە کورتتر بوو کە ئاکامی پۆزەتیڤی ئەو هەنگاوانە دەرکەوێ. بەڵام دەسکەوتێك کە هەتا ئێستا ماوەتەوە، شێوە دەسەڵاتداریو هەڵسوکەوتی بێوێنەی رێبەری ئەم کۆمارە کەم تەمەنە بوو. بە وتەی ئەو کەسانەی کە کۆماریان دیوە، قازی محەممەد لە مێژووی گەلی کورددا کەسایەتییەکی بێ وێنە بووە کە هەتا ئێستاش هەڵسوکەوتی جوانی تەنانەت لەگەڵ دوژمنانی گەلی کورداو وەفاداریی بە خەڵکی کوردستان، لە سەر زاری هەموان. خاڵێکی دیکە کە دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورددا باس بکرێ، ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو، بەم شێوە لە کتێبی "چڵ ساڵ خەبات"دا باسی لێوە دەکاو دەڵێ: "کاتێك مەلا مستەفای نەمر بۆ دواجار لە ١٦ی دیسامبری ١٩٤٦دا، هاتە لای قازی محەممەدو داوای لێ کرد کە لەگەڵ بارزانییەکان بکەوێو لەو پێوەندییەدا وتی، کە پێشمەرگەکانی بارزانی بڕیارەکانی ئەو جێبەجێ دەکەن. قازی محەممەد لە وەڵامدا وتی: من دەزانم کە ژیانم دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ئەوە گرنگ نیە. ئەمن نەتەوەی کورد بە تەنیا بەجێ ناهێڵم." (هەر لەوێ، لاپەڕەی ١١٦ ـ ١١٢و مورادی ٢٢٧)

ئەوە بەو مانایەیە کە "شەهید پێشەوا" دەیزانی کە رێژیمی شا بە نیسبەتییەوە جینایەت دەکا، بەڵام بەو حاڵەش نیشتمانی خۆیو نەتەوەی کوردی بەجێ نەهێشتو لە پاڵ خەڵکەکەیدا مایەوە.

### بۆختان هەڵبەستن بۆ گەلی کوردو شکستی کۆماری کوردستان

لەو سۆنگەیەوە کە حکوومەتی ناوەندی بە بڕیاری ئاغاکانی کە بە هیچ چەشنێك لەگەڵ خودموختاریی گەلاندا نەبوون، دەبوایە بیانوویەکی بۆ هێرش بردنە سەر ئازەرییەکانو کوردەکان بوایا. بیانوو بۆ ئازەربایجان کە زیاتر لە ژێر دەسەلاتی سوڤیەتدا بووو رێبەرەکانی باوەڕیان بە ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیستی هەبوو، لەبار بوو. بەڵام بۆختانی جوداییخوازیو بەستراوەیی کە بۆ کوردو قازی محەممەدیان هەڵبەستبوو، تەنانەت خودی رێژیمی تارانیش چ گومانێکی لە بێبنەمابوونی نەبووو دواتریش ئەو راستییە دەرکەوت کە ئەو بوختانانە درۆن. چوونکە قازی محەممەد نە کۆمۆنیست بووو نە حەزی لە جێبەجێکردنی بڕیاری کۆمونیستەکان لە کوردستان بوو. وتووێژەکانی قازی محەممەد، بەڵگەیەکی زیندون بۆ سەلماندنی ئەو راستییانە. جیا لەوانە، کاتێك کە هێزە داگیرکەرەکان هاتنە نێو خاکی ئێران، یەکەمین هەوڵی قازی محەممەد بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێوەندی گرتن بوو لەگەڵ بەرپرسانی بریتانیاییو ئەمریکایی لە ناوچەکەداو، کە دیویست لە سەر داخوازیی کوردەکان لەگەڵ ئەواندا بکەوێتە وتووێژەوە، کە بە ئاکام نەگەیشت. بەو حاڵەش بە دوای ناهومیدی لە ئەمریکاو بریتانیا، پێشنیاری فەرماندەرانی سۆڤیەتی بەبێ قبووڵکردنی پێشمەرج وەڵامی ئەرێنیی دایەوە.

**قازی محەممەد نە کۆمۆنیست بووو نە حەزی لە جێبەجێکردنی بڕیاری کۆمونیستەکان لە کوردستان بوو. وتووێژەکانی قازی محەممەد، بەڵگەیەکی زیندون بۆ سەلماندنی ئەو راستییانە. جیا لەوانە، کاتێك کە هێزە داگیرکەرەکان هاتنە نێو خاکی ئێران، یەکەمین هەوڵی قازی محەممەد بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێوەندی گرتن بوو لەگەڵ بەرپرسانی بریتانیاییو ئەمریکایی لە ناوچەکەدا**

### کۆماری کوردستان چ دەرسگەلێکی بە ئێمە داونو ئەرکی ئێمە لە بەرامبەر نەتەوەکەماندا چیە؟

یەکەمین دەرسی ئەوەیە، هەروەکوو پێشتر باس کرا، نەتەوەی کورد دۆستو دوژمنی خۆی بناسێ، ئێمەی فێر کرد نەتەوەو شەرەفی ئینسانیی خۆمان لەگەڵ پارەو پلەو پایە نەگۆڕینەوە، مافەکانی خۆمان بناسینو یەکیەتیی خۆمان بپارێزین، ئێمەی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانە، ئازادی دەستەبەر نابێ. ئەرکی سەرشانی ئێمە تێکۆشین بۆ وەدیهێنانی ئەو خاڵانەیەو دووریکردن لە نۆکەریو پۆشینی بەرگی نۆکەریی دوژمنانە.

---

## بەیاننامەی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**گەلانی زۆرلێکراوی ئێران!**

چەند ساڵێکە تێکۆشانی کۆماری ئیسلامی لە بوای تێکنۆلۆژیی ناوکیدا، بۆتە هۆی نیگەرانیی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان، کۆمەڵگای نێونەتەوەییو وڵاتە رۆژئاواییەکان،

گەرچی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: ئەو تیکنۆلۆژییە ناوکیەی بۆ ئامانجگەلێکی ئاشتیخوازانە دەوێ، بەڵام دوو مەسەلە پەرە بەو نیگەرانییانە دەدەن.

یەکەم، ئەوەیە کە رێژیم لە بەردەم لێکۆڵینەوەو چاودێریی نوێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بەسەر هەوڵە ناوکییەکانیدا ئێراندا کۆسپ دەنێتەوەو تا ئەو جێگایە کە توانیویەتی راستییەکانی پێوەندیدار بە بەرنامە ناوکییەکەیەوە لە ئاژانس شاردۆتەوەو ئامادەی بە ئاشکرا کارکردنو پێکهێنانی متمانە لەو بارەیەوە نەبووە، کە ئەمە بۆ خۆی پەرە بەو گومانە دەدا کە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە بەرنامە ناوکییەکانی، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکییە.

دووەم، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەك رێژیمێکی تیرۆریستو پشتیوانی تیرۆریزم، پێشێلکەری مافی مرۆڤ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی پەسندکراوو یاسا نێونەتەوەییەکانو دژ بە ئاشتیو ئاسایشیناوچەکە ناسراوە کە دەست لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتە دوورو نیزیکەکان وەردەداو بۆ پێکهێنانی ئاڵۆزی لەو وڵاتانەدا هەوڵ دەدا، سروشتییە ئەگەر رێژیمێك بەو نێوەرۆکەوە دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگا، هەموو کات هەڕەشەیەکی جیددییە بۆسەر ئاشتی، ئاسایشو ئۆقرەیی ناوچەکەو بگرە جیهانیش.

بەداخەوە وتووێژەکانی ئەو چەند ساڵەی فەرانسەو بریتانیا بە نوێنەرایەتی لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە لەگەڵ پشتیوانیی ئەمریکاش بەرەوروو بووو هەروەها هەوڵەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە مەبەستی گێڕانەوەی کۆماری ئیسلامی لە پیتاندنی ئورانیوم، لەم دوایانەدا بە هۆی پێداگریی رێبەرانی رێژیم لەسەر دەست پێکردنەوەی پیتاندنی ئورانیوم، بە بنبەست گەیشتن، پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووکان لە رێکەوتی ٢٠٠٦/١/٣٠، لە سەر راپۆرتی دوسیەی ئەتۆمیی ئێران بە ئەنجومەنی ئاسایش، دەرکردنی بڕیارێکی وا بە دەنگی تێکڕای ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، دەرخەری نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگای جیهانیو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان لە دەستڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکییە.

راپۆرت دانی دوسیەی ئەتۆمیی ئێران بە ئەنجومی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی لەسەر هەڵوێستی خۆی پێدابگرێ، دەتوانێ وڵاتی ئێران بەرەو رووی سزا نێونەتەوەییەکان بکاتەوەو نەتەوەکانی ئێران بەرەورووی گیروگرفتو دژاویگەیی زۆری دیکە بکاتەوە.

لە بارودۆخێکی وادا، سروشتییە، کە بەرپرسیاریەتیی ئەو ئاکامە زیانبارانە کە لە سیاسەتە نابەجێیەکانی رێبەرانی رێژیمەوە سەرچاوە دەگرن بەر لە هەموو کەسێك، لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە کە بە هەڵسوکەوتی قەیران خوڵقێنو درێژەپێدانی سیاسەتی ئاڵۆزی خوڵقێنی خۆی وڵاتو خەڵکی ئێران بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبا.

لە بارودۆخی هەستیاری ئێستادا تەنیا رێگای دەربازبوونی خەڵکی وڵاتو گەلانی زۆرلێکراوی ئێران لە چارەنووسێکی وەهادا دەستپێکردنەوەو پەرەپێدانی هەمەلایەنەی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران بە مەبەستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵە، کە لەودا گەلانی ئێران بۆ مافو ئازادییەکانی خۆیان بگەنو لەئاکامدا کۆمەڵگای جیهانییش لە مەترسیی بوونی رێژیمێکی قەیران خوڵقێن وەك کۆماری ئیسلامی رزگار بێ.

**کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ**

**٨٤/١١/١٣**

# خوێندنەوەی وتاری "وتووێژێك لەگەڵ خۆمدا"

## کە لە بڵاڤۆکی "چشم انداز ایران"، تایبەت بە کوردستان، ژمارە ٢ چاپو بڵاو بۆتەوە

ئازاد مەریوانی
وەرگێڕانی: عەلی بداغی

لێکدانەوەی پرسە سیاسییەکانو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەمەزهەب، کاتێك مەنتیقیو بەجێیە کە شرۆڤەکەر، سەربەستی، ئازادیو توانایی پێویستی بۆ ئەو مەبەستە هەبێو، لە خۆی رابیبینێ بەگژ باسەکەدا بچێو خاوەنی روانگەیەکی بەدوور لە هەرچەشنە دەمارگرژیو کارتێکەریی نێو حیزبو لایەنە سیاسییەکان بێ، کە بە خۆشییەوە، ئاغای کەیخوسرەوی وێڕای لاوازیو چالاك نەبوونی لە ڕووداوەکانی کوردستانو ئێران، چ لە سەرەتای شۆڕشو چ دواتریش، لە هەر جێیەك لە وتووێژ لە گەڵ خۆیدا، تووشی پارادۆکس دێ، وا دەنوێنێ کە ئەو کەسایەتییەکی ئەوتۆ نەبووە. ئێستاش کە تەواو دۆڕاندویەتیو دەزانێ کێشەی کورد بەجیهانی بووەو ڕێگەی گەڕانەوە بۆ نێو ئەو نەتەوەیەی نیە کە خەیانەتی پێ کردوە، وای زانیوە کە ڕەنگ بێ لاوانی کورد، ئاگایان لەوە نەبێ کە چی بەسەر نەتەوەکەیاندا هاتووەو بەمجۆرە، تاوانی کردەوەکانی بداتە پاڵ حیزبە سیاسییەکانو بە ئەستۆی ئەوانی دا ببڕێو وا بنوێنێ کە لە نێوخۆی وڵاتدا، کەس ئاگای لە ڕووداوەکانی کوردستان نیەو حیزبە سیاسییەکانیش نە بواری قسەکردنو نە ڕێگەی ئاخافتن سەبارەت بە باسەکانی کوردستانیان هەیە، دەنا لە کوێی دنیا دیتراوە کە کابرا وتووێژ لەگەڵ خۆی بکاو سەفسەتە دەروونییەکانی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ حیزبگەلێك بخاتە ڕوو کە تەنانەت ئەندامەکانیان مافی ژیانو ناشتنیشیان لە وڵاتی خۆیاندا نیەو ئەوجار خەیانەت بە خزمەت دابنێو ئازایەتیو لەخۆبردووییش بە ئاژاوەگێڕی؟

ناوبراو لە لاپەڕە ٥٧دا باس لە ناشارەزایی بەرپرسان لە کاروباری کوردستان لە سەرەتای شۆڕش دەکاو حیزبە کوردستانییەکان بە ئاژاوەچیو تێکدەر دادەنێ. ئێستا بە تێپەڕبوونی ٢٧ ساڵ لە دەسەڵاتدارەتیی ئەوان بەسەر کوردستانداو بە لەبەرچاوگرتنی تەقینەوەی پێوەندییەکانو بەجیهانیبوونی کێشەی کوردو بەشداریی خەڵك لە ڕەوتی ٢ی جۆزەردانی ٧٦، هەڵبژاردنەکانی شوراکانو هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی مەجلیسو هەوڵەکانی نوێنەرانی فراکسیۆنی کورد، ئەدی چ گۆڕانێك بە سەر ڕەفتاری بەرپرسانی حکوومەتیو بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووریو ئابووریی کوردستاندا هاتوە؟

**عێراقییەکان پێشنیاریان بە دوکتور قاسملوو دا کە ئەگەر تەنیا واز لە داکۆکیکردنی جەلال تاڵەبانی بێنو پشتی بەر بدەن، هەرچی بیانەوێو داوای بکەن، دەیاندەنێ، بەڵام دوکتور قاسملوو لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیارەدا دەڵێ: "زمانو پێنووسی قاسملوو قەت دژی کورد ناگەڕێن"**

تێڕوانینو روانگەی بەرپرسان، سەبارەت بە نەتەوەی کورد، تووشی چ گۆڕانێك هاتوە؟

ئەگەر جارێك بە دەقی وتووێژەکەتدا دەچوویەوە، ئەوجار دەتزانی چ پێکناکۆکیو پاردۆکسێك لە بیرکردنەوەکەتدا هەیە.

لە لاپەڕەی ٥٩دا هاتنە دەرێ لە حیزبی دێموکرات بە لادانی حیزب لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی!و هاوئاهەنگ نەبوونی لەگەڵ ویستی نەتەوەی ئێران! دەبەستییەوەو بەدوای خۆ بە دەستەوەدانو هاتنە دەرێت لە ناوەندێکی فەرهەنگیی کورد بە گوێنەدانو کەمتەرخەمیی بەرپرسان بۆ داواکانت دەگەڕێنیەوە.

لە لاپەڕەکانی ٥٩و ٦٠دا سەبارەت بە ئیددیعاکانت لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوەی کورد بە کەیفی خۆت قەڵەمت تاوە داوە. مەگین نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتاوە، زیاتر لەوەی جەنابتان باسی دەکەن، داوای دەکرد؟ یان تەنانەت بە کەمتر لەوەش رازی نەدەبوو؟

لە لاپەڕەی ٩و مانشێتی وتووێژەکەی "کرمانی"دا، ئەو نەتەوە بەو هەموو قەناعەتەی بە لانیکەمی مافەکانی، چۆن بوو وەها کەوتە بەر پەلامارو سەرکوت کرا؟ دوای خۆ بەدەستەوەدانو هاوپەیمانیتان لەگەڵ توودەییەکان، "ئەکسەرییەت"و مەکتەبییەکان کە پێتان وابوو چارەسەری کێشەی کورد ڕێکاری نیزامیی نیە، توانیتان چ کارێك بۆ ئەو نەتەوەیە بکەن؟ بەڕاست ئەو پاڵپێوەدانو خۆهەڵواسین بە دەسەڵات جگە لە بەرژەوەندیی ماددیی خۆتان چ قازانجێکی بۆ ئەو خەڵکە لێ کەوتەوە؟ باس لەوەش بکەن کە چییان بەسەر هێنانو ناوێرن باسی بکەن. بەستە! ئێوەش خۆتان حەتمەن ئاژاوەچی بوون؟

لە لاپەڕەی ٥٩دا باس لە پێوەندیو هاولایەنیی حیزبە سیاسییەکان لەگەڵ بەعسییەکان دەکەن، بەڵام بزانن کە دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی خەباتکاری لە مێژە سەلماندویانە کە هەرگیز نەتەوەو نیشتمانیان نافرۆشن.

ئیدگار ئۆباڵانس لە لاپەڕەی ١٠٨ی کتێبی "خەباتی کوردەکان"دا دەنووسێ: لە ساڵی ١٩٧٣دا دوکتور قاسملوو، مامۆستای زانستە سۆسیالیستییەکانی زانکۆی فەرانسە، لە نێوان هەردوو بەرداشی دەوڵەتەکانی عێراقو ئێران، بە مەبەستی بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات، گەیشتە بەغداو هاتەوە کوردستان. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە لەو سەروبەندەدا کوردەکانی عێراق بەتایبەت بارزانییەکان، بە پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران دژی حکوومەتی عێراق ڕاپەڕیبوونو لە بەرەی شەڕدا بوونو لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات ناکۆکیی زۆریان هەبوو.

دەوڵەتی عێراق ئەوەی بە هەل دەزانیو بەردەوام داوای لە قاسملووو دەفتەری سیاسیی حیزب، دەکرد لە ڕاگەیەندراوێکدا شەڕی بارزانیو هاوڕێیانی دژی عێراق مەحکووم بکەن. قاسملوو وەڵامی داوە کە لە نێو کورداندا باوە کە "دوژمنی ئەوڕۆ لەوانەیە دۆستی سبەینێ بێ". هەر بۆیە نە قاسملووو نە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەو کارەیان نەکرد تا ئەوەی کە کار گەیشتە جێیەك لە ژێر فشاری دەوڵەتی عێراق ناچار بوون لە شاخەکانی کوردستاندا بگیرسێنەوەو بەشێکیشیان عێراق بەرەو وڵاتانی دەرەوە بەجێ بێڵن.

کریس کوچێرا لە کتێبی "شوناسی کورد یا خەونی سەربەخۆیی"دا دەنووسێ: لە بەهاری ١٩٨٨دا کاتێك کە ئەرتەش، سوپا، هێزەکانی بەسیجو بەکرێگیراوانی نێوخۆیی لە بەرەی شەڕ دژی حیزبی دێموکراتدا بوونو حیزبیش لەگەڵ کۆمەڵە تووشی ناکۆکییەکی قووڵ هاتبوو، عێراقییەکان پێشنیاریان بە دوکتور قاسملوو دا کە ئەگەر تەنیا واز لە داکۆکیکردنی جەلال تاڵەبانی بێننو پشتی بەر بدەن، هەرچی بیانەوێو داوای بکەن، دەیاندەنێ، بەڵام دوکتور قاسملوو لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو پێشنیارەدا دەڵێ: "زمانو پێنووسی قاسملوو قەت دژی کورد ناگەڕێن." لەو هەلومەرجە دژوارو قەیراناوییەدا، کۆڵ نادا و مل بۆ وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی ڕادەکێشێ تا ئەوەی کە لەسەر مێزی وتووێژی لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیدا گیانی بەخت دەکاو بەڕێزیشیان! دەفەرموون! دوکتور قاسملوو بە پێچەوانەی بڕیارەکانی حیزبی دەستی بە وتووێژ کردبوو.

دوکتور مەحموود عوسمان رووناکبیری بەناوبانگی کوردو هاوڕێی دوکتور قاسملوو لە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣و لە ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا دەڵێ: هەرکام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەر هەلومەرجی دژواری ناوچەکەو هەڵکەوتوویی جوغرافیایی بێ ئەوەی بیانەوێ، تووشی بەسراوەیی بە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانی کوردستان بوون، بەڵام ئەو خاڵە لە حیزبی دێموکراتدا لاوازترەو من خۆم کە

**دوکتور مەحموود عوسمان رووناکبیری بەناوبانگی کوردو هاوڕێی دوکتور قاسملوو لە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٨٣و لە ساڵڕۆژی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا دەڵێ: هەرکام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە بەر هەلومەرجی دژواری ناوچەکەو هەڵکەوتوویی جوغرافیایی بێ ئەوەی بیانەوێ، تووشی بەسراوەیی بە دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانی کوردستان بوون**

بەرپرسی هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکانی حیزبی بەعس بووم، تەنیا بەڵگەیەکی هاوکاریی حیزبی دێموکراتم لەگەڵ بەعس چاو پێ نەکەوتوە، لە کاتێکدا سەدان بەڵگەی پیلانی بەعسییەکانم دژی حیزبی دێموکرات وەدەست کەوتوە.

لە لاپەڕەکانی ٦٠و ٦١ لەگەڵ چەند فاقێتی لە بیروبۆچوونەکانتدا کەوتوویەتە داکۆکیکردن لە لێژنەی نیازپاکیی نەتەوەی کوردو باس لە روانگەکانی سەحابیو سەباغیان دەکەی کە کوردەکان سەربەخۆییخوازو جوداییخوازنو دەڵێی کە من لە بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتدا چاوم بە جوداییخوازیی نەکەوتوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەك بەو کۆنگرەیەی لە پاییزی ئەوساڵدا لە ئامریکا بۆ نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران ڕێك خرا، ناکەن کە تێیدا عەرەبەکانو تورکەکان لەگەڵ ئەوەی کە پەلاماردەرانو داگیرکەرانی مێژوویی وڵاتەکەمان بوون، چۆن بە ئاشکرا باس لە سەربەخۆیی ناوچە عەرەبو تورك نشینەکان دەکەن. بەڵام دوکتور مورتەزا ئیسفەندیاری، نوێنەری حیزبی دێموکرات، لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕین بە پارچەپارچە بوونی ئێران، قامك لە سەر فیدراڵیزم، وەك گونجاوترین ڕێگای یەکیەتیی نیشتمانیو چەسپاندنی مافی بەرامبەر بۆ هەموو نەتەوەو ئایینەکان لە ئێراندا، دادەنێ.

ئاغای کەیخوسرەوی! دەبێ ئەوە بزانن کە کێشەی کورد بە جیهانی بووەو سەدەی ٢١ تەشقی گەشەی مافی نەتەوەکانەو هەر ئێوەش بە تەنیا نین کە دژی ئەم شەپۆلە وەستاون، بەڵکوو سەڵتەنەتخوازەکان، پان ئێرانیستەکان، کۆمۆنیستەکان، بناژۆو ئیسلامییەکان، توودەییو ئاغاکانی ئێوە کە لەبەر خەیانەت ملکەچی بۆ دەسەڵات لە پێش چاوی ئەو نەتەوەیە ریسوا بوونو گۆڕەپانی خەباتیان چۆڵ کردوەو ڕێگەی گەڕانەوەیان نیە، ناچارن کێشەکان بەراوەژوو نیشان بدەن، تا بەشکم لە کۆیادی مێژوویی خەڵك چووبێتنەوەو دیسان فریوتان بخۆنەوە، بەڵام دڵنیا بن کە خەڵك ڕێگەی خۆیان دیتۆتەوەو ئێوەش چیتان لە مێشکی ئاڵۆزتاندا هەیە، بیخەنە دەرێ تا باشتر بناسرێن. دەنا هەر لەو ڕۆژانەی ٦٠ ساڵ لەوە پێشڕا کە کوردەکان بانگی دێموکراسییان بە گوێی ئێرانییەکاندا دەدا تا ئێستاش کە دێموکراسی نەچۆتە مێشكو خەیاڵگەی دەسەڵاتدارەکانەوە، کورد قەت ڕێگا چارەسەری کێشەکەیان بە پەنابردنە بەر توندوتیژی نەزانیوە، بەڵکوو وتووێژو دانوساندنیان وەك باشترینو گونجاوترین چارەسەری باس کردوە. ئەوە نیشتمانی کورد بوو کە لە بەر بەرگریکردن لە ئێرانیبوونو دێموکراسی، کەوتە بەر پلامارو کەس متەقی لێوە نەهاتو بۆ پاساودانەوەی سەرکوتەکان، وشەی جوداییخوازییان قوت کردەوە. بۆ وێنە ئەو ڕۆژانەی کە بە "فتوای جیهاد" دژی کورد، هێزەکانی "موجاهید"و بەسیج بە فەرماندەیی ژینراڵەکانی ئەرتەشی پاشایەتی، پەلاماری کوردستانیان دەداو بەرپرسانی پۆتین لە پێ (بەنی سەدر)و تانكنشین (تاڵەقانی)، بانگەشەی جیهاد دژی چەوساوەترین نەتەوەی ئێرانیو سەرکوتیانی دەکردو بەزەییان بە پیرو بەساڵاچووو نەخۆشو پەككەوتەوەدا نەدەهاتەوەو تەنیا بە تاوانی کوردبوون بە بێ دادگاییکردن دەبرانە پێی سێدارەو دوای ٢٠ ساڵ دەیانگوت: ئەگەر دیسان زیندوو ببنەوە، هەر ئێعدامیان دەکەینەوە (خەڵخاڵی)، کێ بوو ئەو سەردەمە کە دەیگوت، "کێشەی کورد ڕێگەچارەی نیزامیی نیە؟" کێ بوو هاواری دەکرد: ئێمە لەو شەڕەدا کە قەت نەمانویستوەو بە سەرماندا سەپاوە. ئەگەر جارنا جارێ لە مەهاباد یا کامیاران هەڵدەکوتینە سەر پەلاماردەرەکانمان، مەبەستمان نیە تەفرو توونایان کەین، لێیان دەدەین تا بڵێن بۆ لێمان دەدەنو بەو جۆرە لە گەڵیان بکەوینە وتووێژو دانوساندن.

دیسان لە لاپەڕە ٦٠دا بە ئاماژە بە ناشارەزایی بەڕێز! سەباغیانو سەحابیو هاوبیرانیان لە سەر ڕەوشی کوردستان کە لە ڕیزی پاکترین کەسانی سەرەتای شۆڕش بوون، بە قسەی خۆتان هەر ئەو کەسانە بوون کە دەیانگوت: دەبێ خاکی کوردستان بە توورەکە بکێشرێو "حەسەنی"و جینایەتەکەی کە لە قارناو قەڵاتان کردی، بە خزمەتگوزاریی شۆڕش ناو دەبەن. خەڵخاڵی لە تەواوی ماوەی مەئمووریەتەکەیدا لە گەڵیان بووو دەگەیشتنە هەر شارێکی کوردستان، ئێعدامی ٤٠ ـ ٥٠ کەسەی وەرێ دەخستو لە هەمووی جێی داختر ئەوەی کە ئێوەش بە جۆرێك ئەو ئێعدامانە بە بیانووی باڵکێشانەوەی ئەمنییەت! بە سەر کوردستاندا پاساو دەدەنەوە. لەو لاش دەبینین کە "کرمانی" دەڵێ من قایل نەبووم بەوەی کە خەڵخاڵی بێتە کوردستان، بەڵام تا من لە مەهاباد زانیم ئەو لە فرۆکەخانەی سنە ١٦ کەسی بەبێ دادگاییکردن ئێعدام کردبوو (لاپەڕەی ٨). دواتر لە لاپەڕەی ٧٢دا دێیە سەر ڕەخنەگرتن لە کەسایەتیی بەرزی دوکتور قاسملوو کە دنیا دان بە تواناییو نیازپاکیو لێهاتوویی دادەنێ. دیارە من گلەیییەکم لە ئێوە نیە. چونکە دەزانم کە ئێوە بەکرێگیراون. خۆتان باش دەزانن "گەورە نابێ، ئەوەی گەورەکان بە بچووك دادەنێ" دەنا چۆنە هەر لەو بڵاڤۆکەدا "کرمانی" دوکتور قاسملوو بە کەسایەتییەکی بەرزو ئاکادیمی ناو دەبا؟ لەوانەیە لە خۆتان دەرچووبێتو بەو کارەتان پێتان وابووبێ کە ڕکەبەری ئەون. لەوەشدا دەبوا ئینسافتان هەباو ڕاستییەکانتان بەراوژوو نەکردبانەوە، یا خۆ ئەوەی کە ڕەخنەکەتان بە پێی ڕاستییەکان باس کردبا، چونکە باش دەزانن کە دوکتور قاسملوو کەسێك بوو کە وەك ئورووپاییەکان دەڵێن "ئەخلاقی بە سیاسەت بەخشی"، لە هەموو ماوەی ژیانی بەنرخیداو هەر لە بە ئەندامبوونی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات تا دژایەتیکردنی "ئاغایەتی"ی باوکیو ڕێکخستنی میتینگەکانی پشتیوانی لە بزووتنەوەی میللیکردنی نەوت، بە سەرۆکایەتیی د. موسەددیقو خوێندن لە ئورووپاو لێ ئەستاندنەوەو هەڵوەشاندنەوەی بوورسی خوێندنی دوکتوراکەیو بووژانەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب لە دوای کۆماری کوردستان، دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان"و نووسینی "کورتەباس" وەك ڕەخنەیەك لەسەر کۆمۆنیزم، ئەوەی تەنگی بە ئێوە هەڵچنی، وەك بۆچوونێکی زانستیو دیپلۆماسی، نێوبژیوانیو پشتیوانی لە وتووێژو چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق لە ڕێگەی سیاسی لە نێوان حکوومەتی عێراقو مەلا مستەفا بارزانیو دەرکەوتنی کاریگەرو ڕۆڵی بەرچاوو دیرۆکیی لە نێو کوردەکانو بەشداریی چالاك لە شۆڕشی ١٣٥٧ی خەڵکی ئێرانو چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕێبەرو بەرپرسانی ئێران، بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوەیی کوردەکان، وەك بەشێك لە خەڵکی ئێرانو بانگهێشت کردنی لیژنەی نیازپاکی بۆ کوردستان، بۆ پێشگرتن لە شەڕو براکوژیو قایلبوون بە کەمترین ماف بۆ ئەو نەتەوەیەو تەنانەت قبووڵکردنی تاوانی سازشکاری کە خۆی دەیفەرموو "بەڵێ من سازشکارم، چوونکی نامهەوێ دڵۆپێك خوێنی نەتەوەکەم برژێ"و بەختکردنی بەنرخترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانی، لەسەر مێزی وتووێژو یەکێك لە دیاردەکانی رووناکبیریی کوردیو دێموکراتترین مرۆڤ لە کردەوەداو تەنیا ڕێبەرێك کە حازر نەبوو دەستێوەردان لە کاروباری حیزبەکانی دیکەدا بکاو ئیجازەی نەدا لە خاکی کوردستانەوە عێراقییەکانو موجاهیدەکان هێرش بەرنە سەر ئێرانو سەدان خاڵی دیکە...

لە لاپەڕەی ٦٥دا باسی شیعەو سوننییەکانتان هێناوەتە پێشێ. لەوانەیە ئەوە یەکێکی دیکە لە پیلانە تێکدەرانەکانی ئێوەو مەکتەبییەکان بۆ تەگەرەخستنە سەر ڕێی مافی نەتەوەیی کورد بێ، دەنا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، قەت باسی مەزهەبیان نەهێناوەتە گۆڕێو پێیان وایە کە کێشەی کورد، کێشەی ئایینو مەزهەب نیەو کوردەکان بە هەموو ئایینو بیروباوەڕێکەوە هەر یەكو خاوەنی مافی یەکسانو بەرامبەرنو ئەوەی بۆ حیزبەکان گرینگ بووە، دەستەبەرکردنی ئەو مافە بۆ هەموو کوردەکان بە هەموو جۆرە ئایینو بیروباوەڕێك لە کوردستانو ئێران دایە.

**دوکتور قاسملوو کەسێك بوو کە وەك ئۆرووپاییەکان دەڵێن "ئەخلاقی بە سیاسەت بەخشی**

لە لاپەڕەی ٦٨و ٦٩دا، لەگەڵ ئەوەی خۆتان بە قەرزداری ڕۆشنگەریی حیزبی توودە دەزانن، دەڵێن کە پێرەوانی کۆنگرەی چوار، شوێنکەوتووی حیزبی توودە نەبوون. ئەوە ئەو پەڕی ساویلکەیییەو، دەنا هەموو هەڵسوکەوتو هەڵوێستەکانی ئێوە بۆ باوەش گرتنەوە بۆ دەسەڵاتو خۆخزاندنە ژێر سێبەری هەر کارتێکەریی حیزبی توودە بوو، کە پێیان وابوو کۆماری ئیسلامی ساویلکەیەو بە دزەکردنو دارشتنی پلانێكو بەرنامەیەك دەتوانن بیخەنە پەراوێزی دەسەڵاتەوەو دەکەونە خزمەتکردنی ئاغا کۆمۆنیستەکانیان. ئەگەر ئێوە گوێرایەڵو بەسراوەی حیزبی توودە نەبوونو وەك لایەنێك لە حیزب جیا ببوونەوە، بۆ درێژەتان بەو کارە دا کە توودەییەکان کردبوویانو لە دواجاردا، وەك خۆت باسی دەکەی، بەشێکیان چوونە ریزی ئەوانەوە؟ بۆچی وەك ڕەوتێکی سەربەخۆو حیزبێکی تازەو یاسایی، نەکەوتنە شوێن کێشەکانی کوردستان؟ مەگەر خۆت بە خزمەتگوزاری خەڵکی کوردستان دانانییو ئیددیعای شانازی بەو خزمەتە ناکەی؟ ئەگەر بە پاراستنی هەر ئەو بۆچوونەی ئەو کاتەتان، واتە هاوپێوەندی لەگەڵ نەتەوەی ئێران! لە ژێر چاوەدێریی کۆماری ئیسلامی، حیزبێکی کوردیتان دامەزراندبایە، دیسان لەوانەیە ئیددیعاکەتان جێی باوەڕ بوایە.

لە لاپەڕەی ٦٩ گلەیی لە حیزب دەکەن کە نەیتوانی گرووپێکی بچووکی نەیار لە بەرامبەر خۆیدا ببینێو خۆتان هەڵدەکێشنو لە حیزبە کوردییەکان داوا دەکەن کە ڕێگە بدەن خەڵك بۆ خۆیان بڕیار بدەن. ئێوە کە خۆتان دژی حیزب بوون، چ چاوەڕوانییەکتان لە حیزب هەبوو؟ بەو هەموو پێداهەڵگوتنەکان بە کۆماری ئیسلامی، ئەدی بۆ ئەو ڕێگەی پێ نەدان بیروبۆچوونو روانگەکانتان کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئێران بوو، بخەنە بەر باسو کاری بۆ بکەن؟

ئەگەر بەڕاست خاوەنی ئەندێشەو بیرێکی گەورە بوون، چۆنە نەتانتوانی بەو ئاوەزمەندییە مەزنەتان کارێك بۆ نەتەوەی کورد بکەن؟

سەبارەت بە بڕیاردانو هەڵبژاردنی خەڵك، دەبێ بڵێم چونکە ئێوە لە خەڵکی دابڕاون، خەڵکی ناناسن. ئەگەر خەڵك بڕیاری خۆیان نەداوە، ئەدی کێ بە بێ هیچ چاوەڕوانیو دەسخۆشانەیەك ٥ هەزار کەس لە پێناوی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا بەخت کرد؟ ئەدی هەموو ڕەوتەکانی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٠ بەدواوە چ لە ٣ی ڕەشەمەو چ لە ڕێوڕەسمی نەورۆزو چ لە هەڵبژاردنەکانی شوراو خولی شەشەمی مەجلیسو هاوینی ٨٤ جگە لە پێناوی وەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد، لە پێناوی چدا بوو؟

***

### دوکتور رۆئیا تلووعی، رووناکبیرو تێکۆشەری مافی مرۆڤ:

# لە سەرهەڵدانەکانی هاوینی ئیمساڵدا گیرام و ٦٦ رۆژ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بووم

بەشی یەکەم

سارینا

دوکتور رۆئیا تلووعی سەرنووسەری گۆڤاری ژنانەی " ڕاسان"، ناوێکی ئاشنایە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕیزی پێشەوەی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤو چالاکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە. پاش ڕوداوەکانی هاوینی ڕابردوو، بە ناجوامێرانە شەهیدکرانی لاوێکی نیشتمانپەروەری مەهابادی بە ناوی "شوانە سەیدقادر" بە دەستی بەکرێگیراوانی ئیتلاعاتی رێژیم، زنجیرە خۆپیشاندانێکی ئیعترازیی خەلکی قارەمانی مەهابادو دواتریش باقیی شارەکانی کوردستانی لێ کەوتەوەو لە ئەنجامی سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی نیشتمانپەروەری کورد، شەهیدو بریندارو، بە سەدان کەسیش لە مەهابادەوە بگرە تا سنەو کرماشان دەسگیر کران. لەو سەروبەندەدا ناوی ئەو خاتوونە بوێرەی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردی رۆژهەڵات، وەك کەسێك کە ڕاشکاوانە خوازیاری دەسگیرکران و سزادرانی دەستوردەرانو بەڕێوەبەرانی کوشتاری لاوانی کورد لە مەهابادو باقیی شارەکانی کوردستان بوو، لە ڕاگەیەنە گشتییە سەربەخۆکاندا زیاتر هاتەوە بەرباس. تا ئەوە کە ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە ریکەوتی ٢٠ ی گەلاوێژی ١٣٨٤ دەسگیریان کردو بۆ ماوەی ٦٦ رۆژ وەك خۆی دەڵێ لە بەندیخانەی شاری سنە لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەو ئازارەکانی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. خاتوو رۆئیا تلووعی بە زەمانەت تا کاتی دادگایی کران لە بەندیخانە ئازادکرا و بە ناچار ڕووی کردە دەرەوەی وڵات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە پێی نێوەرۆکی میللی ـ دێموکراتیکی خۆی، هەموو کات پشتیوانیی مەعنەویی لە تیکۆشانی رۆئیا تلووعیو هەموو ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناوی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستانو خەبات بۆ بەرامبەریی ژنو پیاو لە کۆمەڵدا کردووەو دەکا. بەڵام هەلومەرجی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئیزنی نەداوە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانیی ڕاشکاوانەی خۆی لەو خاتوونە بەرێزەو باقیی تێکۆشەرانی کوردی نیشتەجێی کوردستانی رۆژهەڵات، دربڕی، تا نەبێتە بیانوویەك بە دەستی بەکرێگیراوانی رێژیمی ئیسلامییەوەو نەتوانێ دەسگیرو سەرکوتیان بکا.

ئیستا کە دوکتور رۆئیا تلووعی لە دەرەوەی وڵاتە، هەلمان بۆ ڕەخسا لە نزیکەوە وتوویژێکی لەگەڵ پیك بینین.

**پ: ویڕای بەخێرهاتنی خاتوو رۆئیا تلووعی، سەرەتا پێم خۆشە خۆتان بە خوینەرانی " کوردستان"و " ئاگری" بناسینن؟**

و: من لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری بانەو لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگی لە دایك بووم. بەڕێز کاك هاشمی کەریمی دۆستی باوکم بووەو ناوی منی ناوە تریفە، بەڵام لە ناسنامەدا ناوم رۆئیایە. ناوی تریفە بەهۆی ئەوەی پیشمەرگەیەك بۆی هەڵبژاردووم لام زۆر ئازیزو گرنگەو زۆربەی دۆستانی سیاسیو فەرهەنگیم هەر بەو ناوە بانگم دەکەن. نەورۆزی ئیمساڵ کاك هاشم لە لەندەنەوە تەلەفۆنی بۆ کردمو پیی خۆش بوو کە من هەمان کچە بچکۆلەکەم کە ئێستا خەریکی خەباتم لە جێبهەیەکی فەرهەنگیدا، و دیارە بیستنی دەنگی دوای ساڵها دووری، زۆر خۆش بوو بۆمان.

بەهەرحاڵ من لە بانە دیپلۆمم وەرگرتو بەهۆی ئەوەی دەرسم زۆر باش بووو بەردەوام خوێندکاری پلەی یەکەمی پۆل بووم، هەرچەند لە گەرماوگەرمی شەڕی ئێرانو ئێراقو ئاوارەییو دەربەدەری لە دێهاتەکاندا بووین، توانیم لە زانکۆ قبووڵ بمو دوکتۆرای زانستی تاقیگە لە زانکۆی مەشهەد وەرگرمو هەر لەوێش لەگەڵ کوڕێکی فارسی هاوپۆلم بە مەرجی گەڕانەوەو خزمەت لە کوردستان، ژیانی هاوبەشمان پێك هێناو ئێستا دوو منداڵمان هەیە. دەورانی زانکۆم بەداخەوە دەورانی موسیبەتیش بوو. لەو ماوەدا ئامۆزاکەم بە دەست دزێك کوژراو قاتڵەکەی بە یارمەتیی رێژیم ئازاد کراو هەڵات، برایەکم بریندار بووو هەروەها برای گەورەم "بابەك" بە دەست پاسدارێکی تورکی ئەردەبیلی لە سەر سنوور شەهید کراو رێژیم بکوژەکەی بە بێتاوان ناسیو وتی براکەم چەکدار بووەو لە هێڵی سوور تێ پەڕیوەو دەبوا بکوژرایە!!! داخی بابەك بوو بە داخێکی گەورە لەسەر دڵمو هەتا هەتایە ئەو زوڵمەم لە بیر ناچێتەوە.

بەهەرحاڵ من گەڕامەوە بانەو یەکەم تاقیگەی نادەوڵەتیی بانەم، دامەزراندو چەند ساڵ خزمەتی خەڵکەکەم کردو هاوسۆزیی خەمەکانو ئێشو ئازارەکانیان بوومو خەڵکیش زۆر بەدەورمەوە بوونو هەر بەو بۆنەوە کەوتمە بەر چاوی ئیتلاعات و پێم حەساس بوونو جاری واش بوو بە یارمەتیی موچەخۆرەکانیان لە بیمارستانو برێك مەتەب ئازاریان دەدامو کەندو کۆسپیان دەخستە سەر رێگام. لە لەوێ، منیش چوومە سنە. بە زەحمەتێکی زۆر توانیم تاقیگەکەم لە چنگی کەسێکی غەیرە کورد کە خەریك بوو دەیخواردو نابووتی دەکرد ( ژنو کوردی بە نەزانو سادە دەزانیو پێی وا بوو بە پشت بەستن بە دەسەڵاتەوە دەتوانێ ماڵو موناتی من بخوات) رزگار کەمو بیبەم بۆ سنە.

خۆم بۆ نوێنەرایەتیی پەرلمانی شەشەم، بە مەبەستی دەربڕینی دەنگی ستەمێك کە لە کوردی رۆژهەڵات دەکرێ لە تریبوونی پارلمانەوە کاندید کردو پێم وابوو کاریگەرێتی زۆری دەبێ، بەڵام لە لایەن شورای نیگەهبانەوە ڕەدی سەڵاحییەت کرام. زۆری پێ نەچوو تێگەیشتم ئیسلاح تەلەبانیش هەر درۆ دەکەنو بە پێچەوانەی ئیددیعاکانیان هیچیان بۆ کوردو بۆ ژن پێ نیەو تەنیا مەبەستیان ڕاگرتنی رێژیمە لەو قەیرانەی کە تووشی بووە.

چالاکیی خۆمم لە بواری مافی ژنانو مافی مرۆڤو هاتنە پانتایی رۆژنامەوانی درێژە پێ داو جگە لە بەشداری لە کۆڕو کۆنفرانسی زۆر لەسەر کێشەی ژنان لە ناوو دەرەوەی وڵاتو پێوەندی لەگەڵ چالاکانی مەدەنیو بزاڤی ژنان لە ئێران هەلومەرجێکدا کە بەدوای سەرکەوتنی خاتەمیو ریفۆرمخوازاندا بەدیهاتبوو، وەك یەکەم ژن لە بانە هەڵبژێردرام بۆ شورای شارو هەڵبەت بۆ ئەوەش سەرەتا ڕەدی سەڵاحییەت کرامو بە هەوڵو تێکۆشانی خوالێخۆش بوو مامەقالەی بەهرامی، تەیید کرامەوە. لە شورای شار ئەوەندە وێستام تا شارەدارم لەداخی ئیتلاعاتو بە پێجەوانەی دەستووری ئەوان گۆڕی. بەهۆی ڕۆیشتنی هاوسەرم بۆ شاری سنە بە بۆنەی کڕینی ئازمایشگایەك


دوکتور رۆئیا، بە بارمتەی ١٠٠ میلیۆن تمەنی ئازاد کراوە

لە باشووری کوردستان، لەگەڵ دۆستانم ریکخراوەیەکمان بە ناوی "ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤو ئاشتی" دامەزراند کە رێژیم رێگای لێ گرتنو لەسەر ئەوەش بردیانم بۆ دادگا بە بۆنەی شکایەتی حیفازەتی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامییەوە. بەوەش نەبەزیمو دڵسارد نەبوومەوەو ئەمجارە مانگنامەیەکم لە خاوەن ئیمتیازەکەی بە کرێ گرتو تەواوی خەرجیم لە ئەستۆ گرت بۆ ئەوەی ژنانی رۆژهەڵات لە ناو وڵات تریبونێکمان بۆ خۆمان هەبێت کە بە بێ چاودێریو کۆنترۆڵی پیاوسالارانەی رۆژنامەوانانی پیاو، بتوانین باسی کێشەکانمان بکەین. لە سەرهەڵدانەکانی هاوینی ئیمساڵدا گیرامو ٦٦ رۆژ لە ژێر ئازارو ئەشکەنجە بوومو بە بارمتەی سەد میلیۆن تمەن بە شێوەی کاتی ئازاد کرامو ئێستاش لە ئێران نیم. دادستانیش بە پێی مادەی ١٨٦ی یاسای سزای ئیسلامی بە موحاریبی ناسیومو داوای توندترین سزای بۆ کردوم.

**پ: لە کەیەوە تێکۆشانی خۆتان لە بواری مافی مرۆڤو مافی ژنان‌دا دەست پێ کردوە؟**

و: دیارە چالاکیی بەرچاوو ئاشکرای من وەك زۆر لە چالاکانی مەدەنی‌تر لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای بڕێك کرانەوەی فەزای سیاسی بە شوێن هاتنی خاتەمییەوە دەستی پێ کرد. پێش ئەوە کارەکانمان زۆر ئاشکرا نەبووو دەرفەتیشمان نەدەدرا. ئێستاکەش وەڵامی چالاکیمان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە زیندانو ئەشکەنجەو هەڕەشەی مەرگو سێدارەیە.

**پ: دوکتور تلوعی، بە گشتی وەزعییەتی مافی مروڤو مافی ژنانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا چۆن دەبینن؟ ئایا لە بنەڕەتدا بە بوونی کۆماری ئیسلامی، هیچ ئاسۆیەك بۆ باشبوونی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بەدی دەکرێ؟**

و: دیارە کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە جاڕنامەی مافی مرۆڤ نیەو باسی مافی مرۆڤی ئیسلامی دەکاو روونە پێگەی ژنان لە وەها جاڕنامەیەکدا چۆنە. سەیر ئەوەیە ئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە پەیماننامەی مافی مرۆڤ، دەرنەچووەو بە پێی یاسای نیونەتەوەیی ناچارە ئەو جاڕنامە بەڕێوە بەرێ، بەڵام دەبینین بەردەوام پێشێلی دەکاو تەنانەت کۆنڤانسیۆنی لابردنی هەڵاواردن دژ بە ژنانیش پەسند ناکا.

بەو کردەوانەی کە تا ئێستا لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بیندراوەن، دیارە ئەگەر بیهەوێ بچێتە ژێر باری بەڕێوەبردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤو کۆنڤانسیۆنەکانی، وەك مافی نەتەوە کەمینەکانو "سیداو"، ئیتر ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێتو دەبێ بە کۆماری دێموکراتیکی ئێران. بەڕای من مافی مرۆڤو وەلایەتی فەقیه قەت قەت یەك ناکەون.

**پ: گۆڤاری ژنانەی "ڕاسان" کە ئێوە سەرنوسەری بوون، بۆچی تەنیا ٥ ژمارەی لێ بڵاو بووەوە؟ ئایا ئیستا کە لە دەرەوەی وڵاتن، نیازی سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارەتان نیە؟**

و: تا ئەو کاتەی خەرجی "راسان" لە ئەستۆی من بوو، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە زینداندا بووم، راسانمان چاپ کرد. سەیر ئەوەیە پارەی چاپی لە لایەن منەوە درا، بەڵام نەیانوێرا یەك دێڕیش لەسەر گیرانی من بنووسن! من کە لە ئێران هاتمە دەر بەداخەوە ئیتر چاپ نەکراوە. هیوادارم خاوەن ئیمتیازەکەی بتوانێ چاپی کاتەوە، بە تایبەت کە بڕێك پارەی لە نەبوونی مندا لە هاوسەرم وەرگرتوە بەهۆی تەواونەبوونی ماوەی قەراردادەکەمانەوەو هیوادارم خەرجی بەردەوامیی "راسان" بکرێ. بەهەرحاڵ لێرەشەوە، سوپاسی خاوەن ئیمتیازەکەی دەکەم کە لە بارودۆخێکدا کە رێژیم ئیمتیازی چاپەمەنیی بە کەسانی وەك من نەدەداو قەت تەییدی ئێمەمانانی نەدەکرد، دەرفەتی ئەوەی بۆ ژنانی رۆژهەڵات رەخساند کە گۆڤارێکیان بۆ خۆیان بێ. بە تایبەت ئەوەشم لەبەر چارە ئەو کاتە پێشنیاری پارەی چڕو پڕی پیاوانی بۆ بەکرێگرتنی گۆڤارەکە رەت کردەوە. سەبارەت بەوەش کە من لە دەرەوەی وڵات دیسان "راسان" بڵاو بکەمەوە یا نا، دەبێ بڵێم ئێستا لە بارودۆخیکدا نیم کە ئەو بڕیارە بدەم، بەڵام بە نیازم رێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤو ئاشتی بە یارمەتیی ژنانی کورد دابمەزرێنمەوە، زۆر چالاکتر لە جاران.

***

# لە قـامووسی فیمینیزمدا

(٧)

وەرگێڕانی: ب.هانا

### دایکایەتی

Motherhood

پێناسەو بایەخی دایکایەتی یەکێك لە سەرچـاوەکانی کێشـەو مشـتومڕ لـە فیمینیزمی هاوچەرخ دایـە. فایرسـتونو دوبووار، کۆتاییهێنان بە دایکایەتی لـەم فۆرمەی ئێستادا بە هۆکارێکی گرنگ لـە گـۆڕینی کۆمەڵگـەو بەرهەمهێنانـەوەی کۆمەڵایەتیدا دادەنێن. فیمینیستەکانی دیکە لەسەر ئەم بڕوایەن کە کێشە لەسەر خودی دایکایـەتی نیـە، بـەڵکوو ئـەوەی گرنگە جۆری نەهادینە (دامەزراو) کردنی دایکایەتی لە لایـەن کۆمەڵگەوەیـە، بـۆ نموونە رۆمانی خەیاڵیی شـارلوت پرکینـز گیلمـان، "ژنسـتان" (١٩٥١)، جهانێـك وێنـا دەکـا کـە لـەوێدا دایکایـەتی لـە کۆمـەڵێکی بێپیـاودا، لـە جیـاتی سەرکوتکەر بێ، چێژی تێدا هەیە.

مارگات مید دەریخست ئەو رەفتار، روانینو هەستانەی کـەلتووره جیاوازەکـان بـەهی دایکایـەتیی دادەنـێن، یـا لـە دایکایەتیی چاوەڕوانی دەکەن، بە گوێرەی هەلومەرجـە کۆمەڵایەتیـە جیاوازەکـان دەگۆڕێن (mead 1949).

کۆمەڵناسـان ئامـاژە بـە پێکهاتـەی فۆرمە جیاوازەکانی ژیانی بنەماڵەیی لـە کولتووری رۆژئـاوادا دەکـەن کـە ئاکـامو کاریگەریی گرنگـی لـە پێوەنـدی لەگـەڵ دامـــەزراوی دایکایـــەتیو گـــۆڕانی تێکنولوژیاییو ئابووریدا لێ دەکەوێتەوە (Bernard1974).

توێژینەوەی سەرلەنوێ، لە دایکایەتی لـە دەیـەی ١٩٧٠دا، بـە پێشـکەوتنی گـەورە لـە کـاری راڤـەی ژن تەوەرانـەدا دەژمێـردرێ. بۆچـوونی فایرسـتون لـەو بارەوە کە دایکایەتیو ئازادی بە تەواوی دژی یەکترن لەگـەڵ نارەزایـەتیی ئـادرین ریچ، دۆرۆتی دینرستێنو نانسـی چۆدۆرا رووبەروو بوو. ئەوان دەڵێن دایکایەتی لـە کۆمـەڵدا پێـك دێو لـەژێر کاریگـەریی پێداویستییە کەلتوورییەکان دایەو لەگەڵ هاتنـەخواری نێـونجی سـکوزا (زاوزێ) بەشداریی ژنان لە بەرهەمهێناندا و تەریك کەوتنـەوەی بنەماڵـەی نـاوکی (خـانوادە هسـتەای) گـۆڕانی بەسـەر دا دێ. بـە بۆچـوونی دینرسـتێن پـاوانکردنی دایکایەتی لە لایەن ژنانەوە، دەبێتە هۆی سستیو بێدەنگیی مرۆڤ. چۆدۆرا وێـڕای رەتکردنەوەی ئەم بۆچـوونە کـە ژنـان لـە باری خـودی (زاتـی)و سروشـتییەوە بـۆ دایکایەتی گونجاون، دەڵێ کچـان بـەهۆی پڕۆسـەی هەمەلایەنـەی دروسـتبوونی کەسایەتیی دەروونییانەوەیە کە دەیانەوێ بێن بە دایك، پرۆسەیەك کە لە ئەزموونـە عـەینی ـ پێوەندییـەکانی جیـاواز لـە ئـەزموونی کـوڕان پێـك هـاتوە. ژنـان سەرەڕای هەبوونی (ئـەزموونی) منـداڵیی تایبەت بە خۆیان، ناچـار بـە خولقانـدنی دووبارەی لە ئـەزموونی منـداڵیی خۆیـان دەکرێنەوە.

لێکۆڵێنـــەوەی دەروونـــی (دەروونناســـی)ی فیمینیســـتی لـــەم کێشـەیەدا لەگـەڵ فایرسـتون، ئـۆرتنێرو رۆزاڵدۆدا هاوڕایە کە بەرپرسایەتیی ژنـان لـە دایکایـەتیدا، هـۆی سـەرەکیی دابەشینی جینسـیی کـارو، بـەردەوامیی دەسەڵاتداریێتیی پیاوان بەسەر ژنان دایـە. بۆ وێنە، دایکایەتیو باوکایەتی دوو رۆڵی لێك نزیـك نـین، چـونکە باوکـان زۆر بـە کـەمی خۆیـان بـە کێشـەکانی ماڵـەوە ماندوودەکـەن. پـرۆژەی تیـۆریی دەروونناسـیی فەرانسـەیی، بـە لێـك جیاکردنەوەی بەشەکانی ئەم یەکیەتییـەی سیسـتەمی سـەمبۆلیكو سـەرنجدان بـە تایبەتمەندییەکانی فرەیی (کثرت)یە. هەم قوتابخانەی فەڕانسەییو هـەم قوتابخانـەی ئـەمریکایی دەروونناسـی، پـێ لەسـەر پێکەوە گرێدراویی تایبەتی نێوان دایـكو کچ دادەگرن.

فیمینیزمـی لیـبراڵ، "گرفـت"ی دایکایـــەتی لـــە رۆڵـــی لـــە لایـــەن کۆمەڵەوەدروستکراوو بـە پیرۆز دانـراوی دایکایـــەتیدا دەبینـــێ. فیمینیزمـــی سوسیالیستی لەم بڕوایەدایـە دایکایـەتی بۆیە گرفتخولقێنە چونکە لـە بەسـتێنی دەسەڵاتی ئابووریی نێرینەدا پێك دێ.

فیمینیزمی رادیکـاڵ داکـۆکی لەمـە دەکا کە دایکایەتی هەم سەرچاوەیەکە بـۆ بایەخەکانو تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە ژنان کە بناغەیـەك بـۆ کولتـووری ژنانـە دەخاتەروو، هـەم جۆرێکـە لـە سـەرکوتی ژنان کە بـەهۆی پیاوسـالارییەوە جێگیر بووە. ئادرین ریچ لە "ژنەزا" (١٩٧٦)دا، روونکردنەوەیـەکی تـەواو دەوڵەمەنـدی لـەباری دایکایـەتی وەك دامـەزراوێکی پیاوسـەرداریو، مێـژووو گـۆڕانی دایکایەتی لە سەردەمی کۆنەوە تا ئـەمڕۆ خستۆتە روو. ریچ، واتای دایکایەتی دەکا بە دووبـەش: "ئـەزموون"و "دامـەزراو" (نهاد). ئەزموونی دایکایەتی بریتییە لـە پێوەندیی توانایییـە نەناسراوەکانی هـەر ژنێـك لەگـەڵ دەسـەڵاتەکانی منداڵبەرهـەمهێنانی خـۆیو هـەروەها لەگـەڵ منـداڵان. بـەڵام دامـەزراوی دایکایـەتی، کـۆنترۆڵی ئـەم تواناییيانـە لەدەستی پیاودا دێڵێتـەوە. بە بۆچـوونی ریـچ هـەرکات دامـەزراوی دایکایـەتی لـەنێو بچـێ، دایکایـەتی بـۆ ژن دەبێتـە ئـەزموونێکی گۆڕانسـاز. هـەموو فیمینیستەکان لەگەڵ ریچ دا هاوبڕوان کـە ئەگەر بارودۆخو سروشتی پێوەندییـەکانی ژنان لەگـەڵ رۆڵـی لـە لایـەن کۆمەڵـەوە رێپێدراوی ئەوان لە منداڵ بەرهـەمهێنان دا، گـۆڕانی بەسـەردا هاتبـا، ئـەوکات ئـازادی لەهـەر شۆڕشـێکی کۆمەڵایـەتی شۆڕشگێڕتر دەبوو.

سەرچـاوە: "فـرهنگ نظـریـەهای فیمینیسـتی" (قامووسـی بـیردۆزە فیمینیستییەکان)، نووسینی مـەگیهام، سارا گەمبل ـ لاپەڕەکانی ٢٩١و٢٩٢

***



## بۆ هاوکاریی هێزە دێموکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 431   19 Feb 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

## Saral ( سارالْ ) : سارالْ

سارالْ لەو تاقمە بەرزایی‌یەکانی باکووری رۆژهەلاتی کوردستانە کە لە ناوچەی دیواندەرە هەلْکەوتوون. سارالْ لە روانگەی تیپۆلۆژیی چیاکانەوە، لە ریزی بەرزایی‌یەکانی زاگرۆسی رۆژهەلات دایە کە زۆر خەرەند، هەلْدێرو بەردی...یان تێدایە.

چیاو بەرزایی‌یە سەرکێش‌و جۆراوجۆرەکانی ناوچەی سارالْ، بەهۆی هەلْکەوتی بەرزی بانووی سارالْو هەزار کانیان سازگارترین جۆری ئاو و هەوای لە ئاستی تەواوی پارێزگەی کوردستان دا هەیەو خاوەنی زۆرترین لەوەڕگەو دەولْەمەندترین رووبەری گیایی‌یە. ئاو و کانیاوە وەرزی‌و هەمیشەیی‌یەکانی ئەم بەرزایی‌یانە، وێڕای هەوای فێنك بەهەشتێکی بێ‌وێنەیان لە گۆشەی رۆژهەلات‌و باکووری رۆژهەلاتی پارێزگەی کوردستان دا پێك هێناوە. سارالْ، نەك ترۆپکێکی تایبەتی، بەلْکوو بریتی‌یە لە ریزە بەرزایی‌یەکی بلْیندو نەوی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. بەفری هێندێك شوێنی سارالْ تا نێوەڕاستەکانی هاوین، لەسەر ترۆپکەکان دەمێنێتەوە. سەرنجڕاکێشترین سەیرانگەو شوێن‌و دیمەنە توریستی‌یەکان لەم ناوچەیە هەلْکەوتوون. بەرزایی بەرزایی‌یەکانی سارالْ خۆ لە ٤٠٠٠ میتریش دەدا. ئەم چیایە هیچ حەشارگەیەکی شاخەوانیی لێ دروست نەکراوە.

بەهۆی بارینی بەفرو بارانی زۆرو هەوای فێنك، سارالْ رووبەرێکی گیایی دەولْەمەندی هەیە کە لە کەما، لۆ، چنوور، منوك، بەنا، بەڕەزا، هەلْز، شنك، گێلاخە، کارگ، رێواس‌و کەنگر پێك هاتوە. هەروەها گیانلەبەرانی وەك کەروێشك، رێوی، ماری جۆراوجۆر، گورگ، کەو، ورچی قاوەیی، کەلْەکێوی، بزنەکێوی‌و هتد لەم چیایە هەن. ئاوەڕۆی سارالْ دەچێتەوە نێو چۆمەکانی قزل ئەوزەن‌و زەرینە. لە چیاکانی دەوروبەری سارالْ دەتوانین "موتا سووتیاو"، "پەلاڵوو"، "دەروێش ئەولیا"، "تعالْی"و "گولْجار" ناو بەرین. قەلای "سەید عەلی"و شاخی دەروەیان لە گرنگترین شوێنە دلْگرەکانی ناوچەن. بەهۆی لێژی زۆرو بەفرگربوونی بەرزایی‌یەکان، ئەگەری هاتنی لافاو و رنوو لە وەرزی سەرمادا زۆرە. زۆربوونی لەوەڕگە وای کردوە زۆربەی زەحمەتکێشانی دێهاتی داوێن‌و بناری سارالْ، بە ئاژەلْداری‌یەوە خەریك بن.



"مانگا هۆلْ" کانیی بەناوبانگ‌و "پەلە وشك" ناوبەدەرەوەترین دۆلْی ناوچەی سارالْن. "کۆلْ"، "دۆزەغەرە"، "دەرەویان"، "جانەوەرە"و "سەراوقامیش" لەو گوندانەن کە لە دەوروبەری سارالْ هەلْکەوتوون. سارالْ بۆ هەموو نەسلەکان‌و هەموو سەردەمەکان نقێمی بێ‌هاوتای سنعەتی توریستیی کوردستانە.

**کتێبی: "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اول: کوهها"**

**ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی**

## ژمارەی تازەی "لاوان" بلاو بۆوە

ژمارەی ١٣ی "لاوان" دەورەی دووهەم، سالْی حەوتەم، لەفۆرم و قەتعێکی جیاواز (لەرابردوو)دا، کەوتە بەر دەستی خوێنەران.

ژمارەی تازەی ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ژانویەی ٢٠٠٦ی وەك رێکەوتی دەرچوون لە سەر نووسراوە، لە باری دیزاینیشەوە، گۆڕانێکی بەرچاوی بە سەردا هاتوە.



بەشەکانی نوێترین ژمارەی "لاوان" بریتین لە: سیاسی، رووناکبیری، مێژوو، کۆمەلایەتی، ئەدەبی، نوێ قەلْەمان، هەمە رەنگ، کارو چالاکی، فارسی و کرمانجی. لە بەشی سیاسی‌دا سەروتار، پێناسەی "بالْبەندی"، حیزبی دێموکرات ئالاهەلْگری بیری هاو خەباتیی نێوان نەتەوەکانی ئێران، کورد و مافی چارەی خۆنووسین و، لە بەشی رووناکبیری‌دا: ماکیاڤلی و بیرۆکەکانی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی و وەهەمەکانی لاوانی رۆشەنبیر دەبیندرێ لە بەشی مێژوودا ئاورێکی کورت بۆسەر مێژووی گۆڤاری لاوان و، لە بەشی کۆمەلایەتییش دا: وانەکانی عیشق و خۆکوژیی ژنان سەرنج رادەکێشن، کۆمەلێك شێعرو چیرۆك نێوەرۆکی بەشی ئەدەبی پێك دێنن. لە بەشی فارسی‌دا وتارێك هەیە لەژێر ناوی "فلسفه چیست؟"

بە پێی ئاگاداریی ژمارە ٢٣ی "لاوان" ئەم گۆڤارە لە ژمارەی داهاتوودا فایلێکی تایبەت بە "تاراوگەنشینی"ی دەبێ، هەر بۆیە داوای لە نووسەران کردوە بابەتەکانیان لەو بارەوە، بەزوویی بۆ ئەم گۆڤارە بنێرن.

## گەلالْەی نوێ بۆ بەربەست کردنی ئازادی‌یە تاکەکەسی و کۆمەلایەتی‌یەکان لەگۆڕێ دایە

کانوونی نووسەرانی ئێران

کانوونی نووسەرانی ئێران لە بانگەوازێکدا کە لە مانگی رێبەندان دا بلاو بۆتەوە، رای گەیاند: "بەلْگە و نیشانەکان دەری دەخەن کە گەلالْەی نوێ بۆ بەرتەسك کردنەوەی هەرچی زیاتری مەیدانی تێکۆشانی ئەدەبی، فەرهەنگی و هونەری و ئازادی‌یە تاکەکەسی و کۆمەلایەتی‌یەکان لەلایەن دامەزراوەکانی دەست نیشانکراو بۆ ئەم بوارانە، لە گۆڕێ دان". بانگەوازی کانوون لەم پێوەندی‌یەدا "نەدانی ئیجازەی بلاوبوونەوەی کتێب، هەلْوەشانەوەی ئیجازەی پێشوو و ئیجازەی دووبارە بۆ چاپی هێندێك بەرهەم کە پێشتر رێگای بلاوبوونەوەیان درابوو و چەندین جاریش چاپ بوون"، وەك نموونە تازەکانی بەرتەسك کردنەوەی هەرچی زیاتری ئازادیی بیروراو دەربڕین و بەڕێوەبردنی پتری سانسۆر" ناوبردوون.

بانگەوازی کانوونی نووسەرانی ئێران، باسی گەلالْەیەك دەکا کە کۆمیسیونی فەرهەنگیی مەجلیس بۆ کۆکردنەوەی ئەو کتێبانەی بە وتەی کاربەدەستان کێشەیان لەسەرە، خەریکە ئامادەی دەکا. کانوونی ناوبراو فیلترینگی ماڵپەرە ئینتێرنێتی‌یەکان، بەربەست دانان و وەستانی بلاوکراوە خوێندکاری‌یەکان، سانسۆر کردنی رۆژنامەکان، هێرش بۆ سەر دامەزراوە مەدەنی‌یەکان بۆ وێنە رێکخراوە کرێکاری و خوێندکاری‌یەکان وەك چەند نموونەیەکی دیکە کە بەرتەسك کرنەوەی ئازادی‌یە تاکەکەسی و کۆمەلایەتی‌یەکان ناو هێناوە.

کانوون داوای لە خەلْکی شەریف و فەرهەنگ دوستی ئێران کردوە لە دژی سانسور و سەرکوت لەهەر فۆرمێك دا رابوەستن. داوای لە هەموو تاکەکان، دامەزراوەکان و رێکخراوە سەربەخۆ و ئازادیخوازەکانیش کردوە، ئەگەر لەگەلْ ئەم بانگەوازەدان، پشتیوانیی لێ بکەن.

## دەربڕینی نەفرەت لەسەر بناغەی ئایین!

رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون، بە بلاوکردنەوەی بەیاننامەیەك لەبارەی رووداوەکانی ئەم دوایی‌یانە لە پێوەندی لەگەلْ بلاوبوونەوی کاریکاتۆرە کێشە خولْقێنەکان دا و لەمەڕ ئازادیی بیرورا دەربڕین، دژ کردەوەی نواند. رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون لە بەیاننامەکەی دا وێڕای پێداگرتن لە لەسەر ئەوە کە ئازادیی بیرورا دەربڕین، بەرپرسایەتیی لەگەلْ دایە، بلاوبوونەوەی کاریکاتورەکانی بە جۆرێك "دەربڕینی نەفرەت" لەسەر بناغەی ئایینی ناو برد و رای گەیاند ئەم جۆرە تەبلیغاتە دەبێ لە هەموو ولاتاندا بە ناقانوونی رابگەیەندرێ. رێکخراوی نێونەتەوەیی لێخۆشبوون هەر لەو کاتەدا خۆپێشاندانی تێکەلْ بە توند و تیژی بەدژی ئەم کاریکاتورانەشی سەرکۆنە کرد و داوای لە هەموو بەرپرسانی پێوەندیدار کرد بە سەرنجدان بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، بۆ هێمن کردنەوەی گرژی‌یەکان تێ بکۆشن. ایران امروز

## مرواریی دەریای وش+ە

کەسێك داهاتووبین نەبێ، تووشی مەترسیی نزیك دەبێ.

داهاتووبینی، کلیلی پێش بینی‌و بەرگری‌یە.

ئەگەر خەلْك نەمناسن، پێی دلْتەنگ نابم، بەلام ئەگەر من ئەوان نەناسم خەمین‌و دلْتەنگ دەبم.

هەرچی لەدەمت بێتەدەر، من بەهۆی ئەوەوە هەلْت دەسەنگێنم.

کەسێك کە دەیەوێ بەختیاریی کەسانی دیکە لەنێو ببا، بێگومان بەختیاریی خۆی پێشتر لەنێو چووە.

کونفۆسیوس

سەرچاوە:

کتێبی "هفده داستان کوتاه کوتاه"

وەرگێڕان بۆ کوردی ب: هیوا

## چیرۆکی ئەمجارە

### فرمێسکەکانی دایکێك

مندالْەکە لە دایکی پرسی: "بۆچی دەگرێ؟"

دایکی وەلامی دایەوە "چونکە دایکم."

مندالْەکە گوتی: "تێ‌ناگەم"

دایکی باوەشی پێداکردو گوتی: " قەت تێ‌ناگەی. . . "

مندالْەکە لە بابی پرسی بۆچی دایکی لە هیچ‌و خۆڕایی دەگری. تەنیا وەلامێکی کە بابی هەیبوو ئەوە بوو: "دایك هەروان."

مندالْەکە بڕیاری‌دا ئەم پرسیارە لە خودا بکا: "خودایە بۆچی دایکان ئاوا سووك‌و هاسان دەگرین"؟

خودا وەلامی دایەوە: "کوڕی خۆم، من دەبوایە دایکانم وەك بوونەوەرێکی تایبەتی خولْقاندبا. من شانێکی وام پێداون کە توانای هەلْگرتنی باری قورسی ژیانیان هەبێ، لەگەلْ ئەمەشدا هێمن‌و دلۆڤان بن. من هێزێکی وام داوە پێیان کە توانای مندالْبوونیان هەبێ. هێزێکی ئەوتۆم داونێ تەنانەت ئەو کاتانەش کە کەسوکاریان بە جێیان دێلْن، توانای درێژەدانی رێیان هەبێ. توانای چاوەدێریی بنەمالْە لە کاتی نەخۆشی‌دا، بێ‌ئەوەی پرتەو بۆلْەیان بێت. من فێری خۆشویستنی مندالانیانم کردوون، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ئەم مندالانەیان لەگەلْیان زۆر خراپ دەبن.

دیارە فرمێسکیشم پێ‌داون، بۆ ئەو کاتانەی پێویستیان دەبێ."

## بەر لەمالاوایی

## "بەر لە سلاو" "بەرلەمالاوایی"

**ئەمجاریش ئەم ستوونە تەرخان دەکەم بۆ بیروڕای خوێنەران لە بارەی نێوەرۆکی نووسینەکانی ئەم ستوونەوە. حەزم دەکرد خوێنەران‌و ئۆگرانی "بەرلە مالاوایی" زیاتر کەم‌و کووڕی‌یەکانی ئەم ستوونەو رەخنەکانی خۆیان بۆ دەستنیشان کردبام. بەلام ئەو بەڕێزانە تەنیا لە "نیوەی پڕی پەرداخەکە" دواون کە لەهەر حالْدا سوپاسیان دەکەم:**

ع وریا

qaderwirya@yahoo.com

هەر رۆژنامەو بلاوکراوەیەك بۆ کۆکردنەوەی خوێنەرو وەلامدانەوە بە پێویستی‌یەکانی خوێنەر، خاوەنی هێندێك گۆشەی تایبەتە کە لەودا بابەتە جۆراوجۆرەکان بە پێی پێویستی‌و ئاستی نێونجی ویستی خوێنەران دەخرێتە بەرباس‌و گفتوگو. لە سەدەی راگەیاندا ئەم شێوازە بە تایبەت لە چوارچێوەی گرێدانی خوێنەران بەیەکەوەو پێکهێنانی کۆمەلْگەیەکی پێناسەکراو، بوونی ستوون یان بەشی تایبەتی، پێویستیی خۆی زۆرتر دەردەخات. لە کاتی زۆربوونی سەرچاوەی راگەیاندن‌و زانیاری‌و دۆزینەوەی زمانی هاوبەش بۆ لێکدانەوەی پرسە جۆراوجۆرەکان‌و هێنانەبەرباسی رۆژەڤی کێشە سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌یەکان یەکێك لە "چالش"ە هەرە قورسەکانی رۆژنامەوانی‌یە. بۆیە بە بڕوای من، ستوونی "بەرلەمالاوایی" بەشێك لەو ئەرکە بەجێ دەگەیەنێ‌و دسپێکێکی باشە بۆکردنەوەی ستوون‌و بەشی جۆراوجۆر لە پانتایی رۆژنامەی "کوردستان"دا.

**مەجید حەقی ـ فینلاند**

حەزدەکەم وەك خوێنەرێك بۆچوونی خۆم بنووسم. کورد گوتەنی ئەو ستوونە پارووە خۆشەی رۆژنامەکەیە. پێم وایە زۆربەی خوێنەرانی "کوردستان" یەکەم بابەت ئەو ستوونە دەخوێننەوە. بەو قەرارە بە بڕوای من دەکرێ لە جیاتی "بەرلەمالاوایی" "بەرلە سلاو"یش بێت. ئەو شێوازەی لەو ستوونەدا پێی دەنووسرێ زۆر سەرکەوتوو بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سادق بوونی نووسەر لەگەلْ خوێنەران‌و هەلْبژاردنی دروستی سووژەو زۆر لایەنیتر. لێرەدا بەبڕوای من دەستەی نووسەرانی "کوردستان" دەتوانێ پتر لەو شێوازە کەلْك وەربگرێت. چونکە جوابی داوەتەوە. بەلام سەبارەت بە ئیراداتی ئەو بەشە دەتوانم بلْێم وەك تەواوی لاپەڕەکانی "کوردستان"، "خەبات"، "کوردستانی نوێ"و. . . ئیرادی ئەسلْیان ئەوەیە زۆربەی هەولْی قەلْەم بەدەستان تەفسیری "محسنات"و تەوجیهی "معایب"ە. پێم وایە لە ئیمەیلێکیش‌دا لەوە زیاتر ناگونجێ باسی ئەو ستوونە بکەین.

**خەبات رەسوولْی، هەولێر، ٨ی فیوریەی ٢٠٠٦**

من پێم وایە ستوونی "بەرلەمالاوایی" لاپەڕەی "کوردستان"ی رازاندۆتەوە. چونکە ستوونی "بەرلەمالاوایی" بێ ئەوەی زۆر خۆی بە بابەتەکانی رۆژنامەکە ببەستێتەوە بابەتی هەمەجۆری تێدایە، دەچێتە ناو هەموو کەلێن‌و قوژبنێکی رووداوەکانی رۆژانەو تەنانەت بیرەوەریی خۆش‌و ناخۆشی رابردوو، کە رەنگە "کوردستان" نەتوانێ ئەو ئەرکە یان بلێین ئەو بابەتە بلاوبکاتەوە. هەر کات کە ستوونی "بەرلەمالاوایی" دەبینین هەست بەوە ناکرێ کە لە خوێندنەوەی "کوردستان" تەواو بووی. [ئەگەرچی ناوی]بەرلە مالاوایی‌یە، بەلام چونکە تام‌و چێژێکی خۆشی هەیە، چاوەڕێی ژمارەی داهاتوو دەکەی.

**هەڤالْ ـ سوئێد ١٢ی فێوریەی ٢٠٠٦**

ستوونی "بەرلەمالاوایی" ئەو ستوونەیە کە من زۆرجاران بەر لە سەروتاری رۆژنامە دەیخوێنمەوە. بە دوو دەلیل. یەکەم، زمانی نووسینی تێکەلاوێکە لە زمانێکی ئەدەبی‌و شاعیرانە. دووهەم، هێندێك روانگەی سەربەخۆی رۆژنامەنووسیی تێدا دەبینم کە وێڕای پاراستنی چوارچێوەی سیاسیی حیزب هێندێك حەقیقەت باس دەکا کە رەنگبێ "کوردستان" وەك ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزب نەتوانێ باسی بکات. . .

من پێشنیار دەکەم ئەو ستوونە زیاتر ببێتە ستوونی قەلْەمی ئازادو لانی کەم رێگا بدرێ تۆزقالێك زیاتر رەخنەگرانە بڕوانێتە رووداوەکان.

**برایم جەهانگیری ـ تورکیە، ٢٠٠٦/٢/٨**

لە پێشدا بەبۆنەی تێپەڕکردنی سەدەمین بابەتی ستوونی "بەرلەمالاوایی" پیرۆزبایی لە ع. وریاو خوێنەرانی ئەو ستوونەو رۆژنامەی "کوردستان" دەکەم. هەرکاتێك ژمارەی تازەی "کوردستان" دێتە سەر ئینترنێت، یەکسەر دەچمە لاپەڕەی ئاخیر بۆ ئەوەی ستوونی "بەرلەمالاوایی" بخوێنمەوە. ئەگەر چاوێك بە ئارشیوی رۆژنامەی "کوردستان"دا بخشێنین دەبینین کە ستوونی "بەرلەمالاوایی" ستوونێك بووە کە هەموو چەشنە نووسینێك (عاتیفی، سیاسی، ئەدەبی، و هتد)ی لەخۆ گرتوە. بەبڕوای من هەر ئەو فرەچەشنی‌یە لەم ستوونەدا بۆتە هۆی ئەوە کە ئۆگرو خوێنەری زۆر بن. ئێمە لە هەندەران کەمێك دلْناسك بووین. زۆرجار بە خوێندنەوەی ئەم ستوونە گریاوم، زۆرجار خۆشحالْ بووم‌و زۆر جار زانیاریی ئەدەبی‌و مێژوویی‌یم وەرگرتوە. بە کورتی کاریگەریی خۆی لەسەر منی خوێنەر داناوە . . . هیوادارم ستوونی "بەرلەمالاوایی" هەر بەردەوام‌و سەرکەوتوو بێ.

**عەلی لالە ـ نورویژ، ٢٠٠٦/٢/١٣**

ئەم ستوونە یەکێك لە باشترین بەشەکانی رۆژنامەیە. بەش بەحالْی خۆم هەمیشە لەپێش‌دا سەیری ئەم ستوونە دەکەم. هیوادارم هەر بەردەوام بێ.

**سەلاح پوورئەسەد ـ ئوستورالیا ٢٠٠٦/٢/٧**

ستوونی "بەرلەمالاوایی"م دووجار خوێندۆتەوە. جارێك سەبارەت بە مامۆستا مەلا رەحمانی لاهیجانی [بوو] کە زۆر جوان نووسرا بوو. . . جارێکیش سەبارەت بە کۆچی دوایی نووسەرێکی کوردستان [مامۆستا شوکور مستەفا]کە لەسەردێڕەکەی‌دا "سەرچۆپی کێشی رەشبەلْەکی سەر چیای ئاگری" هاتبوو. بە گشتی پێم وایە ئەو ستوونە بەکەلْکە. هیوادارم لەو کارەدا بەردەوام بی‌و [ئەم ستوونە]لەوەش سەرکەوتووتر بێ.

**سامڕەند ـ نوروێژ، ٩ی فیویەی ٢٠٠٦**